Published on Internet by Dengekurd.com 2001

# ڕیشەی قورئان

پێش کەشەبەنەمر عبدالخالق مەعروف.
تەها حەمە حەمەئەمین هەڵەدنی .

پێشەکی

خوێنەری هێژا:
ئەوەی ڕاستی بێ بەهۆی سەرقاڵیمەوە' بەکێشەی نەخۆشیە دەرونیەکانی دەست کردی سیستەمی سەرمایەداری' قەت باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان دەست بدەمە پێنووس و لەسەر ئاین بنوسم . بەتایبەتی ئایینی ئیسلام. هەرچەندە کاتی خۆی لە فێرگەیەکی سویدی وەکو وانە وانەیەکی ئایینم هەڵبژاردبوو.لە گەڵ دوو وانەی دەروننناسی چونکە ئەو دووڕشتەتەواوکەری یەکترن بۆ تێگەشتنی باشتر لەئاین. هەروەها بیرکردنەوەی تاکەکەس و کۆمەڵ لە دەوروبەرەکەی خۆی . چونکە باوەڕم وابوو کە دەبێ کونەپارێزان لەپێشدا بنە بڕکرێن'یان زەمینە سازبێ

بۆ لەناوچوونیان.هەروەها کۆمەڵیش ووشیاری پەیدا کا،تا زەمینە سازنەبێ، دوان لەوبارەوە بێ بەرهەمە. ئێستاش کۆمەڵگاکەمان ژمارەیەکی بەرجەستەی خوێندەوارەو، مارتن لوتەری کەمە،سەرچاوەی نیە! سەردەمێکیشە مل ملانێمە لەگەڵ ڕستەکانی ناو قورئان. دەمێکیش بوو وەڵامی بەزیندومانی قورئانم تا ئەم چەرخەمان دەست نەدەکەوت . لە ڕاستیدا وام دەزانی کە تەنها کەمی ووشیاریە هۆکاری زیندومانی ئیسلام . بەڵام ئێستا گەشتمە ئەنجامێ کە تەنهاو تەنها ئیمپریالیزمە هۆکاری سەرەکی زیندوومانی ئیسلام . کە ڕێگری ووشیار بوونەوەی گەلانی ئیسلامە. وەک دەزانین ئیمپریالیزم توانی سیمای هەندێ وولاتت بگۆڕیی چونکە ویستی.بەڵام چونکە نەیویست مێشکە لاوازەکەیانی وەک خۆی هێلایەوە!

بیستومانە کەشتیەوانێ کە گەشتۆتە سەرمانک ،یان پلانێتەمانیتر، پێیوتراوە کە لەوێ ڕایگەیەنێ کە خوایەک هەیە.تا بازرگانانی خوێنی لە سەرپێ بیکەنەهەرا لە ڕەشوو ڕووت.

ئەوەشی وای لێکردم کەئەم پەڕتوکە بنوسم چونکە خوێندەواری کورد فاکتەری ڕشتەی ئاینی یان شیکردنەوەی زۆرکەمە یان نیەتی تا بتوانێ توێژینەوە لەسە قورئان ئەنجام بدات یان بەزمانەکەی خۆی لە خودی قورئان تێبگا کە قورئان چی ئەڵێ.ئەو گەلانەی کە بوونەتە موسڵمان بە تایبەتت گەلانی ئەورووپی وەک بۆسنەیی یان ئەلبانی کەسەکانیان ئەوانەی لە قورئان تێدەگەن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن!ئەلبانی یان بۆسنەی یەک ووشە چیە لە قورئان تێناگەن،خۆشیان لەسەر ئیسلام دەدەن بەکوشت!

لەبەر ئەوەی ژنانی ئەورووپای کەمێک بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەشتوون بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین کەهیچ کام لە ژنانی ئەورووپای ئایەی34 سورەی النساء بپەرژێنێ کە ئەڵێ(پیاوان کارسازو سەرپەرشتی ژنانن).بۆ ئەم مەبەستەش پرسووڕام لە چەند ژنی موسڵمانی ئەورووپی کردوە کە ئایا دەکرێ مافی پیاو زیاتر بێ لە ئافرەتت؟سەرجەم ووتویانە: کە ئافرەتت مافی زیاتری ڕەوایە تا پیاو. چونکە ئافرەتت لە دەرەوەو ماڵەوەش کاردەکا.

ئەی ئەگەر قورئان وابڵێ چی ئەڵێ؟

: نەخێر قورئان وا ناڵیی!

نەپەژاردنی ڕاستیتی جگە لە مێشک شۆردن یان مێشک جام بوون شتێدی نیە مەبەستمە کە ڕایگەیەنم کەهێشتا زۆرینەی هەرە زۆری گەلان لە ناوەڕۆکی قورئان تێنەگەشتوون!!

پرانی خوێندکارانیش هەرکاتێ ویستبێتیان بۆسەرچاوەیەبگەڕێن ئەوا بەناچاری پەنایان بردوە بۆسەرچاوەی بێگانە . هەرچیش هەیە ، بەتایبەت ئەوانەی من بەرچاوم کەوتون زۆربەی هەرەزۆریان دوورن لە ڕاستیەوەو، خوێندەوار چەواشە دەکەن .

هـەروەها شیکردنەوەیەکی دروست ئەنجام نەدراوە لە ناوەرۆکی خودی قورئان . هەرچـیش دەسـتی داوەتـە نوسـین تـێی داوە بـەناڕەوا . مەبەسـت لێکۆڵـینەوە بەزمانـی کوردیـە . دەنـا بەزمانەکانـیتر سـەدەها پـەرتوکیان لەسـەر نوسیوە بۆ نمونـە فارسـەکان سـەدەها لێکۆڵـینەوەی دروستیان ئەنجامداوە.هەر لە سەدەی دەوەمـی هاتنـی ئیسلامەوە ڕۆشنبیران لێی ڕاپەڕین.گەلی کوردیش پاڵەوانانە لە تالآنکـەران ڕاپـەڕین٬بەرگـری مەردانەیانکـرد.بـەڵام کـە زۆرهـات قەواڵەبەتاڵـە .هەرلەبەرئەو بەرگریەبووە کـە سەعدی کوڕی ئەبووەقاس 12 هەزار کوردی دیلـی سـەربڕێ لەشاری گورگان.اسلامناسی میر فەردۆسی.شاعیرانی کۆنی کورد وەک سکاڵا ئەم پارچە شیعرەیان بۆ بە جێهێڵاوین.

مزگەوتەکانیان ڕوخاند و ئاگرەکانیان کوژاندەوە

پیاوە گەورەکان خۆیان شاردەوە

عارەبە زۆردارەکان کاولیان کرد

لەبناری پالەوە هەتا شارەزوور

ژن و کچەکانیان بەدیلی بردن

کوڕی ئازاش لە خوێنا تلایەوە

ڕەوشتی زەردەشت بێکەس مایەوە

ئیتر هورمز بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.

ئـەم پـارچە شـیعرە 1929 لەشـارەزوور دۆزراوەتەوە کـە بەدایلەکتـی کـوردی هەورامـی نووسـراوە٬لەسـەر پـارچە هەمـبانە.مـێژووی وێـژەی کـورد سـدیق بۆرەکەیی.

پاشـانیش مـرۆڤ ناتوانـی لـە ئیسـلامێک بپرسـێ بـۆ ؟ چونکـە بازرگانانـی خوێـن باشـتر لەنهێنـی مەکـە ٬ گەشـتون ٬وەڵامی بۆکەیان پێیە ! بەڵام دەیشارنەوە .جا هـەر بـۆت ئاراسـتە کـردن. ئەوان خەنجەر یان دەمانچەتت لێ ڕادەکێشن ! لەبەر ئەوەی دەیانـەوێ و٬ هەمیشـەش خواسـتیان بـووە .کە مرۆڤ وەک کەری ناعور ڕاسـت و چەپـی هـەردووچاوی داپۆشـرێ٬ نەبینـێ ٬ نەبیسـتێ ! ئـەوان دەیانەوێ تـازە تـازە هـەرچـی ووتـرا بڵێـی ڕاسـت دەبێژی مـیرم ٬ ئـەرێ ئەزبەنی! مرۆڤیان گەیاندۆتـە ئاسـتێ جامـی ژەریـان بدرێـتە دەسـت هەڵیقوڕێنن٬ بە بێ ئەوەی بـزانن چـی تێدایە٬دەروێش ئاسایی. بۆیە ئەڵێن قوڵ ڕوانینـنە مەزهـەب ٬ بەرەو کفـرمان دەبـبات . واتـا نابێ لەسەری بڕۆین ٬خۆ پارێز بە... دووربە لە ڕەخنە. هەرچـی حامورابـی ٬ هـەرقل ٬ پاشـای عـاد٬ یان سەمود ووتویانە دەبێ بدەین بە مـلماندا ٬ بڵێـین ئـەز بەنـی ڕاسـت دەبێژی. عادوسـەمود٬دوو تـیرەی کـوردن کـە قورئان ناوی بردون.نیاکان کورد ٬ ج مفرد.

لەڕوانگـەی فەلسـەفەی ئیسـلامیەوە گوناهـە لەشـت بکۆڵرێـتەوە . چونکـە کەلەوەری دیگماگۆگیان ئاوەڵادەکا. بۆیە ئیسلام ئەو دەرگایەی لێداخستوین ٬ دەبێ هەمیشەچاوەڕوانبین گەر خوا ویستی انشاء الله دەنا ناکرێ.دەبێ پابەندی

دەستورەکانی پێشوترمان بین .لە دیدگای محەمەدەوە سەرەک خێڵەکان نوێنەری خوان ،چونکە 124000 سەرەک خێڵیان بە پەیانبەر ژماردوە . چ جیاوازیە نی یە لەنێوان سەرەک خێڵی عادو پەیامنبەرێکدا . هەمیشەش ڕابەرە ئاینیەکان تەواوکەری سەرجەمی تاوانەکانن.
ئەو کەسانەش کە گوێ ڕادەدیرن ، ئەوانە بەڕێوەن ، بۆ بە تاڵ کردنی چپسی مێشکیان لە پۆخڵێتی مەزهەب .بۆ ئەوەی چپسەکە زووتر فۆرماتیرەکەن .
بۆیە پێویستم زانی کەدەبێ خوێندەواری کوردیش بێبەش نەبێ لەم ڕشتە . چونکەوا 1420 ساڵە ئەم باوەڕە بەتەواوی نەشوونمای کردووەو ڕەگی خۆی داکوتاوەتە تەواوی دامەزراوە کۆمەڵایەتیووئابووریوو ڕامیاریەکانمان بەتایبەتت چینە ڕەشووڕوتەکەمان. بەبێ ئەوەی ڕەشووڕوت بزانێ ئەم باوەڕە لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە ، چۆن سەری هەڵداوە ؟؟ کە هەر هەمیشەش چەوساوەکانن بونەتە قوربانی لایەنە نەگەتیفەکەی ئەم باوەڕە .گەر سەرنجێکی سەراپای نەمامی باڵای (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریەکەی، نەمر عبدوالخالق مەعروف ) بدەین . دەبینین کە دژایەتی قورئانی نەکردوە ، سوکایەتی بە ئیسلام نەکردوە. تەنهاو تەنها نەمر چەند پەیڤینێکی محەمەدی کردۆتە کوردی هەرچەند هەندێکیان ناونراون ئایە، ئایەش لە کوردی فەیلیو پەهلوییەوە سەرچاوەی گرتوە واتای هاتنە.پەهلەوەیش فەیللیە نەک فەیللی پەهلەوی بێ . بەبۆچوونی د.جەمال نەبەز. مەبەستمە کەڕەشوڕوتی کورد زمان باشتر لە ئیسلام بگەن .
هەرچەند ئیسلام هیچی پێنیە بۆ ڕەشوڕوت !نمونە (سورەی احزاب ئایەی 37 ، فیٖنفسك ما الله مبديه وتخشى الناس والله احق ان تخشيه فلما قظى زيد منها و طراً زوجنا كها لكي لايكون على المؤمنون حرج في زواج ادعياءهم اذا قضوا منهن و طراً وكان الله مفعولاً .) واتا کە شتێک لێی دەترسی ولە خەڵکی دەشاریەوە. خوا ڕەوا ترە لێی بترسی، بە زەید ئەڵێی ژنی خۆت بۆخۆت هەڵگرە . کەچی ژنی زەیدت دەوێ، کاری خوا ئەنجامدە تا ئەوڕەوشتەی لای خەڵک ئاسایی بێ . ئەبێ زەید کێ بێ وا هێندە گرنگە خوا بۆمان باسبکا!؟ وا چواردە سەدە تێپەڕی بەسەر مردنی زەیدا ! دەبێ چ فەلسەفەیە لە پشت ڕوداوی زەیدەوەبێ ؟ بڵێی محەمەد ویستبێتی بەو کارەی پابەندما نکا کە دەست لە خۆشەویستی خۆمان هەڵگرین بۆ سەردارو سوڵتان ؟ یان تەنها وێنەیەک لە حەزەبۆگەنەکانی دەرونی خۆیوو ڕۆژگارەکەیانیان دەکاتە بەڵگەیە بە وێنەی ڕەشی چەوسانەوە بۆمان ؟ کە مرۆڤ لە ئاستیکدا دەژیا قایل بوو. بە ستەم ، چەوسانەوە . بۆیە زەید دەستی لە ژنەکەی خۆی هەڵگرد بۆ محەمەد . گەر لەڕووی مرۆڤایەتیەوە سەرنج دەین زەید مرۆڤێکی چەوساوەی دەستی ڕۆژە ڕەشەکانی مێژووە .زەیدیش مرۆڤێک بوو وەک محەمەد . بەڵام تاوانبار نیە وەک محەمەد. زەیدێکی نەخوێندەواری کۆیلە، گەر تاوانیشی کردبێ محەمەد پەمپی داوە . زەید کۆیلەی خەدیجە بوو . کە هەردوو زارۆکانی محەمەد دەمرن . عەلی کوڕی تالب ، زەیدی کوڕی حارس

کەکۆیلـەی خەدیجەیـە دەکاتـە زارۆی خـۆی تـا ئازارەکانـی دەرونـی خـۆی پـێ دامرکێنـێ . هـەروەها پاشـان زەینەبی ئامۆزای لـێ مـارە دەکا . کاتێ زەینەب و عـەبدولای بـرای قـایل نـابن . پاشـان بـە ئایـە هەڕەشـە لـە زەینـەبو عـەبدولا کـە ئەوکارە ئەنجابدەن . پاشـان محەمـەد حـەز لـە زەینەبیش دەکا. بەلام محەمەد شـەرم دەکـا لەخـەڵک کـە زەیـنەب مارەکـا . چونکـە کردویەتـیەزارۆی خـۆی. بە ناچـار بەئایەتـە شەرمەزاری خۆی لای خەڵک دەشکێنێ' خەڵکیش لە خشتەدەبا. جا ئەگـەر تەبـەری یـان جەلالـی نـەبانا...هـتد لـەکوێوە بمانزانیـبا ئەو سورەی سـەرەوە چـی دەگیەنێ !؟ هـەروەها زۆربـەمان بیستوومانە کە گوتراوە قورئان کـەم کـەس لێـی تێدەگا ! هـەروەها گوایـە قورئـان هێـندە چـڕوو هونەریانـە نوسـراوەبە پێـی دەهـۆڵ ژەنانی بازرگانانـی خوێـن و'کۆنەپـارێزان ! تاڕادەیـە ئـەوە ڕاسـتە گـەر لێکدانەوەکانـی تەبـەری یـان ئەوانـی تر لەبەردەستا نەبێ . بـەلام ڕەوانـیە کـە ئەڵـێن وەرناگـێڕدێت. مەبەسـت لـە وەرنەگێرانـی قورئـان بـە زمانـە جیاجیاکان تەنها لـە ناوبردنـی زمانەکانـیترە و زاڵـبوون و کەڵەگایەتـی زمانی عەرەبیە بەسەرزمانەکانیتردا!

تەنهاو تەنها کنز السانی شێخ ئەحمەدی گڵە زەردە لەو چێوەو کلێشەی کەخۆی دایـناوە وەرناگێڕدرێ .چونکە هەمان بەرهەم هەمان پەڕتووک بە چوار زمانوو 12 شـێوە دەخوێنرێتەوە . گەر وەرگێڕدرێ ئەوا کێشە شیعریەکەی لەناو دەچێ ' هـەروەها ئەوچـێوە کـە خـۆی دایڕشـتووە لـەناو دەچـێ . بەڕاسـتی گـێژ کەرە بەرهەمـێ بـە چـوار زمـان 12 شـێوە بخوێندرێتـەوە . بـەلام بەداخێکی گرانەوە بەزمانـی عەرەبـی نوسـیویە . عـەرەب یارمەتـی تـۆڕەی نـاوێ خۆیـان نوسـەری بـەتواناـیان زۆرە! ئـێمەی کـورد نوسـەروبەرهەمان کەمـە' ئـێمە پێویسـتمانە یارمەتـیمان درێ! ئەگـێـنا دەتوانـرێ ئـەویش وەگـێڕدرێ . قورئـان بەبـێ گیرووگـرفت وەردەگـێڕدرێ. (سورەی مسد ئایەی 1تا 5 ' تبت يدا ابي لهب وتب ما اغنى عنه ماله وما كسب. سيصلي ناراً ذات لهب .وامراة حمالة حطب .في جيدها حبل من مسد .) دەبـێ چ فەلسەفەیەکی تێدا بێ ؟کە ئەڵێن قورئان پەیڤینی خوایە . لێرەدا دەگەیەنێ کە خوا دوعا لە باوکی لەهەب دەکا ' کە دەستی بەبڕین چێ . بەزویی دەکەوێـتە نـاو ئاگری بلێسـەدار . ژنەکەشـی دار کێشـە ' تەنافـی خورمای لە مل دایـە . خـوای بـەتوانا وزانـا دوعـا دەکـا ! ئەوڕستەی لەدارا دوودارى دووری دی ئاسـانترووڕەوانترن . زۆربەی ئایەکانن ' لەوەش کۆلانیترن. دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەبوو لەهەب مامی محەمەدەو ناوبراو ئازاری زۆری محەمەدی داوەو دەیـووت کــە محەمــەد ڕاســتناکا .پـێغەمبەری چـی و قورئانــی چــی؟ لەزۆرجــێگادا ڕســتەکانی قورئــان ناوبــازاڕین زیاتــریش لــە شــەڕەجتێوی چەقۆکێشەکانی ناو کۆلانەکان دەچن ( مثل الذين حملوا التورات ثم لم يحملوها كمثل حمــار... (سـورەی الجمعە ئایەی 4 ' واتە : نمونەی ئەوانەی تەوراتیان پێسپـردراوەو کـاری پێـناکەن وەک گوێدرێـژن ) هێـندە نـا کلـتورانە دەڕواتیتە

مرۆڤ، مرۆڤی لەدیدگایدا بۆتە گوێدرێژ . ئیتر کوا فەلسەفەی قورئان کە مرۆڤ لێی تینەگا ؟؟.لەوەش نەگونجاوتر ( سورەی المدسر ئایەی 50 کـأنهم حـمارٌ مستنفرة) واتە : وەک کەری کێوین (وحشی)) ئاشکرایە کە بە مرۆڤ ئەڵێ .لەناو سەرجەمی نەتەوەکانی گەردووندا کەر بێ مێشکترین گیانلەبەرەو بەسووکی تەماشاکراوە.مرۆڤە سپلەکان،بێ مێشکەکانیش شۆڤێنیستەکانیش هەروەها. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕستەگەلێ بەدی دەکرێ کە لە شیعری هاوچەرخمان بچێ (سورەی لوقمان ئایەی 27 ، ولو آنما في الارض من شجرةٍ آقلمَ والبحر يمدهَ من بعده سبعة آبحر مانفذت كلمات آلله ان الله عريز حكيم. واتە گەر درەختەکانی گەردوون بکرێنە پێنووس دەریاش ئاوێتەی نووسین (مرەکەب) بەشی ووشە کانی خوا ناکەن) منیش لەدەستم دەرچوو و ووتم:

گەر دەریاکان ببنە ئاوێتەی نووسینموو و
ئاسمانیش پەڕاوی یادگارم
ئنجا بەشی تۆماری ژانەکانم ناکەن!

وەک زۆربەمان دەزانین لەو سەردەمەدا لە بازاڕی عوکازدا شەڕە شیعر کراوە.کێ چوزانێ ئەو ئایەی سەرەوە شیعری شاعیرێکی کە نەبوە؟ ئەمە ڕاستیوڕەوای قورئانە . جابا دەریایە ووشەی بێ نرخی بۆ لە کەژاوەکرێ.

لەسەرەتای ئەم چەرخەمانەوە مرۆڤایەتی ویستی سنوورێ بۆ پێشێلیەکانی مافەکانی مرۆڤ دانێ . خوێندا، ماڵیدا بۆچەسپاندنی ئەو ئاواتەی کەلەڕوسیاوە ئەو چرایە بڵێسەی ستاندو دەروونی چاووچنۆکانی ڕەشترکردەوە ،جا گەر مرۆڤایەتی خۆی شایستەی چرای سەرفرازی نەبوو؟ یان ئامادەی نەبوو؟ تیکەیەکی گەورەبوو بۆی قووت نەدرا . ئەوا هیوا هێشتا ژیلەمۆیە !!؟؟ بیستمان ئەڵقە لە گوێکانی ئیمپریالیزم لە تەواوی جیهاندا لێیان ڕاپەڕین وکردیانە هەرا ،گوایە لە سۆڤیەت سواری خوشکی خۆیان دەبن! ئەوەش وەرگێڕانی ئاوەژۆی بیردۆزەکانی مارکیسزم بوو کە دەیووت ڕەنجی شانی کرێکار بۆ کرێکار نەک بۆ مل هوڕێکی سەرمایەدار.یەکێتی سۆڤیەت کە بە سێبەری سۆسیالیستیا تیدەپەڕی سۆسزانچێیتی تابوو بوو . ئامۆزامارەکردن تابوو بوو . بۆتە دابیش ئامۆزا وەک خوشکو برا تەماشا دەکرێ. کەچی لە بازاڕی سەرمایەداریشدا ڕەوشت بە سەدەها شێوە دەفرۆشرێ . بەڵکو بازاڕی سۆزانچێتی لەگشت بازاڕەکان ڕەواجیزیاترە! وەک کاریش تەماشا دەکرێ، سەرانەو باجی لێدەسەنرێ . بەڵام مەلاکان ، شێخەکان، کاسە لێسەکان گلەیشیان نەکرد!

سەرەتای 70کان نەمر محمود حەسەن ژاڵەناوی کادرێکی وشیارو جەسوری چەوساوەکان، هەستی بەسەختی ئازاری جوتیاران کردبوو. مژدەی دابووە هەژارانی ناوچەی ئەوبەری سیروانی بەرانبەر شارۆچکەی دەربەندیخان کە گوایە : لە ماوەیەکی کورتدا تراکتۆر دێتە ناوچەکەیان ، هەروەک ئۆتۆمبیل

وایە بەلام چەرخەکانی زنجیرە ‘ دەتوانێ زەوی بکێڵێ‘ئیتر لەکۆڵ گاجووت دەبینەوەو زەوی کێڵان ئاسان دەبێ. بەلام زۆری نەخایاند کۆنەپەرستانی ناوچەکە لێیان کردە هەراو جوتیارەکانیان کرد بەگژ شەهید مەحمود حەسەندا ‘ کە راست ناکاو شتی وا نابێ ؟ چەوا دەکرێ ئاسن زەوی بکێڵێ ؟ وەک کفریش بانگەشەی بۆکرا. ببوە بێیشتە خۆشەی دەمی خەڵکیش ‘بە تانەوە دەیان ووت (تایەکەی ئاسنە ) پاشان کە حشع پەیمانی ڕێکەوتنی لەگەڵ بەعسدا مۆرکرد . (کێشەکەی تایەکەی ئاسنە ) شێوەیەتری وەرگرتتو نەبڕایەوە .تارۆژی شەهید خۆی لەکەسێکی پرسی : ئەرێ تایەکەی ئاسنە چ دەگەیەنێ ؟ پرسیارلێکراو ووتبووی دەگەیەنێ کە حشع جاشە. شەهید محمود حەسەن بەدەستی کۆمەڵێ چەتە شەهید کرا .

هەروەها لە 30 کان 40 کان ئاغاکان کە سورانەیان لە ئاسمانو ڕیسمان دەستاند ‘ سورانەیان بۆ ژنهێنانیش دانابوو. هەرکەس ژنی مارە بڕیایە دەبوو یەکەم شەو ئاغای قوڕم ساغ بوکی بکردایە بەژن ئاغا سوری کردایە . مەلاکان نەک دژی ئەو ناڕەوایە نەوەستان بەڵکوو مامە حەمیان کرد‘ تا ئەوانیش شتێکیان بەرکەوێ . قەشەکانیش کاتێ نامەی لێبووردنی گوناهیان دەفرۆشتە ڕەشوورووتی ئەوروپا تا بەو نامانەی قەشەکان لێبووردنی خوا بکڕن‘زۆربەی جاران قەشەکان لە جیاتی پارە داوای کچی لێبووردنکڕیان دەکردتا مانگێ یان زیاتر لای قەشە بن تا سواری بێ! ئەو کارە نەفرەت لێکراوەی ئاغاکان هەولێرو قەلادزێو چواردەوری گرتبۆوە . بۆیە خەڵکی ئەوناوچانە زۆریان لەیەک دەچن . پاشان کەخاوەن کارگەکان شەکری کلۆیان گەیاندە ئێران . یەکەمجار چونە بن کلێشەی مەلاکانەوە بۆ فرۆشتنی باشتر ‘ مەلاش دوعای بەسەردا خوێندوو پیرۆزیکرد . پاشان خاوەن کارگەکان دیتیان شەکر باش دەڕوا وەک کاری هەمیشەیان پەشیمان بونەوەو پارەی مەلایان بڕی . باوەڕیان وابوو کە ئیتر خەڵکیان فێرکردوەو ناتوانن وازی لێبهێنن ‘ ئیتر پێویست ناکا مووچەی مەلاکان بدەن. نەیان زانی مەلاکان سەرێکیان هەیەو هەزار سەودا. سەرچاوەی تەواوی لە خشتە بردن خۆیانن . مەلاکانیش وەک کەمتیار لێیان ڕاپەڕین ووتیان: ئەم شەکرە تابوە (حەرامە ) ‘ بۆمان دەرکەوتوە کە بەدەستی جوللەکە لە هندستان دروست دەکرێ . خەڵکی وازیان هێنا لە خواردنی شەکری کلۆ .! خاوەن فیرمەکان بەهەڵەداوان خۆیان گەیانەوە لای مەلاکان ووتیان : ئێمە کردمان ئێوەنەیکەن سۆز دەدەین مووچەی پڕترتان بدەینێ. مەلاکان ووتیان: گرنگ نیە . خاوەن کارگەکان ووتیان : باشە ئێوە جارێک تابوتان کرد ‘ ئەم جارە چۆن تابوەکە هەڵدەگرن ؟ مەلاکان ووتیان : ئەوە کاری ئێوە نیە. جارێکیکە مەلاکان بانگەوازیانکرد ‘کە ڕاستە ئەو شەکرە تابووە ‘ بەلام دەتوانرێ سوچێکی شەکرەکە بژەننە ناو چاکەتان پاشان بیخۆنەوە بەو شێوە لەشپیسی دەردەچێ ‘ تابوەکەی لە کاردەکەوێ‘ بۆیە ئێستاش زۆربەی خەڵک

شەکری کلۆ دەژەننە ناوچا !! هەروەها 500 ساڵێ زیاتر پێش ئەمڕۆ کڵێسا ، بە تایبەت ئەوروپی پارچە زەوی بەهەشتیان دەفرۆشت. وادەگەیەنێ هەرچەند گوناهبکربایە مرۆڤ دەیتوانی لێخۆش بونی خوا بکرێت بە پێی بڕیاری تێوان خواو کەشیشەکان. ئەو بڕیارەی خواو کەشیشەکان زەمینە خۆشکردتیبوو بۆ ئەنجامدانی تاوان .تا ئێستاش گۆڕی دەوڵەمەنەدکانی سویدی لە ناوکەنیسەکاندا ماون،چونکە کاتی پێشتر نەک پارچە زەوی بەهەشت بەڵکوو گۆڕی کەنیسەکانیش دەفرۆشرا ،تا لە خواوە نزیک. دەبنینین ئەمڕۆیمان لە ئەفریکا ، ئاسیا مرۆڤ لەبرسان دەمرن . هەرچەند ئەوەش دەسکردی پەنتاگۆنە . کەهەمیشە لەهەوڵدایەبۆبلاوکردنەوەی شەڕووشۆڕوو هەژاری دەستکرد! بویە نیانە نان بکرن .گەرچی ئەمڕۆمان تەکنیکو تەکنیکی بەرهەم ئەمڕۆ کەمتر گلەیی لێدەکرێ . ئای ئاخۆ 500 ساڵ پێشتر کەش چۆن بووبێ ؟؟ بەڵگە نەویستە 1000 جار خراپتر بووە . گەلانی ئەوروپا سەرەڕای ئەوەی بە کوللە مەرگیەی ژیاون، پلوس سەرانەو باجی ئاغاکان شتێکی دیاری وایان بۆنەماوەتەوە . بەلام لەگەڵ ئەوانەشدا کۆیان کردۆتەوەو پارچە زەویان پێکڕیوە . بەوهیوایەی لەودنیا تێر بخۆن. ئاشکراشە هەموو نەیان توانیوە ئەولێبوردنە بکڕن. ژمارەیەکی بیسنوور بەو داخەوە ماڵئاویان لەم جیهانە ستەماویە کردوە. تا مارتن لۆتەری ئەڵمانی لەدایک بوی ئایس لێبن ( 10.11.1483 مردنی18 .2 .1564 ) لێپەیدا دەبێ . لۆتەر تەواوی زەویەکانی دۆزەخ دەکرێو بەخەڵک ئەڵێ : ئەی خەڵکینە وامن سەرجەمی زەویەکانی دۆزەخم کریوە ئەوەش بەڵگەی کرینەکەمە، ئیتر ئێوە زەوی بەهەشت مەکرن ، چونکە من ڕێگەنادەم کەس بێتەلام دەچمە ژوورەوەو دەرگا دادەخەم. خواش چاری ناچارە بۆکوێتان بەری؟ دەبێ سەرجەمتان بباتە بەهەشت . هەرچەند تووشی زیندان وسزا بوو وازی نەهێناو ئەو بەلایەی لەکۆڵ گەلانی ئەوروپا کردەوە .

پاشان پاش نزیکەی 500 ساڵ تازە تازە لەکاتێکداکە لەدەرگای سەدەی تازەدەدرێ ، جارێکی کە مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوە . قەشە ئاسایی خومەینی پارچە زەوی بەهەشت فرۆشتنی دەستپێکردەوە .

بەلام بە پارەنا بە خوێن . بەگرانترین مەتریال بەڕاستی شەرمە بۆتەواوی مرۆڤایەتی ، هەست دەکەم ووشەکانیش شەرمەکەن بێنە سەر تەباری دێڕەکان . لەبیرەوەریەکانی کەریمی حیسامیدا خوێندمەوە کە پاسداران لە شەڕی دژی گەلی کوردا نامەیان بۆ دایکیانیان نوسیبوو ، لەنامە گیراوەکانیاندا .بەگریانەوە نوسیبویان ، دایەگیان هێشتا شەهید نەبوم تکایان کردبوو لە دایکیان کە بویان بپارێتەو تا زوو شەهید کرێ ! تا زوو تر بە دیداری عەلی شادبێ. نەک خوا! بەردەوامیش لەجەزائیر ئەفغنستان(لە ئەفغانستان بەم دواییە گوێدرێژوو گیان لەبەرکانی تر قەدەغەکرا کە بەڕووتی بگەڕێن دەبێ نێرینەیان لە توورەکە گرن چونکە وەک هێشوە ترێ مەترسی خواردنیانلێدەکرێ لە لایەن

زەردەواڵەوە.هەروەها بە پێی یاسایەکی نوێی دەوڵەتت خەیاروو ترۆزیش یاساخکراوە چونکە لە کۆئەندامی تێرینە دەچیێ) وێرنستانی خۆمان بەردەوام ئاش بە خوێنی چەوساوان دەگەڕێ سەرچاوەکانیش پەنجەی تاوان بۆ قورئان رادەکێشن. شارەزایانی ئیسلامی ئەڵێن کە ئەوانە ئیسلام نین' لە ئیسلام بێ بەرین 'ئیسلام دینی ئاسیشە' خێرە 'خۆشیە ' شادیە .بۆگەنترین ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزم پاشای سعودیە'وابزانم لەوسێ ووشە شتێکی کە نازانی! کە دەچێتە هەر جێگایە ئەڵێ: دینی ئیسلام دینی شادیە ' خۆشیە'ئاسایشە.پەڕینی کەڵەگایە.باوەڕم وایەئەوەش سیا ناویەتیەدەمی.ئەی ئەو دەریای خوێنە لە خۆیەوە ڕژا؟؟ هیچ بەدووری مەزانە خومەینیەکی تازەمان لێراپەڕێ !!؟گەر خەڵکی وا بێ لێپرسینەوە سەرنجداتە دەوروبەری خۆی!

کاتێکیش سەلمان ڕوشدی پەڕتوکەکەی بڵاوکردەوە بە ناوی (ئایاتە شەیتانی) کردیانەهەرایە لە ئێرانی ئیسلامیدا ' مەپرسن کۆلانو سەرشەقامەکان بەرنەدەکەوتن ' فەرمانی کوشتنیشیان دەرکرد . کەچی کاتێ لەفەرمانی کوشتنەکەی پەشیمان بونەوەو داوای لێبوردنیشیان لە نووسەری ناوبراو کرد ' کەچی هەمان کۆلانو هەمان سەرشەقام وورتەیان لەدەم نەهاتە دەر !! هەروەک کۆلانەکاننیان زمانیان نەپژابێ؟ هەرچەند خەلاتی کوشتنەکەیان زیاتر کرد'خەڵک نەک ڕژێمەکە .بەلام کەس نەرژایە سەر شەقامەکان' ئەرێ بۆ ؟؟

دۆستێ ووتی کۆمەڵێ دکتۆر پێکەوە یارمەتی پوکانەوەی سەرهەڵنەدانی شەڕی خێڵەکیان بە ئەستۆ گرتووە ' گەر کچێ دووگیا بوو لەگەڵ کەسیکدا بە بێ ئەوەی شووی ((عارەبیانەی جاهیلی)کردبێ. چونکە ئەومارە بڕینەی ئەمڕۆمان پەیوەندی بەئیسلامەوە نیەیە . بەڵکو خوی سەردەمی پێش ئیسلامە .) سکەکەی دەربهێنن تا تەقەو هەرا پەیدا نەبێ . کاری ئەو کۆمەڵە بەردەوامەو کارێکی پۆزەتیڤە'کارئەکتەرانەیە ڕەنگە ژیانی سەدەهایان کڕیبێتەوە. پرسیاریش دەکەن بەوهیوایەی کە دکتۆرەکان بتوانن پەیوەندی بکەن بە دڵداری کچە کەوە' بەڵکو هەوڵبدەن کوڕەکە مارەی کاو سکەکەی لە کیس نەچێ.چونکە لەباربردنی سکی یەکەمم زیاتیکی گەورە لە ئافرەتت دەدا. دکتۆرەکان لەکچەکەیان پرسیوە کە کێ چۆتە لای؟ کچە ووتویە (ئەولیا ' خزمی محەمەد) نابێ ....ناکرێ! کچە دەگێڕێتەوە کە گوایا ژانی پشتی بووەو بردویانەتە لای شێخێ یان مەلا . شێخیش ووتویە برۆ ئەو ژوورەوە گڵۆپ بکوژێنەوەو دانیشە پاش کەمێک ئەولیایە دێتە لات پشتت دەشێلێ و دەستت لێ دەداوچاک دەبیەوە .

هەروەها لە پشتی هەڵەبجەدا گۆڕێ هەیە گوایە گۆڕی ئەبوو عوبێدەی جەڕاحە.ئەبوو عوبێدەی جەڕاح سەکردەی لە شکری ئیسلامە تالانکەرەکان بوو ' لە داگیرکردنوو تالانی کوردوستاندا.ئەبووعەبێدە دەستی سورە بە خوێنی هەزارەها کورد .دەبوو گۆڕەکەی بەردەبارانکرێ' فڕێ دریتە ئاودەستەوە.چونکە داگیرکەرەو لەهەمانکاتدا خوێن ڕێژێکی سادیس. کەچی

بەناڕەوا قوربانی بۆدەکرێو پیرۆزیشکراوە.لەجیاتیشیا شەهیدەکان بەردەباران دەکرێن! وەبەکافریان ناودەبەن.ناونراون داروشەخس.نمونەیان زۆرن.دەوورووبوری شارۆچکەی دەربەندیخان نمونەی زۆیان هەیە.کابرایەک بیستانێکی کردبوو. ڕۆژی لەنزیک گۆڕبەگۆڕ ئیمام محەمەدی گەچ کولێن ئەڵێ: ئیمام محەمەد وامن بێستانەکەم دەدەمەدەستی تۆ کە مەڕوو بزنی تێنەکەوێ! بەلام بێستانەکەی کابرا مەڕو بزنی تێدەکەوێ . تورەدەبێ لە ئیمامو ئەڵێ : ئەم ئیمامە گەچ کولێن نیە،گوو کولێنە.محەمەد پێش مردنی بانگەوازی کرد کە خۆی دوا نوێنەری خوایەو دەرگای هاتنی پەیاتێرانی داخست .بۆیە پاش ئەو شێخ سۆفیوو دەروێش هاتنەئاراوە.ووشەی سەید کە باوە لەناو ئیسلامەکاندا ، مەبەست گەورەیی خێڵە ،ئێستاش بە نەوەکانی محەمەد ئەڵێن.ئەوکەسانەش تابوە ناویان بە خراپە ببرێ ! تەنانەت سەعدی کوڕی وەقاس سەکردەیەکی لەشکری چەتەکان 12 هەزارکورد چەرم دەکا.لە شاری گورگان،کەس نەیوێرابوو، بڵێ مەکە.بۆیەش ئێستاش ووشەی سەید زەنگی سێدارە یە.بەچنگ بەخوێنی وەک بەهەشتی گۆڕ بەگۆڕیان ڕاگەیاند کە ڕەنگەئەو هەموو زیندانیەی کە هەیانە ڕەنگە بێگوناهیان تێدابێ ،ناکرێ هەمویان لە سێدارە درێ ؟گۆڕبەگۆڕ ووتبووی چ نابێ،بێگوناهەکان دەچنە بەهەشت،گوناهکارانیش دۆزەخ! زەلکاوی باوەڕە ئاینیەکان لە ئۆقیانووسی هێمن گەلێ پڕترە هێندە بەس نیە !؟ جا ئایا ئەم شێوە گونجانە هارمۆنیە چیە وا لە هەمووکات و کەشێکدا خۆی دەگونجێنێ ؟

ئایا باوەڕی ئیسلامە کەیە بریتیە لە جەورو ستەم و جادوگەری لەخشتەبردنی ڕەشوو ڕووت ؟

یان هەر ئەو کەر بازاڕەیە پرنسیپی ئیسلام ؟

یان گەلانن شایستەی جەورو ستەمو جادووگەری ؟

یان گەلانن ساویلکەو خۆش باوەڕ نا ووشیاری ؟

یان چڵپاوی ئەوجادووگەریە زۆرشارەزاترەولێهاتووترە ؟

یان مرۆڤە زێدەڕۆی دەکا مرۆڤ دۆست بانگەواز دەکا ؟ کەدەبێ نەریتەکۆنەکان لەناو ببرین ، مرۆڤانەتر سەرنج بدرێتە کۆمەڵگا.

یان شەیتانە خوی خزانۆتە ژێر کڵێەشەی گەلانو دەیەوێ بە دەستی مرۆڤ سەنگەر لە خوا بگریت ؟یان تەنهاو تەنها ئەو باوەڕە ئەندێشەیە کە مرۆڤە ستەمکارکان لەو ڕێگایەوە دەیانەوێ ڕەشوو ڕوت لەخشتەبەرن ؟ جا با پێکەوە بەچاوێکی دوور لەڕەخنەوەبزانین . ئایا قورئان خوا ناردویەتی بۆمان ؟

خوا ئێمەی دروستکرد؟ یان ئێمە خوامان دروستکرد؟

هیوامە هیوای کۆنە پارێزان گۆڕ بەگۆڕکەین نەیەڵین وەک گوێدرێژی ناعور تەماشامانکەن ! یان محەمەدو هەڤاڵەکانی لەسەر ئەم گەردوونە پڕ لە ئازارەمان نوسیویانە !؟ گەر خوا ناردویە با نوێژوو ڕوژوەکانمان بگرین ،

شمشێرەکانمان دەمەزەرد کەینەوە! چاوەڕوانی کچی مەمک خڕو کون نەکراو'یان کوڕی لووسکەی جوان (بەڵێنی قورئان) گەرواش نیە با ڕۆژێ زووتر ئەم بەڵایە لەکۆڵ چەوساوان بکەینەوە. چونکە تەنیا چەوساوانن قۆچی قوربانیە پیرۆزکراوەکان.ریشەی قورئانم بۆسەرجەمی چینەکانی کۆمەڵ نووسیوە.هەتا توانیومە هەوڵمداوە' لەپرشنگی هونەری داڕشتنی پەخشانی دووربێ.
تازمانێکی سادەبێ سەرجەم لێی تێبگەن ' بێگرێوگوڵ.
لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆگشت کەسانەی یارمەتیان دام لە پشکواندنی ئەم خونچەدا. کەجگە لە کاک یاسین بانیخێلانی زیاتر کەسیان ئامادەنەبون ناویان بهێندرێ زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوەکانیشم خودی قورئانە وئیسلامین. سۆزیش دەدەم لەمەودوا قۆڵی لێ هەڵماڵم بۆ ڕوونکردنەوەی گرێ کوێرەکانی باوەڕە بە ئاسمانیەکراوەکانی مێژوو. گەرڕۆژگار نەبێتە ڕێگر؟هیوا شمە کە ڕۆشنبیران کەمتەرخەمی نەکەن.چرایەکبن ڕێنمایەبن بۆڕوون کردنەوەی بەڵا ناهەموارەکانی ڕەشووڕوتانیی گەلان. دڵنیاشم ئەم لێکۆڵینەوەی منیش بێگرێو گۆڵ نابێ' ڕەنگە لە زۆر جێگەدا بە تەواوی ئامانجم نەپێکابێ'زمانی پێنووسم باش نەپژابێ. ڕەخنەی ڕەواو داهێنەرانەش هەرگیز نەمرن'سەروەرن. نەمریو سەربەرزیش بۆ پێشەوای ووشەی ڕەسەن ' هەڵگری چرای ڕۆژگارە تاریکەکانی مێژوو ڕچە شکێن هەرگیز نەمر عبدول خالق معروف. ئیتر هیوامە توانیبێتم هەژگێکی بچوکی تاریکستانم لابردبێ.

تەها حەمە حەمەئەمین هەڵەدنی 10 '1998.11 لەندەن

## تۆراخاندنی مێژوو

گەر بەرەگیی مێژوودا بچینە خوارێ ' دەگەینە بەردەم دوو دەریای ستەمکاروو ستەملێکراو' ڕەواو ناڕەوا ' لەخشتە براو لەخشتەبەر. چەوسێنەرو چەوساوە ... هتد. مێژوو زۆرمان بۆناگێڕێتەوە مەبەست مێژووی زۆر کۆنە. هۆمۆ ' جاوە ' نیاندەرتاڵ مرۆڤی کێوی بوون ' ووشیار نەبوون. تامێژومان بۆ بنووسن. پێشکەووتووترین تەکنیکیان بەرد یان کوتەک بووە ' نەک پێنووس. هەرچەند مێژووش چەوسێنەران نوسیویانە. چەوساوەکان مێژوویەکی ڕاستوو دروستیان نیە مەبەست مێژووی 6'5 هەزار ساڵەیە. کە شێواوگومانلێکراوە.
ئاڤێستا بەزمانی ماد نووسراوە مادیش باپیرانی کوردن ئەوەش بەڵگە نەویستە. بەڵام دەزگا ڕۆشنبیریەکانی جیهان بەفارسی ناوی دەبەن. هەروەها نوسەرە فارسەکانیش سەدەها پەڕتووکیان لەسەر ئاڤێستاو زەردەشت نووسیوەو بەفارس ناونووسیان کردووە.هەرچەند فاکتا هەیە کە دەیسەلمێنێ زەردەشت کوردە نەک فارس. هەروەک چۆن تورکەکان خۆیان بە سۆمەری

دەزانن ، ئەشڵێن محەمەد لە ڕاستیا تورکە نەک عەرەب ، لەم دوایانەشدا نووسەرێکی تورک زەردەشتی بە تورک ناونوسکردوە.نازیەکانی ئەڵمانیاش دەیان ووت عیسا لە ڕەگەزدا ئەڵمانە . چونکە هەمیشە خۆیان بە باشترین زانیوە. زەردەشت لە چاوو پەیامتێرەکانی تردا جگە لە مارکس مرۆڤ دۆستانەتر،ڕاستگۆتر بووە.زەردەشت نەیی دەوتخوا ئاڤێستای بۆ ناردوم ، ووتی خۆم نووسیومە . لایەنی زانستیش ووشەی هەڵەجەو بەڵەجەی دانەڕێژاوە . بانگەوازی کوشتنوو بڕینی نەکردوە ،وەک قورئان .

کاتێ کۆمەڵێ داویانە بەسەر کۆمەڵێکێ تردا تەڕوو وشکی شکاویان سوتاندووە . مەگەر پیرامیدەکانی فیرعەونەکان ، ئەویش نەیان زانیوە چۆن بچنەژوروە. بەردیشیان بۆنەسوتاوە ئەگینا شتیکی وا کە شایانی باس بێ لە گەلەکانی باکوری ئەفەریکا نەماوە. زمانەکەشیان بەئاستەم ماوە ئەوەتا سەرجەم بەزمانی عەرەبی دەدوێن( نە عێراق،سووریا، لوبنان، ئوردون،میسر،لیبیا،جەزائیر،مەراکۆ،تونس،سودانوسۆمال هیچکامیان عەرەب نەبوون بە سەرە نێزە کرانە عەرەب،کە جگە لە نیمچەدوورگەی عەرەبی عەرەب بوونی نەبوەو بە عەرەبکراون . هەرچەند لەم دوایانەدا بەربەریەکان دەنگیان بەرزکردۆتەوە.ئێمەی کوردیش کەلەپورمان بۆتە قوربانی شاڵاوی ئەو پەلامارانەی دراوسێکانمان مێژووی دوورمان زۆر ڕونی یە . جارێ فارسین ،جارێ عارەبین، جارێ تورکی گێوین نەک تورکی ماڵی. ئەمەش بۆ چوونی شۆڤێنیستەکانە. دەنا مێژوو باسی ئەوەناکات کەتورکەکان پێش 1000 ساڵلەمەوبەر لەو ناوچەی ئەمرو کە ناونراوە تورکیا ژیابان . ئاشکراشە کە هەشتسەد ساڵیکە ڕوویان لە ناوچەکە کردووە . بۆگەڕان بەدوای بژێویوژیاندا ، هەروەها نەشوونمای ئیسلامیش یارمەتی درووست کردنی پاڵە پەستۆی بەرز و نزمی تەوژمی کۆچوو ڕەووجێگۆڕکێیوو تالانی داوە پاشان تا دەست بەسەراگرتنی دواتری تورکەکان بە سەر جولانەوی ئیسلامدا. مێژوو نوسیویە کە650 پ.ز مادەکان بەهاوکاری بابلیەکان ئیمپراتۆریەتی ئاشوریان لەناو برد .خۆشیان لاواز بوون بۆ ئیمپراتۆیەتی ساسانیەکان ساسانیەکانیش تا ئیمپراتۆریەتی میدیان ڕوخان ئەوانیش لاواز بوون وەک مادەکان،هەرچەند ساسانیەکانیش هەر کورد بوون . بۆیە هۆمەری کوڕی خەتا (ب،کار) سەدەی حەوتەمی زاین بەسەر هەردووکیانادا زاڵ بوو.

ئەمرۆ بەڵگەی زیندوومان بەدەستەوەیە کە ئێسکووپروسکی مرۆڤی جاوە، نیاندەرتاڵ 600000 ساڵ لەمەو پێش لە ئەشکەوتی شانەدەری کوردوستان ژیاون، دۆسولدۆرفی ئەڵمانیا دۆزراوەنەتەوە . ئەمانە بەڵگەی زانستین نەک ئەندێشەی محەمەدی . مرۆڤە سەرەتاییەکان جیاوازبوون لەگەڵ ئێمەی ئەمرۆ ! قەبارەیان گەورەتربووە . شێوەیان زیاترلە گۆریلا دەچێ تا لە خۆمان . هەرچەند مێژووی مرۆڤە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سێ ملیۆن ساڵ لە

ئاسیاوە یان ئەوروپاوە سەریدەرهێناوە . باوەڕوابووە کەقۆناغی گۆڕانی مەیمون بۆ مرۆڤ لە ئەفەریکاوە دەستی پێکردبێ ‘ بەڵام تازەترین تەکنیکی زانست بەڕێگەیD .N.A سەلماندی کە ئەو بۆچونەی داروین هەڵەیە قۆناغی گۆڕانی مەیمون بۆ مرۆڤ لە ئاسیا یان ئەورپاوە بووە . بیردۆزەکانی داروین کەمووکوڕیان نیە.کە مرۆڤ نەوەی مەیمونە . بەڵام هەندێ بیردۆزی بۆ چوون بوون ‘نەمر باوەڕی وا ببووکەقۆناغی گۆڕانی مەیمون بۆ مرۆڤ لە ئەفریکاوە بووە .ئەمە لەڕاستی شیرازەی بیردۆزەکە ناگۆڕێ . هەروەها سەرەتای یەکگرتنی گەردەکانی توخمەکانی دروست بوونی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ 5،3 ملیارد ساڵ .( مێژووی مرۆڤی کۆن ، ل 7 جۆزێف ڤۆڵڤ بە زمانی سویدی.) دڵنیام کە زۆربەمان کەلاکی گیان لەبەر یان تەرمی مرۆڤمان دیوە‘بە تایبەتت لە کاتی هاویندا یان لە کەشی گەرمادا ‘دیومانە کەپاش ماوەیە کرمیان هەڵهێناوە ! ئەو کرمە ژیانی تێدایە ‘ دەجووڵێ‘ دەڕوا ‘ دەخوا ! کەواتە زیندەوەرێکی تازەمان دیوەو هەست کرد . ئەمە لەکاتێکدا ڕوو دەدا کە ئەو گیاندارە سوڕی ژیانی تەواو بوەو ‘ کە گەردە کانی کە لەشی ئەویان پێک هێنا بوو . وورده وورده شی دەبنەوەو پەیوەندیان دەپسێو گەردەکان لە پاش شیبونەوە. یەکیان گرتۆتەوە . جارێکی کە ژیان کردۆتەوە . بەڵام لە شێوەیەکی تازەدا کە کرمە . نووسەری ناوداری فارس سادقی هیدایەتت ئەڵێ: زۆر حەزدەکەم پاش مردن دوو دەستی درێژم هەبایا تا بمتوانیایە گەردەکانی گیانم بپارێزم.تا لە کاتی دروستبوونەوەی تازەدا نەبنەخۆراکی مرۆڤە سپڵەکان . سەرجەمی زیندەوەران کەدەمرن گەردەکانیان شی دەبنەوە‘دەبنە خۆڵ و ئاو و توخمەکانی تر .خۆڵوئاویش کەرەستەی نەشوونمای تەواوی زیندەوەرانی لە دایک بوانن. واتە ئەو سێوەی کە دەی خۆین یان بامێو برنجی کەدەی خۆین هیچ دوورنیە کە جەرگوو دڵی بابوو باپیرانمان نەبن . هەروەها گەر ژورێک یان ژینارێ (سندوق) پەینی کیمیاویوو ئاوی تێکەین بەمەرجێ هەوا بکێشێ مەرجیشە کە ڕێگەبگرین کە زیندەوەر نەچێتە ژوورێ دەبینین پاش ماوەیە مێشوولەو زیندەوەری بچوک دروست دەبێ. چونکە گەردەشیکراوەکانی هۆکاری دروستبوونی زیندەوەریان تێدایە .ئەمەش بیردۆزەکان وبۆچونەکانی چارلس داروین دەسەلمێنێ . کەچۆن ژیان سەریهەڵداوە . هەرچەند ئەوگۆڕانکاریە گۆڕانکاریەکی خێرا یە . گیاندارێ یان لاشەی مرۆڤێ بوو وە دووبارە بوو بە کرم. لە ئەنجامی گوڕانکاریدا مرۆڤیش نەوەی مەیمونە. گەر پەنجەمۆر گومانلێکراو بێ و ئەنجامی لەسەدا سەد نەداتە دەست ؟ ئەوا زانستی (D. N . A) کە بەڵگە نەویستە سەلماندی کە ڕاستە مرۆڤایەتی زادەی یەکێ لە ڕەگەزەکانی مەیمونە . کەمەرجە ئەنجامەکانی (D. N . A) هەرگیز جێگەی گومان نین.تەنانەت بەو ڕێگا توانرا نەوەکانی فیرعەون بدۆزرێتەوە . هەر بەهەمان ڕێگە توانرا نەوەی

جێنەفەرسۆنی سەرەک کۆماری ئەمەریکای ساڵی 1808 بدۆزنەوە ' کە لە کۆیلەیەکی ڕەش پێست بویەتی . (تێکستی کەناڵی 4 ئینگلیزی2' 1998.11. )( D N.A ) مانای نەخشەی ناوکی زیندەوەر' گیاندار ' مرۆڤ . هەروەک چۆن ئاو پێک هاتوە لە دوو ئۆکسجین + هایدرۆجین.ئاشکرایە مرۆڤی نەخوێندەوارکەمتر یان هەرتێنگا D N.A چیە؟ بەڵام ئەوانەی خوێندنی بەرزیان خوێندوە یان هەمان ڕشتەیان خوێندوەوبەدوایا گەڕاون'دەزانن کە D. N.A چیە وچەند بێگومانە؟ کەچی چونکە ئیسلام مێشکی مرۆڤی داڕزاندوە ' بەشای D N A ناتوانن باوەڕکەن'هەرچەند دەشزانن کە ناوبراو بێ گومانە.کەچی قورئان کە گوتاری خوایە وەک ئەڵێن ئەڵێ:(لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم) واتە بێشک ئێمە مرۆڤمان لە باشترین شێوە ئافەراند. التین 3.خلقنا ئافەراندمان بەهاوکاری خواو محەمەد چونکە کۆیە. داینەسۆرەکان 65 یان 7' 64 ملیۆن ساڵ پێش ئەمرۆ ژیاون ئێسکەکانیان ماون . هەروەها لە زۆر جێگەی ئەم سەرزەمینەمان ێسکووپروسکی بە بەردبوویان دۆزراوەتەوە.. بەڵگەی زانستیش دەیسەلمێنن کە چۆن گۆڕانکاریان بە سەردا هاتووە . تەنانەت هێلەکشیان دۆزاوەتەوە کە بونە بەرد . (داینەسۆرەکان ل 7 ' 25 بەزمانی سویدی چونکە محەمەدوو قورئانەکەی بێئاگا بوون لە مێژوو وئەرکەلۆگی باسی داینەسۆرناکا!. هەروەها جۆرێ فیلی ماموت کە ئەوانیش قڕانیان تێکەوتوە'شاخەکانیان دوونیوو تاسێ مەترە'هێشتا لە مۆزەخانەی مۆسکۆی مەیدانی سووردا ماوە. مۆزەخانەی میری مێژووی'مۆسکۆ'دەستی ڕاستی مەیدانی سوور. هەروەک چۆن هێستر نەوەی ئەسپوو گوێدرێژە . دەزانین کە هێستر نە ئەسپە نە گوێدرێژ . بەڵکوو گیاندارێکی ترە . هەروەها سەگ 'کەمتیار' گورگ 'چەقەڵ ' ڕێوی 'یەک خێزانن پاقلە 'لۆبیا ' فاسۆلیا'قشقەڕە 'کە دە پانزە شێوەی کە هەیە کە ئامۆزاو پورزای یەکن . هەروەک چۆن ڕەنگی سوورو زەرد تێکەڵ کەین پرتەقاڵیمان دەست دەکەوێ . ئاواش سەدەها شێوازی جۆراو جۆر لە داینەسۆرەوە گۆڕانکاریان تێکەوتوە . بۆیە چەند جۆری داینەسۆریش پەیدا بوە . بەهۆی کەوتنەخوارەوەی تەنەکان لە ئەستێرەکانیترەوەو' گڕکانەکانەوە قڕیان تیکەوتووە 'یان کەشێکی زۆرگەرم لەئەنجامی ئەو کەوتنە خوارەوانە دروست بووە داینەسۆرەکان بەرگەی ئەو کەشەیان نەگرتوە کە تازە دروست بووەو قڕیان تێکەوتووە . بەردەگەورەکەی ئوستراليا ' ئەو کەوانە نیمچە بازنەیەی باشووری ئەمەریکای باکوور بەڵگەی بەزاندنی تەنەکانی دەرەوەی سنووری گۆی زەوین . کە لە ڕێگای دوورەوە هاتوون . هەروەها بەردە ڕەشەکەی ناو کابەش .وەک ووتمان مرۆڤ پەی بەنهێنی هەرشتێک نەبردبێ لێی ترساوە . چونکە کاتی کەوتنەخوارەوەی بەردە ڕەشەکە نەوەکانی پێشووی ئەوسو خەزرەج دیویانەو ئەوانەی بەزیندوی دەرچون لێیترساون . کەترسیش پەیدا بوە تا ئەمڕۆش ئەو تەنە یان

ئەو کەسە بووە بە سەروەر .شیعەکانی ئێران سەردەمێ بەردەڕەشەکەیان زەوتکردبو لە جیاتی ئاودەست بەکاریان دەهێنا. دەبوایە هەموو کەس میزی بکردایە ناو کونی بەردەڕەشەکە. ئەفریکاو ئەمەریکای باشور لێک بدەین بەچاو دەبینین کەلەژێرپیاڵەیەکی شکاو دەچن گەر پێکیان بنوسێنینەوە . ئەوجیابونەوەش 120ملیۆن ساڵ پێشتر رویداوە . بەڵام چونکە محەمەدو قورئانەکەی بێئاگان لە ئەرکەلۆگیوو ' بیۆلۆگی' مێژوو ' باسی شتی وامان بۆ ناکەن . دەبوایە قورئان بۆمانی بنوسیایە چونکە محەمەد لە زمانی خواکەیەوە پرتر لە 20 جار ئەڵێ : خوا زانایە' توانایە' لەهەموو کەس زاناترە ' بەهەموو شت ئاگایە ' کەس لەو زاناتر' تواناتر نیە باشترین دادوەرە' نمونەی سورەی الممتحنە ئایەی 10 . قورئان ئەڵێ : 50 هەزار ساڵە فریشتەو گیانی پاک بۆلای خوا سەردەکەون (سورەی المعارج 'ئایەی 3) کۆنترین ئامێرێکی مێژووی کە بەدەستمان گەشتووە ' کۆنترینیان چەکوشی شیللیە کە لەشاری شیلی فەرەنسا دۆزرایەوە . مێژوەکەی دەگەڕێتەوە تەنهابۆ (10) هەزار ساڵ 'سیستەمی ئابوری وکۆمەڵایەتی وە تەکنەلۆژی تازە ' د. محەمەد فازڵ محەمەد . هەروەها محەمەد بن جریر التەبەری کە لەسەدەی سێهەمی کۆچیدا ژیاوەویەکێکە لە بڕوا پێکراوترین بەڵگەی ئیسلام لە ل 6 بەشی یەکەمی تاریخ الکبیر ئەڵێ کە ئادەموو حەوا (7 ) هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە بەهەشت لە دایک بوون ' پاشان دەرکرانوو هاتنە سەر زەوی. پێش ئەوانیش هیچ زیندەوەرێ لەسەر تۆپی ئەم زەویەمان نەبووە.ئاشکرایە بۆچوونی ئەندێشەی لەگەڵ بەرجستێی جیاوازیان ئاسمانو ڕێسمانیان . ئاشکرایە کە ڕادیۆ پێش تەلەفزیۆن سەری هەڵدا پاشان زانست ئەو دەرگایەشی کردەوە کە دەنگوو ڕەنگ پێکەوە بگایەتیتە چاوو گوێی بینەرانوو بیسەران .ئەمەش مێژوونووسیویە . پاشان بەتەقەلای مرۆڤ توانرا دەنگوو ڕەنگ لەناوچەیی دەرچێوو بەجیهانی بکرێ. ئەمرۆ دەنگوو ڕەنگی M E D TV لەپرانی جیهان دەبینرێ دەبیسترێ .گەر گرفتی پارەو فاشیەکان ڕێگر نەبن' دەتوانرێ لەتەواوی جیهاندا ببیسترێ' ببینرێ وەک سی'ئین ' ئین. بەڵام پێش ئەودوانە هۆکاری ئاگادارکردنەوە دوکەڵ ' شکانەوەی تیشکی ڕۆژ بەیارمەتی ئاوێنەو جۆرەکانی بوو' یان ڕۆشنای گرتنە قوولەکانو خوێندنەوەی سیمبولەکانی ئاگروو روشنایی. یان تەتەر بووە . زۆربە دەزانین کە ماراسۆن ناوی ئەو کەسەبوو کە تەتەری یۆنانی بوو هەواڵی سەرکەووتنی گەیاند . ئەگینا پارچەی بێتەلوو تەلداری ڕابردومان بۆ بە جێ دەما !؟ گەرچی (نون ئەلف گەڕبۆفسکی لە پەرتووکی نهێنی کۆنترین مێژوو)دا باسی شارستانیەتیکی لەناوچوو دەکا کە گوایە 700 هەزارساڵ پێش عیسا پاتریان بەکارهێنراوە ' پایەی گەورەی 20 م لەژێر دەریای کاریبیدا هەبوە . بەڵام ئەو جۆرە دۆزراوانە پرتر لە داستان دەچن زانستی نین' تاپشتیان پێ ببەسترێ. بەکورتی زانراوە کە مرۆڤ پێکەوە

ژیاون ئێسکیان لە شانەدەری دۆزرایەوە بەڵگەی ئەوەمان دەدەنێ کە پێش 600000 ساڵ بەکۆمەڵ پێکەوە ژیاون . ئاشکراشە کەمرۆڤ هەروا لەپڕێ مانگای ماڵی نەکرد !؟ بەڵکوو ئەوەش ڕەنجێکی زۆری ویستووە . ئەمرۆش لەکوردوستانی خۆمان پڕانی گیانلەبەران کێوین (بەراز ' بزنە کێوی' کەڵەکێوی' قاز' کۆتر') ئەوانەی سەردانی ئەوروپای ڕۆژهەلات یان ڕۆژئاوایان کردوە' دیویانە کە وەک کۆترەشینکەی لای خۆمان لە خەڵک ناترسن زۆرجار مرۆڤ خەریکە پێیان پیادە نێ کەچی کۆترەکان مێش میوانیان نیە. ئاسکە کێوی ئەو ئاسکە کێویەنەماوە بەتایەبەتت لەوولاتانەی گۆشت هەرزانەو ئاسان دەست دەکەوێ . خەڵکانی بێگانە بەتایبەتت تورک ' عەرەب ' فارس ' کورد خەڵکانی جیهانی قرە (جیهانی سێ ) بەتایبەت چاووچنۆکەکان هەر هەلیان بۆهەڵکەوێ لەو قازو مراویوو کۆتر ... هتدیان بۆ بلوێ بەدزیەوە دەیانکەنە کەباب. بەلام لای خۆمان ...ئای لای خۆمان مرۆڤ ووریا نەبێ خۆشی دەکرێ بە کەباب زۆربەی جاران بێ هۆ لە ئەنجامی برسەتیەکی دەستکردی کۆنە پارێزان ' محەمەدو قورئانەکەی. نەک کۆترە شینکە . هێشتا لە ئەمەریکای باشوورو هەندێ ناوچەی ئاسیا و ئەفریکا جۆرێ لەمانگا کە لە مانگای خۆمان کەمێ شانیان لە ڕەشەوولاخی خۆمانبەرزترە. هێشتا هەر کێوین . ساڵی1975 کاتێ گوندەکانی ئەوبەری سیروانی پشتی زمناکۆ ڕاگوێزرانەوە بزن' ئەسپ ' هێستریان لێ بەجێمابوو چونکە چەند ساڵێ شارستانیەتیان نەدی بوو! ڕێکەوتی مرۆڤشیان نەکردبوو بەدەپانزە پ.م نەدەگیران پاش گرتنیشیان زۆر بەزەحمەت باریان لێدەنرا . جیاوازیەکی وایان لەگەڵ وولاخەکانی چاخی بەردیندا نەبوو. کەواتە مرۆڤوو وولاخ پەیوەندیان نەبووە .ئەوانە بەڵگەن کە مرۆڤ لە ئاسمانەوە نەهاتوە . بەڵکو بەڵگەن کە مرۆڤیش کێوی بوە . وردە وردە روی شارستانی بەخۆوەگرتوە . مرۆڤە سەرەتایەکان وولاخێکیان کوشتووە'پێکەوە خواردویانە . وەکوو ئەمرۆ چۆن فلیمە دۆکۆمەنتارەکانی جیهانی ئاژەڵ نیشان دەدرێن 'کۆمەلێ شێر یان پڵنگ گا یان گوێدرێژێکی دەکوژن پێکەوە دەیخۆن مرۆڤە سەرەتایەکانیش وابوون. زانایکۆمەڵناسی بەناوبانگی ئەمەریکی کۆمەڵناسی مۆرگان ئەوقۆناغەی ناوناوە قۆناغی ڕاوشکار. ئەوکۆمەلگایەش کۆچەر بوون چونکە هەمیشە بەدوای ڕاوی گیان لە بەرانی سەزەویو ناو ئاوودا گەڕاون . هەروەها ئەوقۆناغە مێژوودا بە قوناغی کۆمەڵی کۆمەنیستی سەرەتایی ناودەبرێ . چونکە خاوەنداریتی نەبووە. ووتمان مرۆڤ گەشتە ئەو ئاستە توانی بەرد یان دار بە کار بهێنێ بۆ ڕاوکردنی گیان لەبەران . پاشان توانی تەلاشە بەرد گیرکا لەسەری دارکەی دەستی 'بەمەش پەی بە چەکێکی کاریگەر برد . کەیارمەتی ڕاو کرنی باشتر دەدا ئاشکرایە ڕەنگە لەپێشدا بەچەند بەردێ یان کوتەکێ مانگایەکی کوشتبێ ' بەلام بەو دارەتلیشە بەرد دارەی یەک دوانی بەس بووە .

پێدەچێ لە ئەنجامی پەیدا کردنی تەڵاشە بەردی زیاتردا ، بۆ سەرە نێزەی دارەکەی پریشکی ئاگری دۆزیبێتەوە . ووردەووردە ئاگری دۆزیەوە . کە ئاگریشی دۆزیەوە سەرەتا کەمێ خۆی پێ گەرم کردەوە ،پاشان بۆخواردن بەکاریهێنا . ئەوو ئاگر دۆزینەوەش یارمەتی نەشونمای گیانی دا کە گەدەی باشتر کاربکا پشووی باشتری بێ تەمەنی درێژتر بێ.ئێستاش وا کە دوو سەدەیە داوودەرمان لە گەشەسەندان ڕادەی مردن زۆر دابەزیوە ،هەوەرها ڕادەی ژیانیش زۆر بەرز بۆتەوە!لەگەڵ هەردۆزینەوەی دەرمانێکا کاریگەری ڕاستەوخۆ لە ژیانو تەمەنی مروئڤ گیندارانیش دەکا. هەروەها کە ئاگر یارمەتی خۆگەرم کردنەوەیدا ، بۆ ئەوەی زیاتر خۆی گەرم کاتەوە پێوستی دەکرد لە دەوری ئاگرەکەی لای بێ. ئەمەش یارمەتی نیشتەجێبوونیدا . بە گرتن یان بچووککردنەوەی دەمە ئەشکەوتەکەی کە ئاگریتێدا دەکردەوە. هەروەها ووردە ووردەش کەوتە بیری چاندنیش. کاتێ میوەی بردوە بۆ خواردن وەک شوتی ، کاڵەک ومیوەی تر تۆوەکەی لەو جێگەدا کەوتووە ، کە خواردویەتی . پاشان ساڵی داهاتوو کەڕێی کەووتۆتەوە هەمان جێگە بیری هاتۆتەوە کە ساڵی پار لەهەمان جێگە ئەو میوانەی خواردووە کەوا دیسان شین بونەتەوە. بۆیە بیری چاندنی کردۆتەوە . ئەمەیان بۆچوونی خۆمە بێ سەرچاوەن ڕەنگە هەرواش بووبێ . لێرەوە مرۆڤە سەرەتایەکان بوون بە جوتیار . کە بوون بەجوتیار پێویستی بە تفاقی تر بووە تا زەویەکەی پێ خۆشەکا ، لەجیاتی ئەو تەڵاشە بەردەو ئێسقانی گیان لەبەرانەی کە بەکاری دەهێنا بۆ کوشتنی تێچیرەکەی کەوەک ڕموو سەرە تیر وا ببون بیری کردەوە بۆ بەکارهێنانی لەخۆشەکردنی زەویەکەیدا . ووردەووردە کەوتە بیری دۆزینەوەی گاسن. لەکاتی کوشتنی گایەکدا ڕێی کەوتووە لە مانگایەکی تازەزاو کە پێویستی بەکوشتنی گوێرەکەکەی نەکردوە بەئاسانی گرتویە ، پاشان ڕەنگە تێریش بوبێ نەی خواردووە. گوێرەکەکەش هۆگری تێچیرەوانەکەی بووە و لێی دوور نەکەتۆتەوەو بوونەتە هاودەمیوو ماڵی بوە .

تەواوی گیانلەبەرانی ساوا ترسیان نیە لە تەنەکانی دەوروبەریان . چونکە هێشتا لەستەموو زۆرداری نەگەشتون. تەنانەتت چەتە تورکەکانی کە دەیندا بەسەر کوردا دەمە چەقۆیان دەنایە دەمی کۆرپەی ساوای دایک کوژراو کۆرپەکە چەقۆکەی مژیوە وای زانیوە مەمکی دایکیەتی . سەربازێکی تورک لە بیرەوەریەکیدا دەنووسێ کە گرەویکردوە لە گەڵ کێویەکی هەڤاڵیدا بۆ هەڵدڕینی زکی ئافرەتی کوردی دووگیان تا بزانن کوڕە یان کچ !!

چونکە مێژوو بەڵگەی نەداوینێ ، کە مرۆڤە کۆنەکان خاوەن تەکنیک بون . بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵگەمان دەدەنێ ،کە کێوی بون. پڕانیمان ڕیخۆڵە کوێرەمان بیستوە کەمێکیشی لێ دەزانین . کە دەکەوێتە کۆتای ڕیخۆڵە

ئەستورە لەکاتی یەکگرتنیا لەگەڵ ڕیخۆلە باریکەدا . ئاشکرایە کە ئەو پارچە بچکۆلە کرم نیە. کەلە لەزەویەوە پەڕیبێتە ناو زگی مرۆڤ ،
نەگونجاویشە بۆچوونی وامان هەبێ ؟ بەڵگە نەویستە کە پێشتر ئەندامێکی چالاکی مرۆڤ بووە . ڕەنگە لەئەنجامی کولاندنی گۆشتدا ئیتر ووردە وردە لەکار کەوتبێ . چونکە ئیترمرۆڤ پێویستی بە خواردنی گۆشتی کاڵ نەماوە . یان گۆڕانکاریەکی کە . هەموومان دەزانین خواردنی گۆشتی برژاو بە چێژ ترە لە گۆشتی کاڵ . ئیترڕیخۆڵە کوێرە لەکار کەوتوە، ئەمڕۆ بیکارە .

## باوەڕەکان بەگشتی

ئاشکرایە کەمرۆڤ هەر کەمێ ووشیاری پەیداکرد ،لەچاو لەوەو پێشیدا،گیرۆدەی کۆمەڵێ پرسیاری ئاڵۆزوو بێ وەڵام بوو. کارەساتە سروشتیەکانیش وەک بومەلەرزە ، گڕکان،زریان،لافاو،هەورەبروسکە پرسیارەکانی دەروونی مرۆڤیان سەختتر کرد . تاسەردەمێکی نزیک لەکوردستاندا بەتایبەت چینە نەخوێندەوارەکە وایان دەزانی کەزەوی لەسەرپشتی گا وەستاوە. گاکە دەجوولێ بۆیە بومەلەرزە پەیدا دەبێ . کاتێکیش بروسکە لەشوێتێکی دابێ مرۆڤ واتیگشتووە کە کەسێک تیی گرتووە .لە ناو تەواوی موسڵماننادا باو بوە کە بروسکە قەمچی ئیمامی عەلیە دەیگرێتە جنۆکەکان. چوکە ژیان بریتی بووە لە پەلاماردان بوپەیداکردنی بژێوی ژیان . لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاستی زانستی مرۆڤ ترسەکەی لەبروسکەو کارەساتەکانی تر زیاتربوە. چونکە وەڵامی دەست نەکەوتوە. وردەوردە هەرشتێ کەدەسەلاتی بەسەریا نەشکابێ کردویەتیە خوای خۆی یان بارتەقای خوا لیی ترساون . تائەو کاتەی بەردیان تاشیوو ناویانا خوا. پاشانیش ستەمکارو ستەملێکراو دروست بون، چونکە خواپەرستی باوبو ، بۆیە فرعەون توانی بڵێ من خوام . پاشانیش ستەم لێکراوان لەژێرپەردە خەباتیان درێژەپێداوە . چەرخی پێغەمبەرایەتی سەریهەڵداو ژمارەیپێغەمبەران گەشتۆتە 124000 پێغەمبەر.
پاشان پێغمبەران گۆڕان بەسەرەک خێڵ ، پاشتریش بە پاشاو سەرەک کۆمارو دواتریش سەرکردەی پارت.چونکە ستەم کۆتای نەهات ! هەمووشیان بەپێیی پەڕتوکە بەئاسمانیەکراوەکان لەلایەن خواوە نێردرابون دواترینیان موحومەدی خۆمانە . گرنگ نیە ژمارەیان چەند بوبێ ؟ گرنگە کەزەمینەی سازبوونی باوەڕەکەیان، باوەڕی بە گەلان هێناوە . ئەمڕۆمان وا مرۆڤ لەبرسادەمرێ. ئاشکرایە کەئەوەش دەسکردی ڕژێمی سەرمایەداریە. بەڵام سەردەمی پێغمبەرەکان ئامێروو تەکنیکی بەرهەمهێنان نەبوە تابرسێتی و ستەم

نەبێتەهۆکاری لەخشتە بردنی گەلان بەجادووی پێغەمبەران . زۆربەی پێغمبەرەکان بەڵێنی خواردنوو کچی کوننەکراوو مەمک خڕ جۆگەلەیی مەی تەنانەتت قورئان بەڵێنی کوڕی لوسکەوجوان کەوەک دانەی مروارین دەدا بۆلەخشتەبردن . ( سورەی الانسان ئایەی18 )

هەرکەسیش کەمێ بەرگری کردبێ بەدۆزەخ تۆقێنراوە . یان هەردەسبەجێ کوژراوە. تائێستاش بەتایەتت وڵاتانی جیهانی سێ مەلاکان بۆبچوکترین بەرگری لەدەستیان بێ هەزارەها بکوژن بەچاکەی دەزانن. بۆگەشتن بەمەرامی بۆگەنی خۆیان، لەژێر پەردەی خوا پەرستیەوە. هۆکاری سەرەکیش تەنهاوتەنها کەمی ووشیاریە . قوربانیەکانیش هەمیشە چینە چەوساوەکانن.

جوڵانەوەی ئاینی ئیسلام نزیک بوو بگاتە ئاستی ئەوروپا بەرەو بەکلتووری چوون دەچوو. بۆیەئیمپریالیزمی جیهانی بەپەمپی تۆکەرەکانی زیندوی کردەوە بۆ بەرەنگاری لەشکری سووری سۆڤیتیەت ، سەقامگیرنەبونی ئاسایش ، ووشیارنەبونەوەی گەلانی ناوچەکە. تەنانەت ( سی ،ئای،ئەی) یەک لەپرۆگرامێکی تایبەتی تەلەفزیۆنی سویدیدا ووتی کە ئەوان نەیان زانی ئیسلام لەخۆشیان دەبێتە بەڵا بۆمب لە سەنتەری بازرگانی ئەمەریکادا دەتەقێننەوە. (بەداخەو کە ڕۆژی ئەو گفتەگۆیەی کەکرا لەگەڵ ئەو سیخوڕە ی سی .ئای. ئەیدا . نوسیبوم گوم بوەورۆژەکەیم بیرنەماوە ) . هەروەها ئەوچەکە دژ هەوایانەی دابویانە دەست چەتەکانی ئەفغانستان بەسەد بەرابەر پارەش لەدەست دەدەن ئنجا بۆیان ناگەڕێتەوە چونکە چەتەئیسلامیەکانی ئەفغانستان فێری فرۆشتنی نەرکۆتیکیش بوون ئیتر پارە زۆرکاریگەر نەبووبۆیان . چونکە جوڵانەوەی ئیسلامیش کەوتە خۆ بۆبەدەست خستنەوەی سامانوو دەسەڵات . هەرچەند دەشیانزانی هەرکات ئاغاکانیان بەمەرامی خۆیان گەشتن ئیتر ئەوان لەکاردەکەون . بەڵام وائەمجارە گرانکەوت لەسەر ئیمپریالیزم ئەوەتاشەڕەخۆری هێشتا درێژەی هەیە . دیارە هێشتاگرنگیتیان ماوە بۆ ئاغای گەورە بۆیە خەریکن چەکی نەوەویش دەست دەخەن . گەر لە دەهەوڵ ژەنانی ئیسلامی نەکەوینە تەقە ،دورنیە کارەساتێکی تری وەکو ئەوەی،بەپیلانی ئەتاتورکی گۆڕبەگۆڕ،ئەرمەنیەکان بەدەستی کوردەکان لەناوبران،ڕوبداتەوە.

*نیمچە دورگەی عەرەبی پێش ئیسلام*

پێش ئەوەی خۆمان لە قەرەی شەپۆلی باسەکەمان دەین ، دەبێ بزانین نیمچە دورگەی عارەبی لە کام قۆناغی کۆمەڵی ژیاندا بوون ، کە ئیسلام شانیدادایەسەر دڵی گەلانی ناوچەکە. ئاشکرایە سەرجەمی گەلان تاکو تەرا بەوگۆڕانەکریانەدا ڕۆشتون کە بەسەر کۆمەڵگا هاتون . بەڵگەی زیندومان لایە کە مانگا هەرلە خۆیەوە ماڵی نەبوو! بەڵکوو پاش ڕەنجێکی زۆری مرۆڤ ماڵی کراوە . مرۆڤە سەرەتایەکان

یان شیوعیە سەرەتایەکان گیان لەبەریان کوشتوەو پێکەوە خواردویانە . پاشان ئاگری دۆزیەو خانوی دروست کردو جێگیر بوو. ووردە ووردە توانی تیر ورمو و چەکوش دروست کا. تا ئاست گەشتە دروست بونی هۆزایەتیوو خزمایەتی سەرۆک هۆزو خێڵ ، پاشان ئاغاو دەرەبەگ پەیا بوون . پاشان کە شەڕو شۆڕیش پەیدا بووە ، لەسەر ئاو زەوی. لە ئەنجامی شەڕو شۆڕیشدا دیل هاتە ئاراوە. دیلەکانیش لە ئەنجامی مانەوەیان لای خاوەن دیلەکان بونە کۆیلە .

پاشان کۆیلەو کۆیلە داری سەری دەرهێنا . هەرچەند کۆیلەداری چەند قۆناغێکی هەیە . هەر قۆناغەش سەردەمی دیاری کراوی خۆی هەیە. ئەوروپیەکان بەتایبەتت ئیسپانیەکان تا کۆتای سەدەی هەژدە بازاڕی کۆیلەیان گەرم بوو.هەرچەند جیاوازیەکی گەورە بەدیناکرێ لە نیوان کۆیلەو کرێکاری سیستەمی سەرمایەداری. کوردوستان قۆناغەکانی کۆیلەیەتی نەدیوە !! ئەوەش باسێکی دوورو درێژی دەوێ ! کەبۆ بازی داوە بوسەر ئەو قۆناغانەدا ؟ ئەمرۆمان ئەوروپا ئەمەریکای باکور ، روسیا ، جاپان لەڕوی تەکنەلۆجیاوە شەڕە ئەستێرە دەکەن . کەچی لە هەندێ ناوچەی ئەفەریکا هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندان .

نیمچەدوورگەی عەرەبی لەسەرەتای هەڵوەشانەوەی کۆیەداریدا دەژیا. چونکە کۆیلەکان ووردە ووردە ووشیار دەبونەوە بە کۆیلایەتی قایل نەدەبوون .محەمەدی کوڕی ئەبدولاش هەستیکرد کە ئیتر ئەستەمە کۆیلەڕاگیرێ بۆیە بانگەشەی ئازادکردنی کۆیلەی کردە بەرنامە.لە سەردەمی حاموورابیشدا کۆیلەکان ڕایان دەکرد . بۆیە یەکێک لە بڕیارەکانی ئەڵێ : هەرکۆیلەیە ڕابکات لە دەست خاوەنەکەی دادگا مافیی هەیە کۆیلە ڕاکردوەکە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وسزاشی بدا .محەمەدیش کە هەستی کرد ناتوانێ بەسەر بازاڕی کۆیلەدا سەرکەوێ،لە یەکێک لە ووتەکانی ئەڵێ:ئەو کۆیلەی ڕیکردوە تا نەگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی نوێژی ناپەژرێنرێ.

نیمچەدوورگەی عەرەبی کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاوە. بەشی هەرە زۆری ئەو وولاتە بریتیە لە بیابان، خاکێکی ووشک کەم ئاو . ژیانیان بە مەڕو مالات بەتایبەت بەخێوکردنی وشترو کشتوکاڵەوەبەڕێ دەکرد . زۆربەی دانیشتوان لەڕوژئاواو باشووری وولاتەکەدا دەژیان بە تایبەتت دەورو بەری چەمو کانیاوەکانی ، سەرە ڕێی بازرگانی بێزەنتیو هندستانو ئەفەریکا دا کوختەو دەواریان لێدا بوو، دەژیان. هەروەک ژیانی باوی ئەو سەردەمانە هەندێ سەرگەرمی بازرگانی هەندێ تریش کشتوکاڵ . لەڕاستیشدا پیشەسازیووکاربە هەموو شێوەکانیەوە شەرم بووە.بەڵکو جەردەیی،پەلاماردانی تیرەلاوازەکانی کە جێگەی شانازیو جوانمێری بوە. بەلام ئاشکرایە سەرجەم خاوەن کار نەبوون ، بەڵکوو چیانەیەتی دروستبووبوو . هەندێ خاوەن مەڕوومالاتو زەویو بازرگانی زۆربەش بە خواردنی قوڕی ، خورما کێویلە،مارمێلکە، دڕک گژوگیا دەژیان .

فیردەوسی لە شیعرێکیدا ئەڵێ : قۆڕپیوودڕک خۆر داوای تاجی شاهانەمان لێدەکەن . ئەمە تانەیەکی شۆڤێنستانەیە . تیرەگەری لەگەرمەی جموجۆڵیدا بوو . گەر یەکێ لە تیرەیەکان یەکێکی تیرەیە تریان بکوشتایە دەبوو تۆڵەی بسەنرا با . دەنا شوورەی بوو . لێی بێدەنگ بان. هەرچەند ئەو خوە بەدە ڕیشەکێش نەکراوە ! بەلام وەک ئەوسەردەمە نیە. چونکە ئەمڕۆ بەڕادەیەکی کەم ووشیاری پەیدا بووە.وەک زۆربەمان دەزانین پێش هاتنی ئیسلام گەلی کوردو گەلانی ناوچەکە کلتوری تایبەتی خۆیان بوە٬بەلام کە لەشکری چەتەکان هاتنە ناوچەکە کلتورەکەی خۆیان سەپان بەسەر کوردا هەتاتوانیان .بۆیە نەریتوو کلتوری ئەمڕۆی کورد زۆربەیان عەرەبیو ئیسلامین. بۆ نمونە گەرشاتریەک گەلاڵەیەک بکوژێ ٬سەرجەمی گەلایەکان پەلاماری شاتریەکان نادەن . بەهۆی پەیدابونی کەمێ ووشیاریەوە ٬ لێخۆش بوون
هاتۆتە پێشەوە٬ڕێکەوتن پەیدا بووە . بەژن وەرگرتن یان وەرگرتنی خوێن . هەرچەندیش دوژمنە شۆڤێنستەکانی ناوچەکە دەستیان هەیە لە زیندومانی ئەوخوە بەدە. هەروەها سەرجەمی پارتە ڕامیاریە نەتەوەیەکانی بە تایبەت باشووری کوردوستان بۆ بەپێوەوەستانی دەسەلاتوو سامانی ژیانی خۆیان پاڵپشتی زیندوومانی خێلایەتیان کردوەو دەیکەن٬بەلکو خۆشیان خێلەکین . خاوەن زەویوو مالاتەکان باشتر دەژیان٬بەلام چینەکەی خوارەوە هەمیشە برسی ٬ چینە برسیەکەیان پشتینیان دەبەست لەژێر پشتینەکانیانەوە بەردیان دادەنا تا هەست بە برسێتی نەکەن. ئەمەش یارمەتی دروست بوونی شەوکوتیوو جەردەیی داوە . بۆیەش هەمیشە لە شەڕوو شۆڕدا دەژیان .وەک پێویستیەکی سروشتی ناچار چوارمانگی (رجب٬زیقعدە٬زیحجە٬محرم ) جەنگی تیا تابوو (حەرام ) کرابوو .
ئاشکرایە کە نیمچە دورگەی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلامیش٬ گۆڕەپانی ململانێی ئەندیشەی دەرونی بوو٬.جگە لەموسایی و عیسایی ( 360 ) خوا هەبوو . جولەکەو دیانەکان دژی بت پەرستن بوون ! هەرچەندە ئەوانیش لەگەڵ یەکدا ناکۆک بوون ٬ بەلام بت پەرست نەبوون ٬ بڕوایان بەتاک خوایی هەبوو. چونکە پێیان وابوو کە خوا مرۆڤی ئافەراندوە. خوا بت نیەو خاوەنی هێزە ٬ بت بێهێزە. خوا هەموو شتێکی لەدەست دێت بەلام بت هیچی لەدەست نایەو خوا کەسێکە ژیانی ئافراندوە.
مرۆڤ بە ئەندیشەی خۆی بیری لە ژیانێکی باشتر کردۆتەوە. هەر لە دروست بونی ژیانەوە تا ئێستا ئەو هەوڵە بەردەوامە. پێویستی نەبونی گشت لایەن ئەو کاراکتەرەی دروستکردووە کەژیان لەو ڕێگەوە ساناتر دەبێت ٬ بێ ئازارتر دەبێ ٬ چێژی زیاتر ٬ پشوی زیاتر وەردەگرێ . ئەمە پرۆسەیەکە هێشتا بەردەوامە و بێکۆتاییە٬ کە مرۆڤ لە باشەوە بۆ باشتر بە پێی توانای بیرو وشیاری هەوڵی بۆدەدات . سەدەی پێشوو کرێکار 20 کاتژمێر کاری دەکرد٬لە ئەنجامی هەولو کۆششدا ٬ توانی 20 کات کار بکاتە 8 کاتژمێرکارلە ڕۆژێکدا . سەرجەمی گشت

باوەڕە دەرونی و ئەندیشەییەکان فەرماندەدەن کە کۆمەڵێ کار ئەنجام بدرێن . لە کۆمەڵێ کاریش دوربکەونەوە بەو شێوەیە نان بۆ برسیەکان و پشو بۆ ماندوەکان ئاسایش بۆ ڕاپەڕیوان دێتە ئاراوە ... هەر بۆیە موحەمەدیش بەڵێنی ژنی شۆخ و شەنگ وکوڕ ی جوانی وەک دانەی مرواری ( **ویطوف علیهم ولدان مخلدون اذا رایتهم حسبتهم لوءلوء منثورا)** سورەی الانسان ئایەی 19 'لەدەورتان دەگەڕێن کوڕی لوسکەی جوان کەوەک دانەی مروارین . بۆچی کوڕی لوسکەی جوان لە دەورمان گەڕێن ؟ ئێدە... مش فاهم ؟ کاتێ عەرەبەکانی سەردەمی جاهلی پەیان بەوەبرد کە کچ سیمبولی شەرمەزاریە 'بڕیاریاندا کە کچەکانیان زیندەبەچاڵکەن . پاشان کچ کەم بۆوە.کەکچیش کەم بۆوە'نێربازی سەری سەرهەڵدابووە باو. محەمەدیش زانی کە بازاڕی نێربازی گەرمە ' بۆیە لە قورئانەکەیدا بەڵێنمان دەداتێ . هەروەها سەوزی باغ و بێستانی بەهەشتمادەداتێ . زانیویە خەڵک چی پێویستە! بۆیە 40 بارە سەوزی بەهەشت کەئاو بەبن دارەکانیدا دەڕوای داوە. چونکە نیمچەدورگەی عەرەبی بیاباتیکی وشکو برینگ بوە . ئەومژدەش خەڵەتێنەترین بوە . شیناو سێبەروباغ خەوبینین بوە. هەروەک ئەورپیەکانی ئەمڕۆ'بەتایبەت ئەسکەندەناڤی 'شەونیە خەو بە ڕۆژەوە نەبینن. چونکە لە ئەسکەندەناڤیا خۆر زۆر بە کەمی هەڵدێ. لە دوانزە مانگەی ساڵدا ڕێدەکەوێ کە تەنها دوومانگ خۆر ببیندرێ .ئەویش وەک پێویست نیە. لە دواپلەی تورەبەنیاندا 'باسی ڕۆژو گەرمایان بۆ بکەی هێمنیان دەکەیتەوە.

لە کۆنداو ئێستاش کەمرۆڤە هوشیارە لە خشتەبەرەکان پەیدا بوون' زانیویانە لەناو ئەوکۆمەڵگای تێیدان مرۆڤەکان کوییان دێشێ ! بۆیە بەو شێوە دەرمانیان بۆ گرتۆتەوە تا لەگەڵ دەردەکانیاندا بگونجێ . ئەستەمە میوانداری کێژیکی ڕووس سەرگرێ 'بێ بەڵێنی ڤۆدگا! خەڵکیش بۆ سارێژ بوونی دەردەکانیان پەنایان بۆ ئەو جۆرە کەسانە بردوە'چونکە ووشیارنەبوون. ئەوخووە بەدە تا ئێستاش بەردەوامە ئەوەتا کرێکاری یانزە مانگی ساڵ تەقەی دەستی دیت و گیرفانی سەرمایەداران پڕ دەکات . لەو لاشەوەخۆی توشی هەزاران نەخۆشی دەرونیوگیانی هاتوە کەچی بیرێک لەخۆی ناکاتەوە چونکە ووشیارنیە.

ئاشکراشە کە ئەو هەموو خوا نەیانتوانیوە دەردی خەڵک سارێژ بکەن. بۆیە ژمارەیان گەشتۆتە ( 360 )خوا و بەردەوامیش بیرو بۆچونی تازە پەیدا بووە. بەو هیوایەی لەدەست نەبونی ڕزگاریان بێت .لەگەڵ ئەوانەشدا ئەندیشەی مرۆڤەکان جارجار هەوڵیان داوە ' نەریتە کۆن و دواکەوتوەکان بگۆڕن بۆ نمونە : ئیبراهیم کاتێ بتەکانی شکاند ' ئەو چەکوشەی بتەکانی پێ شکاند. خستیە سەرشانی بتە هەرە گەورەکە ! کە لێیشیان پرسی کە کێ بتەکانی شکاند؟ لەوەڵامدا گوتی: بتە گەورەکە شکاندونی ! عەبدولموتەلیب باپیری موحەمەد ' بەڵێنی دا بوو ئەگەر خوا ( 10 ) کوڕی بداتێ یەکێکیان دەکاتە قوربانی بتەکان ' ئەوەبوو واڕێکەوت عەبدولموتەلیب بوو بە باوکی عەبدوڵاو نۆ کوڕی تر. بۆ نیشاندانی وەفا بەرامبەر

بـتەکان لەسـەر بەڵێـنەکەی خـۆی سـور بـوو هەسـتا هەڵبژاردنێکـی لـە شـێوەی (قورعـە ) ی ئـەنجام دا کـە کـام لـە کوڕەکانـی بکاتـە قوربانـی ' ئـەوەبوو باوکـی مەحەمـەد ' عـەبدوڵا بەرکـەوت. عەبدولموتەلیبیش دەستی عەبدوڵای گرت و بردی تا لەبەر دەم (ئاسـاف ' نائیلە ) دا سـەری ببڕێ . بەڵام قورەیشیەکان بەتکاو پاڕانەوە پەشـیمانیان کـردەوە . لـە جـێگەیدا ( 10 ) ووشـتریان دایـە سـەری بـبڕێ بـەو مەرجـەی عـەبدوڵا سـەر نەبڕێ. ئەوە بوو عەبدوڵای سەرنەبڕی و ما ' ئەو بەڵایەشی بۆ ئێمە سـازاند. (( تـاریخ تـبری ل 796 )). بەهاتنـی ئیسـلام زۆر لـەو داب ونەریـتە کۆنانـەیان گـۆڕی. وەکوقوربانـی دانـی مرۆڤـیان گـۆڕی بـە مـەڕو ووشـتر . چونکـە پێش هـاتنی ئیسلام مرۆڤ کردنە قوربانی ئاسایی بوو .وەک چۆن عەبدولموتەلیب ویستی عـەبدوڵا بکاتـە قوربانـی ' هـەروەهـا ئیبراهیمیش ئیسماعیلی کوڕی کەدایکی ڕەشپێسـت بـوو کـردە قوربانـی ' بـەڵام سەرینەبڕی گوایا چەقۆ نەیبڕیوە یان ڕەنگە لەبەرپـاڕانەوەو نـزای دایکـی ئیسـماعیل بـوو بـێت چونکـە کەنیزەکی ئیبراهیم بوو . محەمـەد ززتویـە مـن کـوڕی دوو قوربانـیم ' عەبدوڵا 'ئیسماعیل .زیندەبە چاڵ کردنی کچیان قەدەغـە کـرد . چونکـە پێشتر بوونی کچ سیمبوڵی شەرمەزاری بوو ! ... هتد. لەگـەڵ ئـەو ڕیفراندۆمانەشـەدا ئیسـلام بـوو بـە مـێردەزمەیەک و سـواری دەرونـو ووشـیاری نـەک تـەنها عـارەب بـەڵکو گەلانـی ناوچەکـەش بـوو . کـە تـا ئـەمرۆش سـەرانە بـەو مـێردەزمە دەدەیـن ! . مـرۆڤ لەسـەردەمێکی زۆر تـاریک و دڵڕەقـدا دەژیـا' بـاوەڕی ئەوەندە بۆگەن بوو ! دەچوو جەرگی خۆی دەکردە قوربانی تاوێرە بـەردێک کـە دەسکردی خۆشـی بـوو . بتەکانـی نـاو کەعـبە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەبوو ' یەکەمین کەس کەبتی لە ناو کەعبەدا دانا عەمرۆی کوڕی لەحس بوو. کاتێک کـە بـوو بەسـەرداری تیرەکەی سەفەری شاری بەلقای کرد. لەوێ بینی خەڵک بت دەپەرسـتن داوای دانەیەکـی لـێکردن' ئەوانـیش هەبل یان دایە . پاشان ئیسـاف و نائیلەشیان دانا . ( توضیح الملل ل 375).

کەعبە

کەعـبە بـتخانەی زۆربـەی عارەبەکانـی نیمـچە دورگـەی عـەرەبوو . هـەر تـیرە بتی خۆی لـەدەرەوە یـا لەناوەوە دانابوو'بۆ پەرستن . لات خوای تیرەی ثقیف کەخۆیان لـە تـایف نیشـتەجێ بـوون. عـزی خـوای قورەیـش ' مـنات خـوای ئەوس و خەزرەج ' هـەبل غەسـان کەهـەرە مەزنترین بت بوو. لەپشتی کەعبە دایاننابوو ( توضیح الملل ل 316) لـێرەدا خاڵـێک گرنگە لـەیاد نەکرێت کـە هـەبل کەبـە گەورەتـرین بتی کەعبە دەژمـێردرێت نـاوی ( اللە ) بـوو . باوکـی موحەمـەد ' ( عـبداللە ) چاودێری دەکـرد .

عەبد مانای کۆیلە ' الله مانای خوا ' بە سەریەکەوە مانای کۆیلەی خوا دەبەخشێت ' باوکی موحەمەد ' عەبدولا گیانی قەرزاری هەبل بوو !
چونکە کاتی خۆی دەبوایە سەریان ببڕیبا لەجیاتی قوربانی . کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەویت کە ( عبدلله و عبدالرحمن و محمد و احمد ) کۆمەڵە ناوێکن پێش ئیسلامیش هەبوون . هەروەها ( الله ) واتە خوا دروست کەری ئەندێشەی موحەمەد نیە ' بەڵکو پێش ئیسلامیش پەرستنی تاک خوایی هەبووە ' نمونەش عیسایی و موسایی و حەنیفەکان . کەواتە کەعبە پێش ئیسلامیش پەرستگا بووە نەک موحەمەد دا یمەزراندبێ و کردبێتی بە پەرستگا . بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین پێنجەم پشتی موحەمەد واتە باپیرە گەورەی ( قصي ابن کلاب ) کەسایەتیەکی زیرەک وهوشیار بووە !
دەڵێن گوایا موحەمەد ئەو هوشیاری و زیرەکیەی لە ئەوەوە بۆ ماوەتەوە .
قوسەی کوری کەلاب بە کودەتایەکی هەرزان کەعبەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە .
( ابن هیشام' تاریخ طبري ) دەڵێ : لەڕاستیدا قوسەی ناوی( زەید )ە . لەبەر ئەوەی بەمنداڵی بەبێ سەرپەرشت لای کابرایەک بەناوی ( ربیعه ) گەورە بووە 'ئەو ناوەی وەرگرتووە . لەهەمان کاتدا دەلێ : باپیرانی موحەمەد هەموو بێ دایک وباوک لای خەڵکی گەورە بوون.
تەنانەت موحەمەدیش لەباوەشی دایک وباوکیا گەورە نەبووە ...واتە قصي لەگەڵ نەوەکانیدا ( عبدالمناف ' هاشم ' عبدالمطلب' عبدالله ' محمد ) هەموو لەلای خەڵک گەورەبوون .
لێرەدا بگەڕێینەوە سەر ئەوەی بزانین قوسەی باپیرە گەورەی موحەمەد چۆن کەعبەی داگیر کرد؟ وەک گوتمان کابرایەک بەناوی ڕەبیعە کەلە ناوچەی ( قضاعة ) دەژیا بەخێوی کرد . قوسەی لەسەردەمی لاوێتیدا بڕیاری دا بچێتە مەککە بۆ حەج کردن' ئەو کاتە شێخ خەزاعی مجەوری کەعبە دەبێ. قوسەیش حەز لەکچەکەی دەکات ولەگەڵیدا دەخەوێ ' پاشانیش دەیخوازێ و چوار کوڕی لێدەبێت و کوڕەکانیشی بەناو بتەکانی کەعبەوە ناودەنێت کەئەمانەن :( 1 ) عبدالدار واتە کۆیلەی خانو مەبەست کەعبەیە . ( 2 ) عبدالمناف واتە کۆیلەی مەناف ' بتە جوانەکەی قورەیش ( چوارەم باپیری موحەمەد ) . ( 3 ) عبدالعزی واتە کۆیلەی بتی العزی کەلە قورئانیشا ناوی ئەم بتە هاتووە . (سورەی نەجم' 19 ) . ( 4 ) عبد قصي واتە کۆیلەی قوسەی . شێخ خەزاعی لەسەرەمەرگدا کلیلداریی کەعبەی دایە دەستی کچەکەی کە ژنی قوسەی بوو . خواستیشی ئەبو غبشان ببێ بە یاریدەری کچەکەی ( حبی ) لەکارو باری کەعبەدا و کلیلەکەش لای ئەو بێ . بەڵام کلیلدارو نوێنەری کەعبە کچی شێخ خەزاعیە واتە ( حبی ) ژنی قوسەی . شەوێک لە بەزمێکدا قوسەی ئەبوو غبشان سەرخۆش دەکات وکلیلی کەعبەی بە گۆزەیەک شەراب و سازێ لێدەکرێ و هەر پاش ئەو شەوە خەزاعیەکان لە کەعبە دەردەکات و تیرەکەی خۆی ( قورەیش ) دینێتە کەعبە و لە ژێر فەرماندەی خۆیدا یەکیان

دەخـات و دەبێتە سـەرۆکیان . لەمـەوە سـەرچاوەیەکی ئـابوری بەدەست دەهێنـێ.
هـەروەها هـەواڵ دەنێرێ بۆ خاڵی لە ( قضاعة ) کە کەمێک لە دووری مەککە دەژیان '
کـەوا خـەزاعـەو نـەوەی بەکـری لـە کەعـبە دەرکـردووە. ئـەوان دەتوانـن بچـنە لای .
ئـەوە بـوو بـراکەی و رزاح گەشـتنە لای ' ئیتر خۆیان باش دامەزراندو بوونە خاوەن
سـەرچاوەیەکی ئـابوری گـەورە . ( تـاریخ الـکـبیر ل 809 ـ 810 ) لـێرەدا دەبـێت ئەوە
بگوترێت نەوەکانی قوسـەی کـە کارمەندانی مەککـە بوون لەسەر ئەو بناغەیەی کە
پـەیمانیان بـە باوکـی دابـوو کاریـان دەکـرد. موحەمـەدیش پـاش چـوار پشـت
بەشێوەیەکی تازەتر لاسایی پێنجەم پشتی خۆی کردەوە کەدەبێت ببێتەسەرداری
مەککـە . ئـەوە بـوو خـەونەکـەی لـە ڕێگـەی شـەڕو شـۆڕو دوبەرەکـیـیەوە بـەئاکام
گەشـت . سـەرچاوەی هـەموو شەڕوشۆڕەکان لەڕاسـتیدا بۆ وەدەسـت خستنی هێزو
سـامانبوو! بەنـی هاشـم کـە موحەمـەد لەئەوانـە ' هـەروەها بەنـی ئومـیە کـە
ئەبو سـوفیان و معاویە و عوسمان لەوانن ' بەکورتیەکەی هەموو نەوەی قوسەی و
کلابـن و هـەمویان لـە شـەڕو شـۆڕی ناوخۆیـی و تیرەگـەریدا بوونـە دەسـەڵات دار .
وەک دەشـزانین کەعبە بتخانە بووەو ساڵانە لەهەموو ناوچەکانی ترەوە بۆ حەج و
سـەردان دەهاتـنە ئەوێ. سـەردانو حەجی ئەو سـەردەمەو ئەمڕۆ دوو جـیاوازیان
هەیە :

1 ـ ئەوسـا ژمارەیەکـی کـەم زیاتـر خەڵکـی ناوچەکانـی قورەیـش و دەوروبـەری
دەچونـە حـەج بـەڵام ئەمڕۆ لەهـەموو پـارچەکانی جیهانەوەو زۆربەی نەتـەوەکان
سـەردانی دەکەن .

2 ـ کەعـبە تەنـیا بتەکانی لێدەرهێـنراوە ' ئەگینا هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ سەردەمی
پێشـودانییە! بەردەڕەشـەکەش کەخەڵکـی جـیهان و خۆشمـان بـە ملـیارەها دۆلار
لەپێناویدا دەخەیـنە نـاو کاسـەی بۆگەنترین کۆنەپەرسترین ڕژێمی جیهانەوە 'هەر
ئەو ڕژێمـە بۆگەنـەش ئەو پـارە خـەرجدەکا بۆ سـەرکوتت کردنی ڕاپەڕیوانی دژی
ستەم. هەر لەجێگای بت دادەنرێت چونکە ڕۆشتۆتە خانەی پەرستنەوە .

موحەمەد بە *ڕەفتارو* کلتوری عارەبە نەزانەکان قایل بوو.

ئاشـکرایە کـە بمانـەوێ خانویـەک دروسـت کـەین' پێویسـتە کەرەسـتەکانی خـانوو
دروسـت کـردن ئامادەکـەین. دەشـتوانین بەبـێ ئەوەی چیمەنتۆی بۆ بکڕین بناغەی بۆ
دابڕێـین . لـە سـاماڵ ڕونـترە کـە ئەگـەر دیوارمـان دانـەنا بـێ ناتوانین ' دارە ڕا یـان
شـێلمان دانێین!؟ ئـەوە دەزانـین کـە دەبـێ بناغە داتیین'پاشان لەسەر بناغەکە دیوار
هەڵچـنین. پاشـان دارەڕا یـان شـەلمان دانێین تـا سـەربانەکە ڕاوەسـتێ . محەمـەدیش
چونکـە لـەدایک بـووی هـەمان خـوو ڕەوشـتی سەردەمی خۆی بوو ' نەریتەکانی ئەو
چاخـەی گوێـزایەوە نـاو قورئـان'هـەروەک خواسـتی سروشـت ' گـەر باوەڕیشی پێی
نەبوبێ. کەواتـە بەڵگـە نەویسـتە کـە قورئـان درێـژ کـردنەوەی هەمان نەریتوخوی

ئەوكاتەیە . گەر قورئان ناردراوی خوابوایە دەبوو لەڕەگەوە ڕیشەی دواکوتویی دەرکێشایە . خوا دەیتوانی دەستورەکانی حامورابی ڕیشە کێش کا وەک حامورابی ئەڵێ (العین با العین ) المائدە 45) دەستورێکی حامورابیە کە سزای کەسێ کە چاوی کەسێکی کوێر کرد دەبێ چاوی بکەر کوێرکرێتەوە .کە تەوراتەکەی موساش هەمان دەهۆڵ دەژەنێ.واتا تەوراتی موسا کۆپیەی بەندیکان حامورابیەو قورئانی محەمەدیش کۆپیەی تێکەڵەی موساو پەڕتووکەکانی تر. ئەمڕو هەرچەند لەو وڵاتانەی کەکەمێ مافی مرۆڤ دابین کراوە، لە سێدارەدانیش قەدەغە کراوە ، نەک چاو لە جێگەی چاو. هەروەها ئەمانە خوڕەوشتی و نەریتی کۆنی عەرەبی سەردەمی جاهیلی. هەروەها بەڵگەشە کە قورئان کۆپی کراوی پەڕتووکەکانی پێش هاتنی ئیسلامن.

1 - جاران عارەبە نەزانەکانی(عـرب عصر الجاهلیە) تەواف دەسوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا بەڵام ئیسلام گۆڕانکاریەکی بچوکی تیا کرد ، ئەویش ئەوە بوو بتەکانیان لابرد . دەبێت ئەوەش بگوترێت کە تەوافیەکان پێش ئیسلام قودسیان هەڵبژارد بۆ قیبلەوجێگای پیرۆزیان .چونکە توشی شەڕو شۆڕ دەبوون لە گەڵ جوولەکەکاندا . هەروەها محەمەدیش بۆ ئەوەی لە تیرەکەی نزیک بێتەوە ئەو هەلەی قۆزتەوەو قودسی گۆڕی بە کەعبە .

2 - ڕێوڕەسمی حەجی ئیسلامی ئەمڕو لە سەدا سەد وەرگیراوەو لە عادەتی عارەبە نەزانەکان.ساڵانە 5،7 ملێۆن مەڕ سەردەبڕدرێ لەودەشتەکاکیی بەکاکیەی نیمچەدورگەی عەرەبی بۆگەن دەکات فڕێ دەدرێ . لە بەرامبەر کەعبەی ئیسلامیەشەوە، سۆمالی سودانی لە برسا دەمرن.

3 - سێ بە سێ تەڵاق دانیش ڕێوڕەسمی عارەبە نەزانە کانە .

4 - ئەو چوار مانگەی شەڕی تێدا قەدەغە کراوە ( مانگی موحەڕەم ، زیلعوقدە ، زیلحەجە ، ڕەجەب ) .لەپێش ئیسلامیشدا بووە. چونکە ئەوڕۆژگارە دانیشتوی ناوچەکە هەمیشە خەریکی جەردەیوتاڵانی بوون .جا ئەوچوارمانگانەیان دیاریکردبوو بۆ پشوو.کە ئەوانەش یەکێک بووە لەبڕیارەکانی بیابان نەک ئیسلام .

5 - نوێژی مردوو خوێندن .

6 - کفن کردنی مردوو .

7 - شۆردنی مردوو .

8 - لەشپیسی دەرکردن .

9 - دەستی دز بڕین .

10- لێدانی مرۆڤ بەدار .

11 - مارە بڕینی ژن .

12 - بەردبارانی مرۆڤ .

13.پێنج جار نوێژکردن له ڕۆژێکدا به نده کانی زه رده شته ‘که نزیکه ی3هه زارساڵ بوونی بووه پێش هاتنی ئیسلام.
ئه مانه واتای ئه وه ده گه یه نێ که هێشتا ئێمه لاسایی عاره به نه زانه کان ده که ینه وه (عصرالجاهلية) لاسایی خووڕه وشتێ که پێش 1420 ساڵ هه بووه ! به ڕاستی شه رمه ‼

## له دایک بوونی موحه مه د

ساڵی 570 زاینی ئامینه کچی وه هب له مه ککه منداڵێکی بوو‘ ناویان نا موحه مه د . ئه م منداڵه دوای مردنی باوکی ( عه بدڵا کوڕی عه بدولموته لیب ) له دایک بوو. پاش پێنج ساڵ دایکیشی ده مرێت. مامێکی هه ژاری به ڵام جوا نمێردترینیان ده یباته لای خۆی و به خێوی ده کات . له سه ر ژیانی ئه م منداڵه تا گه وره بوون هه زارن په ڕتوک نوسراون که زۆربه یان زێده ڕۆیان تیا کراوه و دوورن له ڕاستیه وه ‘ زۆر که م به ڕاستی و دروستی له سه ری نوسراوه له به رئه وه ی ئه وانه ی له سه ریان نوسیوه زیاتر ئیسلام بوون . له ڕاسیتدا تا ساڵی 610 ی زاینی شتێکی سه رنج ڕاکێش ده رباره ی ئه و منداڵه نییه . جگه له زیره کی ’ مرۆڤی زیره کتریش هه بوون له و کاتانه دا . به ڵام مرۆڤ به ئه ندێشه و بیری خۆی هه زاره ها چیرۆکی ئه فسانه یی پێکه وه ناوه ( موحه مه د کوڕی جه ریر ته به ری ) که له کۆتایی سه ده ی سێهه می کۆچیدا لێکدانه وه ی بۆ قورئان نوسیوه که سوره ی به قه ره ئایه تی 23 دا ده ڵێ :
**( وان كنـــتم في ريـــب مما نزلنا على عبدنا فاتوا بسورة من مثله وادعوا اشهداكم مندون الله ان كنتم صادقين )**
ی دیاری کردنی له دایک بوونی محه مه دی لێکداوه ته وه. واتاکه ی ئه ڵێ : ئه گه ر له به نده ی نێردراومان گومانتان هه یه ئایه تێکی وامان بۆ بهێنه وه . هه روه ها ته به ری ئه ڵێ : پێش په یامنێری موحه مه د له مه ککه ده نگ و باسێ بڵاو بووه وه که په یامنێرێ دێت ناوی موحه مه ده. که ڕۆژ هه ڵات و ڕوژئاوا ده خاته ژێر فه رمانی خۆیه وه ئه ڵێ له و کاته شدا (40) ژن دوگیان ده بن . هه موشیان کوڕن و ناویان ده نێن موحه مه د ! واته چل موحه مه دی هاوته مه ن له دایک ده بێت. به ڵام سوره ی یونس ئایه ی 16 ده ڵێ : ( **قـــل لـــو شـــاء الله مـــا تلوتـــه علـــيكم ولا ادري به فقد لبثت فيكم عمرا** ) واتا ته مه نێک له ناو ئێوه دا ده ژیام هیچ بانگه وازێکم نه کرد ‘ به ڵام ئێستا خوا ناردومی .ناوه ڕۆکی ئایه که به یان ده کا که محه مه د خۆیه تی ده په یڤێ.
ا بو عمر عبدالله محمد بن عمرو واقدی له دایک بووی 130 ی کۆچی له په رتوکی بابیان موسوم به( نقطة الكاف ) ئه ڵێ هه ر که موحه مه د له دایک بوو یه کسه ر گووتی : الهی اکبر کبیرا . مانگی یه که م گاگۆڵکێی ده کرد ’ دووه م توانی ڕابوه ستێ ’ سێهه م توانی بڕوا ’ چواره م توانی ڕا بکات ’ پێنجه م تیری ده هاویشت !!!. ئایا ده کرێ له شاری مه ککه که داروبه ردیان ده په رست یه کسه ر کڕنوشیان بۆ موحه مه د

نەبردبێ؟ لەجیاتی ئەوەی شەڕە تیروشیرلەگەڵدا بکەن؟؟! یا لە کام جێگەی تری مێژوودا چل موحەمەد هاوتەمەن لە دایک بووە؟ نووسەری ژیانو ڕەوشتی محەمەد' عبد العزیز عەلائەدین موستەفا ل57 ئەڵێ کە لە ابن کەسیری وەرگرتوەنوسیویە کە گۆمی ساوا لە ئوردون ووشکی کرد . ئاگری فارس کە هەزاران ساڵ بوو دەسوتا کوژایەوە . ئیتر ئەژدیهاکە هاتوو خەریک بوو هەمومان بخوا بەلام پخێکم لێکرد کەوتە خوارەوە هەپرون بەهەپرون بوو!
عەرەبێکی دیان کە گریکی باش نەزانیوە ' هەوڵیداوە لە دایک بونی موحەمەد لە گەڵ سورەی ( 7 , 8 xvi ی) ئینجیل بەرامبەر بکات' کە ئەڵێ عیسا ڕوو دەکاتە نەتەوەکەی و ئەڵێ : من بۆ باشی ئێوە دەڕۆم . چونکە گەر من ڕۆشتم کەسێکی ترتان بۆ ڕەوانە دەکەم ئەو لەم جیهانەدا لە گەڵ دوا ڕۆژدا ڕووبەڕوتان دەکاتەوە. دیارە ئەو عارەبە ووشەی پاراکلت ی بە پاراکلیت خوێندۆتەوە ووشەی دووەم مانای ئەحمەد دەگرێتەوە . ئەحمەد و موحەمەدیش یەک واتایان هەیە لە زمانی عارەبیدا . گۆڤاری دلانپار ژ 3'4 12.25 . 1995. هەروەها حەسەنی کوڕی سابیت شاعیرو هە ڤاڵی موحەمەد ئەڵێ : حەوت هەشت ساڵان بووم گوێم لە جولەکەیەک بوو دەیگووت : ئەمشەو ئەستێرەی ئەحمەد هەلات ! ئەبو تالیب مامی موحەمەد دەبوایە ببێت بە ئیسلام' بەلام لەسەر باوەڕە کۆنەکەی خۆی ما تا مرد. ئەمە باشترین بەڵگەیە کەئاگای لەو شتانە نەبووە' کەلە دواییدا هەڵیانبەستوە بۆ موحەمەد . چونکە ئەو سەرپەرشتکاری موحەمەد بووەو خۆی بەخێوی کردووە . لەبەر ئەوە دەبێت بڵێین موحەمەد وەک هەموو منداڵێکی ئاسایی لەدایک بووە . ئەو پیاهەڵدانانەش ڕاست نین و زێدەڕۆییە . عەبدولا باوکی موحەمەد لە سەفەرێکی بازرگانی شام لە پاش گەڕانەوەیدا لە مەدینە دەمرێت. لەبەر ئەوە کوڕەکەی خۆی نابینێت. ساڵی 570 ی زاینی موحەمەد لەدایک دەبێت ' ساڵی 576 ی زاینی دایکیشی دەمرێت ! دەبێت ئەوەش بگوترێت کە پێشتر حەلیمە ژنە کۆچەری شاعیرو زمان زانی نەوەی سەعد یارمەتی بەخێو کردنی موحەمەدی داوە. هەروەها بەپێی لێکۆڵەرەوانی ئیسلامی وەک ابن هیشام'ا بوداود' ابن حنبل'حمیدالله' ا بن سعد 'مەحەمەد حەزی لە شیعربوە ' کەواتە هونەر دۆست بووە.هەروەها ا بو تالیبی مامی بردویەبۆشەڕ کاتێ محەمەد هێشتا منداڵ بوە' تیری بۆمامی ئامادەکردوە . (محەمەد ازنوبایدشناخت'ل34'33) پاشان ئەبو تالیبی مامی دەیباتە لای خۆی و دەیکاتە حوشترەوان . لە تەمەنی پێنج شەش ساڵییەوە لەو بیابانی چۆڵ و گەرمە دڵڕەقەی نیمچە دورگەی عارەبیداو نەبوونی هاودەمێ و لە سەیری حوشتر بەولاوە 'هۆکارەکە بێتە مرۆڤێکی ڕیزپەڕ؟ هەر ئەو هۆکارەش بۆتە هۆی پەل هاویشتنی بیرکردنەوەی قوڵ و وشیاری ! یا منالێکی پێنج ' شەش ساڵە دوور لە سۆزی دایک و باوک بە تاک و تەنها لەبیابانێکی تۆقێنەردا یەکەی بیرکردنەوەی چۆن بە شێوەیەک نەکەوێتە کار کە ببێتە کەسێکی ڕیز پەڕ ؟ .چونکە بیابان تەختای یان گردۆڵکەی بچوک سەرنج ڕاکێش نین ! مرۆڤ

گـیرۆدەی بیرکـردنەوەناکەن. ووشـتریش ئەوگـیانلەبەرە سـەرنج ڕاکێشـەنینە !
هەرچـەند لـەقورئاندا محەمـەد ووتویـە : ئایـا سـەرنج نادەنـە ووشـتر کـە چـۆن ئافەرێندراوە ؟ تـەنها وشتر هاودەمی بووە . بۆیە بە بۆچوونی محەمەد خوا لەسەر کوشتنی ووشترێ هەڕەشەی مەرگ لەگەڵێک دەکا لەقورئاندا (سورەی الشمس 13) .
لـە تەمەنـی 12 سـاڵیدا ئـەبوو تالیبی مامـی لە گەڵ خۆی دەیبا بۆ شام . لەوێ خەڵک و جیهانێکی تـر دەبینێ , یەکەکانی بیرکـردنەوەی زیاتـر فـراوان دەبێت. هـەروەها مامـی محەمـەد عبدالموتەلیـب محەمـەدی لەگـەڵ خۆیـدا بـردۆتە نـاو کۆبونەوەکانـی تـیرەی قورەیشـەوە. هەرچەنـیش مـەرج بـووە بۆبەشـداربوانی کۆبونـەوە کـە دەبێ تەمەنیان لە چل ساڵ تێپەڕێ .بەڵام عەبدول موتەلیب توانیویە ئەوکارەی ئەنجامدا. ئـەوەش یارمەتـی ووشـیاری زیاتـری محەمـەدی داوە . کـە گوێـی لـە گـەورەکان گرتووە . لەکۆبونەوەکانی(دار الندوە) .
موحەمـەد وەک هـەموو کەسـێکی تـر مرۆڤـێکی سـادە بـوو. شـتێکی وا گـرنگ لـە ئـارادە نـەبوو تـا تەمەنـی چـل سـاڵی شـتێکی سـەرنج ڕاکێشـیش نـەبووە تـا مێژوونووسـەکان بینوسـنەوە . لە تەمەنی 25 ساڵیدا مامی پێی ڕادەگەیەنێ کە چیتر ناتوانێ بەخـێوی بکـات . بـەڵام دەتوانـێ کارێکـی بۆبدۆزێـتەوە بۆیـە دەیـباتە لای خەدیجە .
خەدیجـە بێوەژنێکـی دەوڵەمـەندی سەرناسـی تـیرەی ئەسـەد ' ئافرەتێکـی چـالاک بـوو .دەڵـێن کاتـێک چـاوی بـە موحەمـەد دەکـەوێت یەکسـەر بـە دوو بەرامـبەر دایدەمەزرێنـێت ! چـوار ووشـتر لـە جیاتـی دوو ووشـتری دەداتـێ . مەحەمـەدیش شـارەزایی خـۆی نیشـان دەدات . گوایـا موحەمـەد کاروانێکـی بـردۆتە شـام بـە دوو بەرامـبەر قازانجـی کـردووە .لـە هـەمان کـاتدا موحەمـەد قۆزیـش بـووە هەربۆیـە خەدیجە حەزی لێدەکات ' داوای لێ دەکات مارەی بکات . موحەمەدیش لەبەر ئەوەی دەسـەڵات و پـارەی نـەبوو' باوەڕیشـی نەدەکـرد . پاشـتر قـایل دەبـێت . هەرچـەندە خەدیجـە تەمەنـی چـل سـاڵی بـوو. کـیژۆڵە نـەبوو! هـەروەها خـاوەن دوومـنداڵ, موحەمەدیش 25 ساڵ .
پاش ماوەیـەک موحەمـەد هـەروەک باوی ئەو سەردەمە خەڵک دەچونە ئەشکەوتی حـەرا بـۆ خـوا پەرسـتی . کـە دەکەویـتە بـاکوری خۆرهەڵاتی مەککە . ئەو ئەشکەوتە وە نەبـێت بـە تـەنها موحەمـەد ڕوی تێکردبـێت بـەڵکو دیـل .. کۆیلـە .. سـەردار .. سـەروەر ... هـتد .بـۆ بـت پەرسـتن و نوێـژ کـردن ڕویـان تـێکردوەو شـەو لـەو ئەشـکەوتەدا تـا بەیانـی بیریـان لـە خـوا کـردۆتەوەو بەیانـی زوو گەڕاونەتـەوە ماڵـەوە . خـوای ئەو سـەردەمە بت بـووە. ڕۆژێـک لـەو گەڕانانـەوەدا بـۆ ماڵـەوە موحەمـەد بـە خەدیجـەی ژنـی دەڵـێ : یـا بـووم ( بەشـاعیر یا بە جن ) لە ڕاستیدا جن جنۆکە نییـە ' بـەڵکو جـن لـە جـنونەوە هـاتووە واتـای شـێتە ! واتە یاشێت بووم یان بـووم بـە شـاعیر پاشـان . لەوسەردەمەشـدا شـاعیر بەشـێت ناوبانگـیدەرکردبوو.

هەواڵ ئەدەنە وەرەقەی کوڕی نەوفەل دەربارەی گۆڕانکاریەکانی ژیان موحەمەد٬ ئەویش ئەڵێ : نەخێر : تۆ بویت بە پەیامبەر ( پێغەمبەر ) .
موحەمەد هەر لەو ئەشکەوتەدا روز بەهان دەناسێ. روز بەهان دیلێکی فارسە ٬ شارەزاییەکی باشی لە ئاینەکاندا هەبووە ئاڤێستاشی لەبەر بووە . هەر لەو ئەشکەوتەدا یەک بە یەک سرودەکانی ئاڤێستا بە موحەمەد لەبەر دەکات ٬ قورئانیش گەواهی ئەم بۆچونە دەدات ( **لقد نعلم انهم يقولون انما يعلمه بشر لسانه الذي يلمذون اليه اعجمي** ) واتە دەزانین (دەزانین کۆیە خواش تەنهایە٬یان خواو محەمەد پێکەوە دەدوێن) کەسێک موحەمەد فێردەکات مرۆڤێکە بە زمانی عەجەمی قسە دەکات ( عەجەمیش ئەوسا بە نامۆ عەرەب گوتراوە ) ( سورە نحل ایە 102 )
لێرەوە روز بەهان کە پاشان بوو بە ( سەلمان فارسی ) هوشیاری دەدات موحەمەد .حەسەن عەباسی لە پەرتوکی ( قران بە سروداى بسیک فارسی) ئەڵێ : روز بەهان موحەمەدی فێری شیعری فارسی کردوە . بەلام لە ڕاستیدا موحەمەد فێری شیعری کوردی کردوە نەک فارسی ٬ چونکە ئاڤێستا بەزمانی ماد نوسراوە کە سەرچاوەی زمانی کوردیە٬ کەواتە روز بەهان موحەمەدی فێری سرودەکانی ئاڤێستای کوردی کردوە نەک شیعری فارسی . سەرجەمی سەرچاوەکان نوسیویانە کە زەردەشت لە ورمێ لە دایک بوە.ئاشکراشە لەدوای هەرەسی ئیمپراتۆریەتی مادەوە بە دەستی فارسەکان٬ کورد دەسەلاتی لە دەست داوە .واتە ناوچەی ورمێ لەژێر دەسەلاتی فارسدا بوە.لە 2500 ساڵ لەمەوپێشەوە تا ئەمڕۆ! ئاشکراشەکە دەسەلاتداران هەمیشە ویستوویانە کە زمانەکەی خۆیان بسەپێنن بەسەر گەلانی تردا . کە ئیسلامیش گەشتە ناوچەکە ئەویش هەمان ڕێبازی پیادەکرد. کەچی زمانی کوردی بە پوختەی خۆی ماوە؟ هەروەها زمانی فارسی لەسەدا 75 یان زیاتری زمانەکەی لە دەستداوە! زیندومانی زمانی کوردی بەڵگەیە کە زەردەشت کورد بوە نەک فارس .چونکە ئەو جێگەی کە زەردەشتی تێدا لە دایک بووە دەبوا ئێستا فارسی بوایە نەک کوردی! بۆزمانی عارەبی توانی زمانی ناوچە فارسیەکان تێکەڵ بە خۆی کا و نەتوانێ کوردی تێکەڵ بەخۆی کا هەرچەند زمانی فارسیو عارەبی زمانی فەرمان ڕەوابون.
نەمر محەمەد ئەمین زەکی بەکێ لە کوردو کوردوتاندا بە بەڵگەی زانستی سەلماندویە کە زەردەشت کوردە.هەروەها کۆمەڵی مامۆستای بەتواناو ئەکادیمی زانستگەی مەد تیڤی بە بەڵگەو فاکتا مێژووی سەلماندیان کە زەردەشت کوردە.
دەتوانین چەندێ لە ئایەتەکانی ناو قورئان بکەینە بەڵگە کە پڕاو پڕ لە ئاڤێستا وەرگیراوە وەک :
ا ـ کاتێ تۆ لە سەرەتای دەستپێکی جیهاندا ژیانت ڕواندە گیانمانەوە٬ زانایی خۆتت داینێ٬ ئەو کاتە فوی ژیانت کردە گیانمانەوە دەرونمانەوە . (ئاڤێستا )
× ـ **فاذا سويته فنفخت من روحي** (سورەی **ص 72 قران** )
ب ـ سزای ئەو کەسە درۆزنی... ناپاکی بە سەروەری بکات چییە ؟ (ئاڤێستا ) .

یاخدون اربابا من دون الله (قورئان)
ج ـ سزای ئەو کەسە بە ناڕەوا ماڵی خەڵکی دەخوا چییە ؟ (ئاڤێستا).
× ـ یاکلون اموال الناس بالباطل (سورەی تۆبە 34قران ) .ئەمانەتەنها چەند نمونەن ‘گەر مرۆڤ کەمێ باشتر بڕوانیتە قورئانوو ئاڤێستا ‘ بەڵگەی باشتری گیردەبێ.

وە چەندەها ئایەتی دی گەواهی دەدەن کە موحەمەد مامۆستای هەبووە مامۆستاکەشی روز بەهان ‘ کەسانی تر بووە ‘ جگە لەوەش حەلیمەی شاعیرو زمان زان کە دایەنی موحەمەد بووە یارمەتی زۆری داوە موحەمەد بۆ خۆی گوتویەتی : هەتا ماوم قەرزاری ئەوم (واتە قەرزاری حەلیمەم) .

## زیرەکی موحەمەد

پێش هاتنی ئیسلام و بانگەوازی پەیامبەری ‘ ئەوس و خەزرەج لەسەر دانانی بەردە ڕەشەکەی کەعبە خەریک بوو بە شمشێر پەلاماری یەکتر بدەن . چونکە پێش هاتنی ئیسلامیش لەنهێنی بەردە ڕەشەکە نەدەگشتن‘ وەک خوا تەماشادەکراوەوپیرۆز بوو . بەڵام موحەمەد کەوتە نێوانیان و نەیهێست خوێن لە نێوانیاندا بڕژێت . ئەمە بەڵگەیەکە کە ئەو کابرایە بە تواناو زیرەک بووە .چونکە توانیویەتی لەو سەردەمەدا کە تاریکترین ڕۆژانی عارەب و دواکەوتویی لە ترۆپکدا بووە ‘ هەرچەند بەڵگەکان گەواهی دەدەن کە ئەو سەردەمە لە بازاڕی عوکازدا شەڕە شیعر کراوە . محەمەد توانای ئەوەی بووە کە نەهێڵێ شەڕو ئاژاوەی لابەلا دروستبێ ! هەروەها بیرێ داڕێژێو بیکاتە بناغەیەک بۆ گۆڕانی ژیانی ئەو سەردەمە . ئەوەتا ئەوسو خەزرەجەکەی کوردستان وا سی ساڵ زیاترە ‘ محەمەدێکیان لێ پەیدا نەبووە!! تا ئاڕ ئاڕەکەیان لێ بەشکا. ئاڕئاڕ واتای (ڕاوڕوت) محەمەد بە تاقی تەنیا عەرەبە پارچە پارچەکراوەکانی کۆکردەوە . سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەو چەرمەسەریەی دیتی وازی نەهێنا ‘ تا هەموو عەرەبی کۆکردەوە لەژێر فەرماندەی خۆیدا . لە ( 19 ی نەورۆزی

610 ی زاینی) دا موحومەد لە ئەشکەوتی حەرا دەگەڕێتەوە یەکەمین بانگەوازی خۆی ڕادەگەیەنێ کە گوایا گبرائیل یا ڕۆزبەهان هاتۆتە لایی و پێی گوتووە ( اقرا) واتە بخوێنە! پێیان نەگوتوە ( اکتب ) واتە بنوسە ! ڕەنگە ئەوەش ڕاستبێ کە دەڵێن موحەمەد نەخوێندەوار بووە . بەڵام هیچ لەکێشەکە ناگۆڕێ چونکە هەزارەها کۆلکە مەلاو فەقێ هەن نەخوێندەواریشن بەڵام قورئانیان لەبەرە. بۆیە ئەگەر موحەمەد نەخوێندەواریش بێت دڵنیاین لەوەی کە دەتوانێ وانەکانی مامۆستاکەی لەبەر بکات.

سەرەتا موحەمەد سەرسام و نیگەران دەبێت لە چۆنێتی جاڕدانی پەیامەکەی و گیرۆدەی دەستی چۆنێتی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی دەبێت . ڕەنگە خۆی نەیوستبێ ' بەڵام وەرەقە نایە دەمی کە بووی بە پێغەمبەر . چاخ چاخی هاتنی پێغەمبەر بوە. چونکە پێشتر 123999 پەیامتێری کە بانگەوازی پەیامتێریانکردوە . تەنانەت ژنەکەشی هەست بەنا ئارامی موحەمەد دەکات و لێی دەپرسێ بۆ وا نیگەرانی؟ موحەمەد دیسانەوە ئەڵێ یا شێت بووم یا بووم بە شاعیر ! لێرەدا یەکەم پەخشان دادەڕێژێ دەڵێ :( یا ایها المدثر * قم فانذر * وربك فكبر * وثيابك فطهـر ) سورة مدثر واتە : ئەی ڕەهبەرێ کە خۆت بە نوێنی ماڵێ پێچاوەتەوە' وەیا ئەی ڕەهبەرێ کە خۆت بەکاڵای ڕەهبەری و پێغەمبەری ڕاستەوە پێچاوەتەوە ' خەڵکی بێئاگا لە سزای خوا بترسێنە .

خەدیجەی ژنی دەچێتەوە بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل دوبارە دەربارەی ڕوداوەکەی بۆ باسدەکا. وەرەقە دێت و پێی دەڵێ :توشی تەنگ و چەڵەمە دیی ... خەڵکی بە درۆزن ناوت دەبەن ... شاربەدەرت دەکەن. وەرەقە بەسەرهاتی عیسای بیستبوو ' بۆیە هەمان بەسەرهاتی بۆ محەمەد چاوەڕوان کردبوو . ئەڵێ : بەڵام تا من زیندو بم پشتت دەگرم تاریخ تەبەری ( ل850 ) . هەروەها سەرۆکی گەورەی یەکێ لە مەسیحیەکان عمرو بن ثقیل پشتی دەگرێ . پاش ماوەیەکی کەمیش ئەبوبەکری هاوڕێی باوەڕی پێدەهێنێ لە ساڵی ( 610تا 613 ی زاینی ) دەبنە چل کەس و بەردوام لە زیاد بوندا دەبن . لە ساڵی 613 ی زاینیدا موحەمەد بانگەوازەکەی ئاشکرا دەکات . بەڵام پاش ئەوەی کە دەڵێ من پێغەمبەرم قورەیشیەکان لێیرادەپەڕن و دەکەونە ئازاردانی .لە کاتی نوێژ کردندا پزدانیی بزنێک یا ووشترێک لە سەر پشتی دادەنێن. لە کاتی نان خواردندا خواردنەکەی پیس دەکەن . هەروەک وەرەقە پێشبینی کرد. چونکە پێغەمبەر دارێتی وەک موڵکی جوللەکە وا بوو . هەروەها جولەکە باوەڕی وا بوە کە بە هەشت تاپۆ کراوی ئەوانە .

هەروەها هەڕەشەیەکیش بوو دژی بتەکان کە دەپەرستران. بۆیە دەبێ بە باشی باسی بتەکانی قورەیش بکات و سوجدەیان بۆ ببات ( تلـك غرانـتق العلى فسوف شفاعتهن ترتجى.

واتـه ئه‌وانـه سێ بـتـه‌كان باڵـنده‌ی بـه‌رزفڕن پـاڕانه‌وه لێـیان چاره‌سـه‌ره . (ئایـه‌ی غرانـیق) ئیسلامه شـاره‌زاكان ئه‌و سـوره‌یه‌یان ده‌رهێناوه له زۆربه‌ی قورئانه‌كاندا بـه تایـبه‌تت شیعه‌كان . پێغه‌مبه‌ری نوێـنه‌ری خـوا له‌ترسـانا ده‌بێت ناوی بته‌كان به باشـی بـبات . هـه‌روه‌ها بۆ نزیک بونـه‌وه‌ش لـه تیره‌كـه‌ی ئه‌و ئایـه‌ی ووتـوه . پاش ئه‌وه‌ی موحه‌مـه‌د ده‌زانـێ فـێڵه‌كه‌ی سـه‌رناگریت بـه‌ره‌و تایف هه‌ڵدێ . به‌ڵام له‌وێش بـه‌رده بارانـی ده‌كـه‌ن ! پاش ده‌ڕۆژ بـه شپرزه‌یی ده‌گه‌ڕێته‌وه مه‌ككه و پاشان بڕیار ده‌دات ڕوبكاتـه مه‌دینه كـه 350 كـم له مه‌ككه‌وه دووره. له ئه‌یلولی 622 ی زاینی له گـه‌ڵ حه‌فـتا موسـڵمان بـه‌ره‌و مه‌دینه هـه‌ڵدین . مه‌دینه شـارێكی كـراوه بـوو، دوو تیره‌ی عـاره‌ب و سێ تیره‌ی جو پێكه‌وه‌تیایا ده‌ژیان . به‌ڵام مه‌ككه به ته‌نها له ژێر ده‌ستی قوره‌یشیه‌كاندا بوو . هه‌ر له به‌ر ئه‌م هۆیه‌ش بوو مه‌دینه‌ی هه‌ڵبژارد .

وه‌ک زانیمان موحه‌مـه‌د له ته‌مه‌نی چل ساڵیدا بانگه‌وازی په‌یامنێریدا وه له ته‌مه‌نی شه‌سـت و سێ سـاڵیدا كۆچی دوایی كـرد. لـه باوه‌شـی ئایشـه‌ی ژنیدا كه ته‌مـی‌نی 18 سـاڵبوو . لـه نـێوان ئـه‌و 23 ێ سـاڵه‌دا ئـه‌و سـوره‌تانه‌ی نـاو قورئانـی داڕشـتوه . سـوره‌كانی نـاو قورئـان ئه‌كرێن به دوو به‌شه‌وه ( مه‌كی و مه‌ده‌نی، پێش ده‌سه‌ڵاتوو پـاش ده‌سـه‌ڵات، ئایه‌كانـی پـێش ده‌سـه‌ڵاتت پـاڕانه‌و سازشـن واتـه: مه‌كـیه‌كان.بـه‌ڵام مه‌دینه‌یه‌كان چونكـه پـا ده‌سـه‌ڵاتن پـڕن لـه هه‌ڕه‌شـه‌و گوڕه‌شـه‌و تۆقاندن) . 86 یان مـه‌كین 28 یـان مه‌دینـنین. زۆربـه‌ی زۆری ئایه‌تـه مه‌دینـه‌یه‌كان ناسک و نه‌رم ترن تا مه‌كییه‌كان كـه‌م كـه‌م ترسـاندنیان تـێدایه . له‌بـه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و كاته ڕاو نراو و لاواز بـوو . ئه‌ویش به‌پـێی ده‌سـه‌ڵاتی ئایه‌ته‌كانی داده‌ڕشـت. لـه مه‌كـیه‌كاندا زۆر بـه‌ڕق و كیـناوی و پـڕ لـه كوشـتن و زیاتر سرودی سـه‌ركه‌وتنی دایده‌ڕشتون . چونكه ئه‌و كاتـه ده‌سـه‌ڵاتی پـه‌یدا كـردبوو . ده‌ی نـه‌ڕاند. هه‌رله‌وێشـدا كـه خـۆی لاواز دیـوه ئایه‌كانیش پاڕانه‌وه‌یان تێدا به‌دیده‌كرێ .

## دانانی بناغه‌ی ئابووری

لـه مه‌دیـنه موسـوڵمانه‌كان وورده وورده جـێگه‌ی خۆیـان كـرده‌وه . بـه‌ڵام بـاری ئابوریـان خـراپ ده‌بـێت . موحه‌مه‌د خۆیشی ناچار ده‌بێ ئاو كێشی بكات. سه‌تڵێ ئاو بـه ده‌نكێ خورمـا ! پاشـان ده‌زانـێ ئه‌مـه دادی نـادات ، بۆیـه بـیر لـه زه‌بـرو زه‌نـگ ده‌كاتـه‌وه .هه‌رچـه‌ندیش محه‌مـه‌د بانگه‌وازنـیكرد كـه خـوا ناردویـه نه‌یتوانـی سیسته‌می تالانی بیابان پشت گوێخا! ساڵی ( 624 ی زاینی ) یه‌كه‌مین تالانیان (غناءم، ده‌ست كـه‌وت ) ئه‌نجامدا لـه جێگه‌یه‌كدا بـه‌ناوی (سـریه الـنخله) ئه‌وه باو بووه له ناوچـه عاره‌بیه‌كاندا بۆ به ده‌ست هێنانی نانو بژێوی په‌لاماری تیره لاوازه‌كان بده‌ن . لـه بـه‌ر ئـه‌وه بڕیارێكی بیابان ده‌ڵێ : له مـانگی ( رجب ، **ذلعقدة ، ذلحجة ، محرم** ) دا نابـێت شه‌ڕ بكرێت .له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌و چوار مانگه‌دا كه‌مێک پشو بده‌ن و بحه‌وێنه‌وه . بـه‌ڵام موحه‌مـه‌د چونكـه نـه پـێغه‌مبه‌ر بوو نه په‌یامی خواشی پێبوو

دەستی کرد بە ڕاوڕوت و جەردەیی و یاسای بیابانیشی  شکاند . لەڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەجەبدا هەواڵ گەشتە موحەمەد کە کاروانێکی قەڵەو لە شامەوە بۆ مەککە دەچێ' بە سەرکردایەتی **عمر بن خضرمي** ' موحەمەدیش عبدالله بن جحش لە گەڵ هەڤاڵەکانی دەنێرێتە سەر کاروان و سەرۆکی کاروانەکە دەکوژن 'و دوانیشیان بە دیل دەگرن . بەڵام لەشارا دەبێتە هەراو ناڕەزایی  دەربڕین ' تەنانەت موحەمەد خۆیشی دڵگران دەبێت . چونکە کەوتە بەر تانەو  سەرزەنشت نەک لەبەر دزیو تاڵانیەکە ! بەڵکو لەبەر شکاندنی بڕیارەکانی بیابان . چونکە وەک ووتمان  دزیو جەردەیی کارێکی ئاسای بووە. ئەوەش هۆکاری  نەبوونی کەمی ووشیاریبوە .  تاسەردەماتێکی نزیکیش لای خۆشمان دزی کردن   جوا نمێری بووە .تەننانەت ئەوکەسەی دزی بۆ نەکراوە ' خۆی ئارداوی کردوەو چۆتە کۆڕوکۆمەڵەوە بە شانی ئارداویەوە' تا بەکەسانی تر بسەلمێنێ کە ئەویش دەتوانێ دزی بکا.ئاشکراشە کەئەو دیاردەش کلتوری عارەبی جاهیلی بوە هێنایەناوچەکە.ئەوەش بەڵگەنیە کە کورد جەردەیی نەکردوە .بەڵکو پێویستی نەبوە. گەر کوردیش لە ناوچەی دورگەی عەرەبیدا ژیابا هەروەک عەرەبی دەکرد.ئێستا نیمچە دورگەی عەرەبی نەوتیان هەیە'برسی نین.پەلاماری ناوچەکانی ترنادەن لە برسانا.

هەرچەندە عبدالله پاکانەی دەکردو دەیگوت ئەو پەلامارە لە کۆتایی جەمادی دووەمدا ڕویداوە . بەڵام نەیان توانی تاوانەکەیان داپۆشن .

(مستەفا حسێن تەبا تەبای لە پەرتوکی خیانت در گزارش تاریخ ' ل 124 )

دەربارەی هەمان باسی سریەی نەخلە . وەک پارێزەرێک ئەڵێ : کە عەبدلا نامەی پێبووە' عەبدولا چووە تا بزانی ئەو کاروانە بۆ شەڕ هاتون یان خێر . بە ئاشکراش زانیویانە کە کاروانی بازرگانیە ! پارێزەر گەر دژی گومانلێکراوبوو ' ئەوا بەهەمووشێوەیە هەوڵدەدا گومانلێکراو تاوانبارکا .خۆ گەر پشتیوانی گومانلێکربوو' ئەوا بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا گەربشزانێ تاوانبارە ' بێبەریکا لە گومانلێکراوی. سیستەمی سەرمایەداری وایە . پەلاماردانی کاروانێکی بازرگانی لە جەردەیی زیاتر ناتوانرێ هیچ ناوێکی تری لێبنرێ ! .

گەر سەرنجی شیعرەکانی ناو قورئان بدەین دەبینین گشت یا زۆربەی هەرە زۆریان لە پاش ڕودانی ڕوداوێکەوە هەڵبەستراون یا داڕێژراون .یان لە ئەفسانەیەکی کۆن دەدوێ . موحەمەد بۆ تاڵانیەکەی ( سریە النخلە ) سەرهێناو برد چارەی نەماو زانیشی کە بۆی پینە ناکرێ . ئەم ئایەتەی دروست کرد ( **يسئلونك عن الشهر الحرام قتال فيه قل قتال فيه كبير وصد عن سبيل الله كفر به والمسجد الحرام واخراج اهله منه اكبر عند الله والفتنة اكبر من القتال لا يزالون يقاتلونكم حتى يردوكم عن دينكم ان استطاعوا**) واتە : لێت دەپرسن (محەمەد لەزمانی خواوەدەدوێ) شەڕو خوێن ڕشتن لە مانگی حەرامدا ڕەوایە ؟ بڵێ : ڕاستە ناڕەوایە. بەڵام دەرکردنی خەڵک لە مەککەو ڕێگرتنیان لە سەردانی کەعبە دووزمانیە  کە لە کوشتن خراپترە(بقەرە 217) ئایا بەڕەوای دەزانن کە خوا دانیشی وبیرکاتەوە و بێتاوانی ڕاوڕوت کەران بەیان کا ؟؟؟یان هە بەڵگەیەکە  کە دەیسەلمێنی محەمەد چۆن بیردەکاتەوە'گەر خوا

هیئنده گەورەیە و زانانیەو ارحم راحمن نیشە ‘چۆن دەکرێ باوەڕکرێ‘ بلّێ ئا ڕەوایە بیان کوژن.بەشەرتێ دەستدرێژیشیان لێکراوە!!
لێرەوە سەرچاوەی ژیانی ئیسلامەکان کەوتە سەر پەلامارو هێرشکردنە سەر کاروانە بازرگانیەکانی قورەیش و تیرەکانی تر . ئیسلامەکان هەتا بەهێزتر دەبوون شەڕو خوێن ڕشتن لە ناوچەکەدا زیاتر دەبوو . دەکریت لێرەدا پرسیارێک بکەین ؟ ئایا خوایەک ئەوەندە لێهاتوو بێت مرۆڤ دروست بکات. بە شەش ڕۆژ ئەم گەردونە دامەزرێنێ‘ چۆن دەبێت پەیامنێرێکی ڕێگرو جەردەیەبێت ؟! .
دەبوو ‘خوا بە بێ هیچ مەرجێک ڕەوایی و خۆشەویستی و زانست و ....هتد ی بۆ ڕەوانە کردینایە ’ نەک ڕق و کینە و هێزی شمشێر .کاتێکیش ئیسلام جێپێی خۆیقایمکردوو ‘کەوتە پەلاماردانی دەووروبەری خۆی‘لە پەلامارەکاندا هەمیشە بازرگانانی قورەیش لە گەڵ چەتە ئیسلامیەکاندا دەچوون‘تا تالانیەکان لە چەتە ئیسلامیەکان بکرن.تالانیەکانیش هەمیشە کیژۆڵەنازدارەکانی دەووروبەری نیمچەدوورگەی عەرەبی ببون! محەمەد کە هەستیکرد بازاڕ کڕیاری زیاترە‘ئیتر لە هەموو بەڵێنەکانی کە دابوی ‘پەژیوان بوەو دژی کۆیلەش وەستا و ووتی خوا ئەڵێ! (فکلوا مما غنمتم حلالا طيبا واتقوا الله إن الله غفور رحيم(69)الانفال) واتە: بخۆن یۆشیکلەیانتان بێ گوناه نیە‘خوا بەخشندەو لێشت دەبوورێ!
ئەمڕۆ لە شارستانیترین وولاتەوە بگرە تا دواکەوتوترین وولات ( جگە ئەو وولاتانەی پەیڕەوی ڕەفتارەکانی موحەمەد دەکەن ) سەربڕینی مرۆڤی تیا قەدەغەکراوە . تەنانەت لە زۆر وولاتدا سەربڕینی ئەو ئاژەلانەی گۆشتیان دەخورێ قەدەغە کراوە . دەبێت پێش سەربڕین بێهۆش بکرێ لەبەر ئەوەی هەست بە ئازار نەکات . کەچی ئەو پەیامبەرەی خوا (موحەمەد ) (700) دیلی جەنگی سەربڕی کە تەسلیمیش بوبوون . هەرچەندە زۆر سەرچاوە ئەڵێ هەزار کەس دەبوون . پاش ئەو سەربڕینەش ژنەکانیان بردن و لە ناوخۆیاندا دابەشیان کردن .
هەروەها لە شەڕی چیای بەنی قورەیزە کە یەهودیەکانیان لەناو برد .
پاشانیش ماڵ و سامان و ژنەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد .
ئەو کاتەش کە موحەمەدو هاوەڵەکانی چواردەوری تیرەی بەنی نەزیریان گرت . بەنی نەزیریەکان خۆیان گرت و بەرگریان کرد . بۆیەموحەمەدیش فەرمانیدا ‘ هەرچی دارستان و مەڕو ماڵاتیان هەیە بیسوتێنن . بەنی نەزیریەکانیش هاواریان لێهەستاو هاواریان کرد‘ موحەمەد : تۆ خۆت بە مرۆڤێکی دادوەرو چارەسەرکەر دادەنێی و بانگەواز دەکەی کەخەڵکی لە وێرانکاری و ناڕەوایی دورکەونەوە ’ بۆچی گیانلەبەروبونەوەرە سودبەخشەکان لە ناو دەبەی ؟ ! . موحەمەد وازی نەهێنا چونکە توڕە بوە .بۆ وەڵامدانەوەی نەوەی نەزیریش , یەکسەر ئەم شیعرە دادەڕێژێ :(**ولو لا ان كتب الله عليهم الجلاء لعذبهم في الدنيا والخرة عزاب النار ذلك بانهم شاقوا الله**

**ورسـوله ومـن يشـاق الله فـان الله شـديد العقـاب ما قطعتم من لينة او تركتموها قائمة على اصولها مباذن الله و لجزى الفاسقين )**

واتـه : ئەگـەر بـۆ ئەوانـە نەنوسـرا بایـە کـە لـەم دونـیا دوچـاری ئـازارو لەو دونیاش دوچـاری ئاگر دەبنەوە' لەو ڕێگایە ئەگەر دار(لینە)خورمایە ببڕینەوە یا چاودێری بکـەین' ئـەوا خـوا دەسـتی بەرەڵا کردوین و ئازادی کردوین ' چونکە بڕینەوەیان بۆ ئـازاری کافـرانە . ( سـورەی حەشـر ئایـەی 3 ' 4 ' 5 ) واتاکـەی پـوختەو ڕەوانـە: ئیسلامەکان بۆ گەشتن بە ئامانج هەموو شتێک بکەن ئەگەر چی نامرۆڤانەش بێت .

جیهانـی ئـەمڕۆ هەرچـەندە ئـەو جـیهانە مرۆڤـایەتیە نیـیە !لـە بـەر ئـەوەی سیسـتەمێکی سـەرمایەداری بۆگـەن بـەڕێوەی دەبـات. لـە گـەڵ ئەوەشدا کوشتنی دیل قەدەغەیـە نـەک سـەربڕین وەک بـەرخ ' مەگـەر لای ئەوانـەی کەبیریان لە گەڵ بیری موحەمـەددا جوتـە . چونکـە دیل بێ پارێزەرو بێ چەکە بە هیچ شێوەیەک ڕەوا نییە شمشێری لێ ڕاست بکرێتەوە .

## ئایەت دژی ئایەت

ئاشـکرایە مـرۆڤ چەوتێتی ئەنجام دەدات ' لەبەر ئەوەی مرۆڤە ! . هەروەهـا مرۆڤی سپـڵە زۆر جـار بـۆ گەشـتن بـە ئاوات و مەبەستەکانی تاوانیش ئەنجام دەدات . ئەمە نـەک هـەر بـۆ سیسـتەمە سـەرمایەداریەکە وا پێویسـت دەکـا. بـەڵکو سیسـتەمی سـەرمایەداری وا دەڕوا بـەڕێوە . چونکـە سیسـتەمی ئەمڕۆمان وایە . بەڵام خوایەک ئەوەندە بە تواناو بەهـێز بـێت لـە شـەش ڕۆژدا بتوانێ ئاسمان و زەوی بە هەموو بونەوەرەکانیەوە بـەو ئاڵۆزیەدروسـت بکـات نـا گونجـێ بـە شێوەیەکی وا چەوتێتی ئـەنجام بـدات کەبـەندەی خـۆی ڕەخـنەی لێبگرێ. بیردۆزەکـەی فیسـاگۆرس هـەرگیز نـەگۆڕە کـە ئەڵـێ : چوارگۆشـەکەی سـەر گۆشـە 90 پـلەیە کـە دەکاتـە کـۆی هـەردوو چوارگۆشـەکانی لاکانـی تـری سـێ گۆشـەکە بـە مەرجـێ سـێ شـەیەکی گۆشە وەستاو بـێت . جـا هـەرچۆن لاکان کورت بکەینەوە یا درێژ هیچ لە بیردۆزەکە ناگۆڕێ . ئەمە بیـری مرۆڤـێکە لـە ئەنجامـی بیرکـردنەوەدا گەشـتۆتە ئـەو ئەنجامـە و بیردۆزەکـەی خـۆی داناوە و هەتا شەڕی ئەتۆمی ڕونەدات بیردۆزەکەی زیندوە .

بۆیـە هـیچ لـۆژیکـێک قبوڵی ئەوە ناکات کەخوا قورئانی ناردبێتە خوارەوە . چونکە لەلایـەک ئەڵـێ :( لکـم دیـنکم ولـی دیـن ) واتـە خەڵکیـنە بـاوەڕی خۆتـان بـۆ خۆتان'باوەڕی خۆشم بۆخۆم . سورەی کافرون ئایەی 6 .

کەواتــە بــە پــێی دەقــی قورئانەکــە مــرۆڤ لــە هەڵســوکەوتدا ئــازادە و دان بەخاوەنداریێتیش نراوە بەپێی ئەم ئایەتە (سورەی الکافرون' ئایەی 6 ) بۆ نمونە مـرۆڤ دەتوانـێ خـوا نەپەرستێ ! چونکـە ئـایین مانـای باوەڕهێـنان . ووتەکانـی موحەمـەدیش لـەو ئایەتـەدا دیموکراتـیانەیە' کەدەڵـێ بـاوەڕی خـۆت بـۆ خـۆت' بـاوەڕی خۆشـم بۆخـۆم . هەرچەندە ئەگەر کەمێک بەووردی لە ئیسلام ورد بینەوە دەبیـنین لەسـەدا نەوەدوپـێنج ی لەترسـی شمشـێر باوەڕیـان هێـناوە ' یـا لەبـەر بـەرژەوەندی تایبەتـی . خەڵکانێکـیش هـەبون لـە نەزانـی بووبـن بەئیسـلام . سـەردەمانی پـێش مـارتن لوتـەر قەشـەکان پـارچە زەوی بەهەشـتیان دەفرۆشـت ' لەبەرئـەوەی خەڵکـی ئـەو سـەردەمەش ووشـیار نـەبوون هەرچـیان هـەبوو دەیـان فرۆشـت بـۆ کڕینـی پـارچە زەویەکـی بەهەشـت بـەس لەبـەر ئەوەی لە جەورو ستەم ڕزگاریان بێت .

وەک پێشـتر باسمـان کـرد کـە خـودی قورئـان مافـی ئـازادی پـێداوین چـۆن بـیر بکەینـەوە و بـاوەڕ بەچـی بهێـنین . کەچـی لـە سورەی نساء دا ئایەی 56 دەڵێ :( **ان الذيــن كفــروا بئايتيــنا ســوف نصيلهم ناراكلما نضجت جلودهم بدلناهم جلودا غيرها ليذوقوا العذاب ان الله كــان عزيــزا حكــيما** ) واتـە هەرکەسێ بەدرۆمان بخاتەوە دەیهاوینە ناو ئاگرەوە . هەرکاتـێک پێستەکەیان سـوتا پێستی تازەیـان بـۆ دەڕوێنینـەوە . تـا ئـازار بچێژن . هـەروەها لە سورەی التوبە ئایەی 28 دا دەڵێ ( **قاتلوا الذين لايؤمنون بالله ولا باليوم الاخر....** ) واتـە : ئـەو کەسـانە بکـوژن کـە باوەڕ بەخواو ڕۆژی کۆتایی ناهێنن .لەلایەکی ترەوە لە سورەی البقرە ئایەی256 دا دەڵێ ( **لااكراه في الدين قد نبين الرشدمي الغي ....** ) واتە بوون بە ئیسلام بە زۆر نیە. باوەڕەکەت نەفرەت لێکراوو مەکروهـ نیە . ئیسلام تا ئیسپانیا گەشت وابزانم گوڵیان بەخشیەوە. شمشێرو تیروکەوانیان لەشاندا نەبوو .مێژوو بە نـاڕەوا تاوانـی داوتـە پـاڵیان . جارێکی تر لە سورەی انعام ئایەی 25 دا دەڵێ (**وجعلنا عــلی قلوبهــم اكنه ان يفقهوه و في اذانهم وقرا** ) واتە: پەردەمان دادایە سەر دڵیان گوێشیانمان پڕکرد لە قوڕقوشم تاهیچ نەبیستن . کەواتە خۆی نەیوستووە باوەڕپەیدا کەین .ئەی سـزای دۆزەخ بۆ......بۆ ؟؟؟ خۆی کەڕوکاسکردوین تا باوەڕنەکەین .

هـەروەها لـە (سـورەی الکهف ئایـەی 57 انا جعلنا على قلوبهم أكنة أن يفقهوه وفي اذانهم وقرآ) هـەمان تاسوحەمام ' دوبارە بۆتەوەو ناوەڕۆکیان یەکە! واتاکەشی ئەڵێ : ئێمە ڕێگـەمان گـرت لـە باوەڕیـان تـا هـەست بە هیچ نەکەن ' گوێشیا نمان ئاخنی تا ڕاستی و دروسـتی نەبیسـتن. دیسـان سەمەرەترینیان ئەڵێ (ولو شاء ربك لامن في الارض كلهم جمــيعا افانــت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين ' وما كان لنفس ان تؤمن الا باذن الله ويجعل الــرجس على الذين لايعقلون ) واتە ئەگەر خوای تۆ بیویستایە دانیشتوانی تۆپی زەوی باوەڕیـان دەهێـنا 'ئایـا تـۆ زۆر لـە خـەڵک دەکـەی تـا باوەڕبهێـنن ؟وە هیـچ کـەس ناتوانێ بـڕوا بهێنـێ ' مەگەر بە ڕێگەوەرگرتنوویستی خوا . خوا پیسی ئەخاتە سەر کەسانێ کەووشیاری خۆیان ناخەنە کار .یونس 99 ' 100 ) سەرەتا ئایەی 99 بە ئاشکرا دیارە کە محەمەدە دەدوێ. دەقی قورئانەکە ئەڵێ گەر خوا بیەوێ ؟خۆ گەر

نەشی ویست ؟ قسە هەزارە دوانی بە کارە. وەک نوسراوە محەمەد سەرەتا تەنیا بوو ، ئیسلامێکی کە نەبوو سەرجەمی سەرۆکە ئیسلامیەکان دژی ئیسلام بوون . بۆنمونە خالیدی کوڕی وەلیدی بەڕێگەی ژنهێنان بوو بەئیسلام، هەتا توانی دۆستەکانی محەمەدی کوشت .ئیتر محەمەد لەکوێوە زانی کە ئەوانەی باوەڕناهێنن، هەرگیز باوەڕناهێنن ؟ کەچی لەسورەی سجدە ئایەی 14 دا ئەڵێ ( فذوقوا بما نسیتم لقاء یومکم هذا ، انا نسیناکم و ذوقوا عذاب الخلد بما کنتم تعلمون ) جا بچێژن ئەشکەنجەی دۆزەخ لەبەر ئەوەی دیداری ئەمرۆژەتان لەبیر خۆتان بردبۆوە، ئێمەش ئێوەمان لە بیر خۆ بردۆتەوەو بچێژن ئەشکەنجەی بەردەوام ،بۆ ئەو کارەی ئەنجامتاندا . خوا خۆی پەردەی دادایە سەر دڵوبینایان ، کەچی پاشان لەبیری دەچێ کەلە بیریان نەچوە بەڵکو خۆی دەرگای لێدا خستون .! هەروەها سورەی العمران ئایەی 85 ( و من یتبع غیر الاسلام دینا فلن یقبل منە وهو فی الا خرە من الخاسرین ) جگە لە ئیسلام هیچ باوەڕێتر پەسەناکرێ .ئەوانە لەکۆتایدا لە دۆڕاوانن . زیاتر لە پێنج ملیاردێ مرۆڤ باوەڕیان نەهێناوە بە ئیسلام ئەو پێنج ملیاردە چۆن بکوژین؟ خوا مەرجمان بۆ دادەنێ هەر خۆشی لە خشتەمان دەبا! خوایە هەزاران ساڵە پەڕتوکی بە ئاسمانیکراومان بۆ ڕەوانە دەکا ، ژمارەی ناردراوانی گەشتە 124000 پێغەمبەر یان پەیامتێر کەچی هەر فێر نەبوو !

دۆستێ ووتی: ئەرێ تۆ سەرت لە قورئان دەردەچێ بۆ هەرکاتێ مردویە بتێژرێ ئەبێ ئەم سورە بخوێنین؟ (ما أصاب من مصیبة إلا بإذن الله ومن یؤمن بالله یهد قلبه والله بکل شيء علیم(11 التغابون ) واتا: هیچ بەڵایەک تووشی کەس نایە بەبێ فەرمانیی خوا واتا هەموو کارەساتێ بە فەرمانی خوا ئەنجام دەدریت! بە واتایەتر هەرچی کارەساتە دڵتەزێنەکانە سەرجەمیان بریاری خوایان تیابوە بە پێی دەقی ئەمدێڕو نیوە ئایە قورئانیە!کەواتە هەرچی شەڕەکانە کە کۆنتر ڕوویانداوە بە شەڕی چاڵدێران ڕەشە کوژی خاچپەرستانوو شەڕی یەکەمی جیهانی شەڕی دوەمی جیهانی ئەنفالووهەڵەبجەی شەهید کە سەرجەم زیاتر 250 ملێون کەسی بێتاوانی تێداکوژراوە سەرجەم بە فەرمانی خواکەی محەمەد بوە! لەوەش سەمەرەتر کێشەی چارەسەرکردنی بەلاکانە کە ئەڵێ: وما أصابكم من مصيبة فبما كسبت أيديكم ويعفو عن كثير(30؛الشورى)وەهەر بەلایە(مسیبەتێ)بە ئێوە بگا لەبەر ئەوکارانەیە کە کردوتانە، وە خوا لە گوناهی زۆریش دەبەخشێ!

أولما أصابتكم مصيبة قد أصبتم مثليها قلتم أنى هذا قل هو من عند أنفسكم إن الله على كل شيء قدير(؛ال عمران165)

واتا: بۆچی کاتێ کە بەلای (لەشەڕی ئوحودا گەیی) ووتان ئەمە لە کوێوە؟کەچی کە دووبەرابەری ئەوەتان(لە جەنگی بەدردا زیان بە دوژمن) گەیاندبوو بڵێ ئەمە لەبابەت خۆتانەوەیە(کەلە فەرمانی خوا لاتاندا)بەڕاستی خوا بەسەر هەمووشتێکدا بە توانایە! محەمەد بەڵێنیدابوو بە ئیسلامەکان کە لە هەموو شەڕەکاندا سەردەکەون.بەلام ئیسلامەکان دیتیان کە لە شەڕی ئوحودا تێکشکان! محەمەد

زیـرەکانە ئەڵـێ : کـە گوناهـی خۆتانبوە نەک خـوا! لـە قورئانـی عوسمانـی کـوڕی عەفاندا 77 کەڕەتت ناوی بەڵا وکارەسات هاتوە لە شێوەی ڕەگدا.
مـن نـازانم ! کۆمبیتەرەکەی موحەمەد یەکەی ئەمار ( الخزن ) کردنی سوتاوە ٬ یا لـەبیریان چـووە ئەم دوو سێ ئایەتەی سەرەوە بەراوردکەن ٬ تا خۆشیان تێبگەن کە دوو ناوەڕۆکی دژ یەک و دور لە ڕاستی تێدایە . ک854 جار لە قورئاندا ئەڵێ کە خوا زانایە ٬ زانایە٬ دانایە٬دکتۆرە٬ دەروناسە هەموو شتێکە . بەڵکو ڕاستیەکمان دەداتە دەست کـە خـوا قورئانی نـەناردوە ٬ چونکە ئەوپەسـنانەی (وەسف) نـاو قورئـان دەربارەی خـوا کـە خـوا لـە هـەموو کـەس زانا ترە لە ئەنیشتاینیش ٬ نەدەبوو لە بیری بچوبا ٬ گـەر لـە بیریشی بچوایە ئەو ئاگا لە هەموو شتە دەبوا پاشان جارێک پیایاندا بچوایەتەوە!؟ چونکە قورئان ڕەوانەکراوە تا تەواوی مرۆڤایەتی ڕابەریکا .
بەپێی قورئان سـەرجەمی باوەڕەکانی پێش ئیسلام کۆتاییان هات ٬ محەمەد خۆی دوا پـەیامبەرە ٬ دوا بـاوەڕی ئاسمانیشـە ! بەڕاسـتی نـەگونجاوە بەڵگـە هەبـێ گومانلـێکراو لـە جـێگەی تـاواندا نەبووبێـتوو تـاوان باریشـی کـرێ!؟ مەگـەر قورئانەکەی محەمەد !!
هـەروەها ئەو دوو سێ ئایەی پێشووتر کەباسمان کردن دەقاو دەق لە بیروباوەڕی دەرەبـەگ , ئاغا , دکتاتۆر و فاشیەکان دەچێت. کاتێک بەڵێن و سۆز دەدەنە خەڵک ٬ جـا چ لـە ترسـی هەڵمەتـی گـەل بـێت یـا مەسـت بـن بڕیـار دەردەکـەن . کەمەبەستەکەشیان بە ئاکام گەشت یا ترسەکەیان ڕەوییەوە یەکسەر بە گۆشەی 180 پلە بایدەدەنەوە . ئەوەی خاوەن قسەو بەڵێنی خۆی نەبێ لەو ناوانە دورناکەونەوە . مرۆڤـی خـاوەن بیرو بـاوەڕ بەمەرجێ توشی هەرەسی دەرونی یا لاوازی باوەڕ نەبوبێ ئامادەیە خـۆی بـە کوشت بدات لەسەر باوەڕەکەی هەروەک ( پێ میمی ) کـۆن . خۆ ئەگـەر قورئـان ووشـەی خوایـە ٬ ئەمـە چـۆن خوایەکـە بـە قـەد گەردێک هەڵوێستی نەبێت ! بەرگەی هیچ گەرماو سەرمایەک نەگرێ ! یا ووشەکانی هیچ سەرو بەرێکیان نەبێ و لـە قسـەی هەڵەجـەو بەڵەجە بکـات . یان محەمەد خۆی خواشەو پەیامبەریش .یان کە زۆر هات هەڵوێست لاواز بکا ٬ وە بەهێزیش بوو بنەڕێنێ. ( فلا تهـنوا وتدعــوا الی السلم و انتم الاعلون ) جـا سستی مەکـەن ودوژمن بۆ ئاشتی بانگ مەکەن لە کاتێکدا ئێوە لەسەرەوەن یان سەرکەوتون .سورەی محەمەد ئایەی35 . وا بـزا نم پـیا هەڵدانـی نـاوێ ؟ بـیان کـوژن بـە نـاڕەوا هەرچەند ئەوان لاوازن یـان پەککەوتون !!!یەکێک لە ووتەکانی محەمەد ئەڵێ : (انصر اخاك ظالما او مظلوم) واتا: پشتی براکەت هاوزمانەکەت بگرە گەر زۆر لێکراو یان زۆرداریش بێ!!!؟؟
ئیتر کوا عەدالەتی ئیسلام؟؟ ئەو ڕەوشتانە ناڕێژنە جۆگەلەی کارئەکتەری باشەوە ٬ بـەڵکو لـە زەلکـاوی خراپـەدا تـل دەخـۆن. بـەڵکو ئـە سـورەتانە دەقـاو دەق ڕەنگدانەوەی ڕۆژگاری ژیانی ئەو سەردەمەمان نیشان دەدەن.

## قورئان بۆ مەکە ناردراوە

کەبڕیارێ دەردەچێ ' ناوەڕۆکەکەی دیاری دەکرێ و داخوازیەکانیشی دەست نیشان دەکا .جا هەر بڕیایک بێ . قورئانیش وەک ئاشکرایکردوە' قورئان ووتەو بڕیاری خوایە.
(وكذالك آوحينا إليك قرءانا عربيا لتنذر أم القرى ومن حولها وتنذر يوم الجميع لاريب فيه فريق في الجنة و فريق في السعير) سورەی الشوری ئایەی 7) ئا بەم جۆرە قورئانمان بە عەرەبی بۆتۆ ڕەوانەکرد' تا دایکی گوندەکان (مەککە) و دەوروبەری بترسێنی. وەلە ڕۆژێکدا هەموو خەڵک کۆدەبنەوە گومان و دودڵیش لەو ڕۆژەنیە. دەستەیە لە بەهەشتان و دەستەیەتر لە دۆزەخدا . هەر بە پێی قورئانەکە خوا مافی دەوروبەری مەککەی زیاتر نەداوەتە محەمەد . ئەوەتا ئەڵێ چواردەوری مەککە ! محەمەد بە ناڕەوا یەخەی وولاتانیتری گرتووە. ئیسلام لە مەککەبترازێ مافی بەسەر وولاتانی ترەوە نیە! گەر موسڵمانان ڕێزی قورئان دەگرن دەبێ واز لە ئیسلام بهێنن. بەتایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی مەکە دەژین . ئەمە داوای خوایە نەک من ! یان چونکە محەمەد بێ ئاگا بووە ' لە ئەورووپاو هەردوو ئەمەریکا ! چونکە محەمەد وای زانیوە جیهان تەنها دەوروبەری مەککەیە ! پاشتر کە ئیسلام تەشەنەی کردو سنووری بیابانیان شکانوو گەشتنە دەرەوەی سنووری نیمچەدورگەی عەرەبی 'محەمەد نامە نووسی بۆ هەرقلی یۆنانی بۆ ئیپراتۆری فارس واتا محەمەد پاشتر زانی کە جگە لە مەکە جێگەی تریش هەیە! یان محەمەد بناغەی ڕێخراوەکەی وا دارشتوە کە تەنها بۆ مەکەبێ . ڕەنگیشە خوا کوێر بە خێوکا کا ئەو 50 هەزار فریشتە بزنی دابەستەن وا خوایان ئاگادار نەکرد ؟ گەرئێمە مافی ڕەخنەمان نەبێ خۆ ئەوان هەیانە !؟

### بێ دەسەلاتی محەمەد

لە سورەی ( انفال ئایەی 29 دا دەڵێ :( **واذ يمكر بك الذين كفروا اليثبتوك او يقتلوك او يخرجوك و يمكرون و يمكر الله والله خير المكرين** ) واتە : کە کافرەکان فێڵ دەکەن تا لە شارەکەت مەککە دەرتبکەن . یان بتکوژن فێڵدەکەن ' ئەی خوا خۆی فێڵ ناکات ؟ خوا لە هەموو کەس فێڵبازترە یان مەکرکەرترە. نوسەری ژیان وڕەوشتی محەمەد عەبدوعەزیز عەلادین موستەفا کۆی ل 150 شەرمی کردوە بازیداوە بەسەر مەکرکردنەکەی خوادا ! وای زانیوە دەتوانێ کە مەکرکردنی خوا بشارێتەوە'تا ئاسانتر ڕەشوڕوت لە خشتە بەرێ.وا بۆی تەواو دەکەین کە خوا مەکریش دەکا.
خوینەری بەڕێز :

کاتێک دوو کەس یان دوو گرووپی تۆپێن دەچنە مەیدان بەبەرچاوی خەڵکەوە یەکیان گرەوەکە دەباتەوە . چونکە بەهێز ە لێزانە ' هونەرمەندە .. لەو مەیدانەدا دەردەکەوێ کام لایان بەهێزە ' ئیتر پێویستی بە فێڵ نیە . گەر بەهێزەوزانایەو بەتوانایە . بە پێی یاساو داب و نەریتی وەرزش یاریەکە دەبەنەوە . بەلام ئەوانەی کە ئەو هێزو زانایەیان نیە پەنا دەبەنە بەر فێڵ ومەکر .قوتابی کە دەچێتە پۆلی تاقیکردنەوەوە کاتێ لەخۆی دڵنیا بێ ' پێویستی بە کۆپی کردنی شیکارەکانی ناو وانەی پەرتوکەکەی نیە !بەلام کە لە خۆی دڵنیا نەبوو' بۆ ئەوەی پلەی باشتر دەست خا پێویستی بە کۆپی شیکارەکانی هەیە . لە ڕاستیدا ئەو جۆرە ڕەفتارانە موحەمەد لە قورئانەکەیدا بەیانی دەکات نە بەرامبەر گاندی نەمارکس نە لینین نە .... هتد ڕوینەداوە . هەمیشەش دژ هەبووە . فێڵ کردن یا مەکر کردن لە ناو هەموو گەلانی جیهاندا هەمیشە بەپاشکۆی ئافرەت کراوە . ئەم بۆچونە تا ڕادەیەک ڕاستە . زۆر کەم ڕێدەکەوێ ئافرەتێک توانای هێزو بازوی پیاوی هەبێت ! ئەمەش گوناهی کەسی تێدانیە چونکە بیۆلۆگیەتی ئافرەت وایە. کەواتە بەڵگە نەویستە کە قورئان ووشەی خوانیەو موحەمەد بە بیری خۆی و یاوەرەکانی دروستی کردووە . بۆیە لە کاتی لاوازی و بێدەسەلاتیدا نەرمو نیانی پیشان دەدات . دەبینین وا مەکردەکا .

چونکە ئەگەر ووشەی خوا بوایە ؟! خوا کەس نایبەزێنێ ' خوایەک ئەوەندە بە هێز و بە توانا بێت ! ئاسمان و زەوی لە هیچەوە دروست کردبێ بە هەموو بونەوەرەکانیەوە! گەردونێکی وا تەنها ئەو هێڵەی پێی دەڵێن کا کێشان سەد ملیارد ئەستێرەیە. خوایەک ئەوەندە بە هێز بێت ( ئیدی دروست کردنی حوشترێک لە چاو سەد ملیارد ئەستێرەدا کەی هونەرە )؟ بیەوێت کارێک ئەنجام بدات یا دەرونی توشی جۆرە تراوما یەک بووبێ ئەوا دەبێت چۆن باوەڕ بکرێت لە بەرامبەر ئادەمیزدا ئەوەندە لاواز بێت پەنا بۆ فێڵ ببات ؟ چونکە چارەو دەسەلاتی تری نەماوە . بەڵکوو ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەروونی محەمەدە . لەوەش بەڵگەی بەهێز تر کە محەمەد بێدەسەلاتانە دوعا لە باوکی لەهەب (ابو لهب ) کە مامی محەمەدە ' دەکا کە دەستی بە بڕین چێ !!(تبت یدا ابی لهب وتب ) سورەی مسد ئایەی **1** )(ئۆی ڕەبی دەستی بەبڕین چێ' دوعایەکی ژنانیەی خۆمان) خوا لە دوورەوە تەماشای مل ملاتیی محەمەدو باوکی لەهەب دەکا. (محەمەد وا ئەڵێ) محەمەد بە لاوازی دەبینێ بەزەیی پێدادێتەوە . دەسەلاتی نیە یارمەتی بدات .هەروەها ئەڵێ ( وقالت الیهود عزیرا ابن الله وقالت النصری المسیح ابن الله ذلك قولهم بأفوههم یضهئون قول الذین كفروا من قبل قتلهم الله انی یوءفكن ' واتە جولەکان ووتیان عوزەیر کوڕی خوایە' فەلەکان ووتیان مەسیح کوڕی خوایە ' ئەم قسانە کە بە زاریانەوە وەک قسەی کەسانێکە کە لە پێشدا کافربوون ' خوا بیان کوژێ ' چۆن درۆ دەکەن؟ التۆبە ئایەی 29 . دیسان ئایەی4 ' سورەی المنفقون ئەڵێ (واذا رأیتهم تعجبك آجسامهم وان یقولوا تسمع لقولهم كآنهم خشب مسند یحسبون كل صیحة علیهم هم العدو

فآحذرهم قتلهم الله أنى يوءفكون ) واته ‘ كاتێ ئەوانە دەبینی لەجوانیدا سەرت سوڕئەمێنێ ‘ ئەڵێی چیویکن بە دیوارەوە هەڵپەسێرداون ‘ هەر قسەو دەنگێ بەزیانی خۆیان ئەزانن ‘ ئەوانە دوژمنن . جاخۆیان لێبپارێزە‘ خوا بیان کوژێ چۆن لەڕەوا لادەدەن ؟بەڵگە نەویستە کە ئەم دێرانە قسەی محەمەد خۆیەتی . ئەگینا وا گریمان قورئان قسەی خوایە‘ کەواتە خوایەتریش هەیە کە خواکەی محەمەد هانای بۆ دەبا کە ئەو هەیکەلە جوانانە بکوژێ .خوا بتکوژێکەی ووتەی خوا ؟؟ خوا هێندە زانایە دەیتوانی بڵێ من دەتکوژم نەک خوا بیان کوژێ! مەگەر پێغەمبەران پلە پایەییان بەرزو نزمی تێدایە ! مەگەر بۆچی خوا یارمەتی نوحیداو گەلێکی خنکاند سورەی هود 37 تا 45. گەر قورئان قسەی خوایە خواش خاوەن بروسکەو ڕەشەباو زریانو بومەلەرزەو گڕکانەکانە(برکان) بۆ بروسکەیەکی نەگرتە باوکی لەهەب ؟ چونکە قورئان قسەی خوا نیە. ئەوەتا بروسکەیەکی بۆ تێنەگیرا !؟ بۆی دەپاڕێتەوە. خوا دوعا لە باوکی لەهەب دەکا کە دەستی بەبڕین چێ! مەگەر خوا گەلێکی نەکردە مەیمون (سورەی العراف ئایەی 166 ) لەوە دەچێ جادوەکەی لێرەدا کارنەکا ‘ یان وەک ڤامپیر ڕۆژی لێهەڵهاتوە؟ ئەمرۆمان هەرلایە ویستبێتی دژی لایەنە ڕقەبەرەکەی هەڵمەت بەرێ گەر توانای بووبێ‘ ئەوکارەی کردووە . گەر تواناشی نەبووبێ ئەوا هەڵاتووە .ڕەخنەی گرتوە‘ سکاڵایکردوە‘ هانای بۆ لایەنی تر بردوە .

ڕاسترە بڵێین . کە محەمەد خۆی بێدەسەڵاتت بوە لە بەرامبەر باوکی بڵێسە (ابو لهب) و ژنەکەی دایکی جوان (ام جمیل). کە پەتی خورمای لە مل دایە. هەمان پاڕانەوەی محەمەد . کاتی لاوازی ئیسلامەکان ‘ دایکی جوان هەژگی دڕکاوی لەسەر ڕێگەی محەمەد دادەنا زۆرجاران دەموو چاوی بریندار دەکرد. ئەوڕقەی هەر لە دڵا ما بوو . بۆیە پێی ووتوە حەماڵی دارە ‘ ملوانکەی خورمای لەملدایە . تێناگەم بەچ مێشکێ کی پوچەوە ئیسلامەکان ئەو ڕستانەدەکەنە قسەی خوا . تۆ بڵێی خوا هێندە ئاست نزموو بێ کلتور بێ؟ ئێمە ئەو جۆرە ناو ناتۆرانە بە سوکایەتی بزانین ؟ ئێمە لەخوا مرۆڤانتر بیرکەینەوە ؟ چونکە مرۆڤی خاوەن کارەکتەر بەچاوی سوک تەماشای مرۆڤی کە ناکا . یان ئەوەش بەڵگەی تواناو بیرکردنەوەی محەمەدەو بۆچونی سەردەمەکەیەتی . ئەگینا ئەمڕۆ کەس ملوانکەی خورما لەمل ناکا . ئەمڕۆ پێوستمان بەجۆرە کەرستانە نیە ! جیهانی ئەمڕۆمان ئەو سیمایەی گۆڕیوە . هەرچەند قورئانەکە بە بۆ چوونی محەمەد تا ڕۆژی زیندوبونەوە (القیامە) دەبێ فەرمان ڕەوابێ .

بێ ئاگای لە جیهان

گەر مرۆڤ جێگەیەکی نەدیبێ و’ زانیاریشی دەربارەی ئەو جێگە نادیارەنەبێ ‘ ئەوا کوێرانە بۆ لە خشتە بردن پەسنی ئەو جێگە نادیارە دەکا . دەزانین محەمەد لەخۆیەوە باسی ئەسکەندەری گەورەی کردوە ‘ بەبێ ئەوەی زانیاریو شارەزای دەربارەی هەبووبێ . هەروەها نوێنەری خوا ‘وەک ئاشکرایە کە قورئان باسی دەکا پەیامنبەران زانیاری لە خواوە وەردەگرن. دەربارەی تەواوی بونەوەرەکانی زەویو ئاسمان . ئەڵێ خوا دەزانێ چی لەسکی دایکدایە . (ئایەی 34 ‘ سورەی لەقمان ) .کەچی هەموو کۆلکە سستەرێ دەزانێ چی لە سکی ئافرەتی دوو گیاندایە . هەروەها لە سورەی الرحمن‘ ئایەی (19‘20) ئەڵێ: دووزەریا پێکەوە دەڕۆن ‘پەردەیان لەنێواندایە تێکەڵ نابن . هەرچەند شتی وا نەبیستراوە .گوایە خوا محەمەدی ئاگادار کردوە. خوا سیخوڕیشی بۆ محەمەد کردوە (اذ اسر النبي الى بعض ازواجه حديثا فلما نبات به و ظهره الله علهه نباها به قالت من انباك هذا قال نباني العليم الخبير ) محەمەد بە حەفسەی ژنی ووتوە کە ماریەی لەخۆی تابوو کردوە . بەڵام بە حەفسەی ووتوە کە لای کەس باسی نەکا . کەچی حەفسە ئەو نهێنیەی درکاندوو بۆ ئایشەی گێڕاوەتەوە . پاشان بە یەکێک لە ڕێگاکان محەمەد زانی کە ئایشەش دەزانێ کە محەمەد ماریەی لەخۆی تابوو کردوە .لەو بارەوە بۆ ئایشە باس دەکا.حەفسە لێی دەپرسێ کە کێ پێی ووتوە کە ئایشەش زانیویە ؟ محەمەد ووتویە خوای زاناودانا.ئایەی تحریم 3. د یمان خوا سیخوڕیشی کرد ‘ لەنێوان ژننەکانی محەمەدا . بەڵام خوا محەمەدی ئاگادار نەکردوە کە دانیشتوانی لینین گراد ‘یان ئەسکەندەناڤیا چۆن نوێژ بکەن یان ڕۆژوو بگرن ؟ وەک ئاشکرایە کە لە بەستەڵەکی باکورەوە تا نزیکەی 500 کم بەرەو خوار ڕۆشنای خۆر تا نزیکەی یەکدوو مانگ 24 کاتژمێر بەسوڕ گومنابێ .واتە ئەو پارچەیەی زەوی ڕۆشنە. شەو ڕۆژی نینیە لە هاویندا . گەلانی ڕوسیا پێی ئەڵێن شەوی سپی (بیلی نۆچە б елые ночи) . هەروەها لەزستانیشدا بەپێچەوانەوە . بە تایبەتت بەشی سەرەوەی بەستەڵەکی باکور ڕۆشنای وەک نەمانە. جا چونکە محەمەد بێ ئاگا بوە لە هەردوو ناوچەکانی بەستەڵەکی سەروو خواروو ‘ کاتی نوێژوو ڕۆژووی بۆدیاری نەکردوین . (وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم الخيط الابيض من الخيط الاسود من الفجرثم اتموا الصيام ) واتە: بخۆن بخۆنەوە تا هێڵی سپی سبەینان لە هێڵی ڕەشی شەو بەدیدەکەن . وەک ووتمان زیاتر لەسێ مانگ نەهێڵی سپی نەڕەش نیە ؟ ( ئایەی 187 سورەی بەقەرە ) .

مەی نۆشین

وەک پێشتر باسمان کرد باپیرەی پێنجەمی موحەمەد ( **قصي** ) کەعبەی بەگۆزەیە شەراب لە شێخ خزاعی' لە سەردەمی بت پەرستیدا کڕی' کە سەرخۆشی کرد . چونکە ئەو کاتە و ئەمڕۆش کەعبە هەر پەرستگا بووە ' بەلام بتی تیا بوو . ( تاریخ **طبري** ل 809 ـ 810 ) مەی نۆشین و قومار کردن خویەکی ئەو سەردەمەش بووە بەلام موحەمەد حەزی لێنەکردووە . بەپێی ئەفسانەی محەمەدی موحەمەد سواری ( ئەفسار بۆراق ) کە چوار پێیەکی باڵدارە دەبێت و بەرەو ئاسمان دەڕوات و لە ڕێگەدا لە ( بیت المقدس ) پشویان داوە(سورەی نەجم ئایەی' 14 ) . باسی ئەو گەشتەی محەمەد دەکا . بە پێی ووشیاری محەمەد ڕێگەی ئاسمان لە بەیتو الموقەدەسەوەیە. کیب تاون ' کازاخستان لەوێوە بۆ ئاسمان ناچن ! موحەمەد دوو ڕکات نوێژی کردووە ئاساییە جوبرائیلی لە گەڵدا بووە . پاش نوێژەکە جوبرائیل گۆزەیە شیر و گۆزەیە شەرابی پێشکەش کردووە . بەلام موحەمەد دەڵێ : من شیرەکەم هەڵبژارد جوبرائیلیش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە شەرابەکەی نەخواردۆتەوە . دەبێت ئێمە ئەوەش بزانین کە موحەمەد بۆ میوانی خوارۆشتووە . جوبرائیلیش نۆکەری ماڵی خوایە و ( خوا ) ش خاوەن بڕیارە کە چی بۆ میوان دابنرێ نەک جوبرائیل ! ؟ کەواتە لە ماڵەکەی خوا خۆیدا جۆرەکانی ئەلکحول هەیەو خوا خۆشی دەخواتەوە چونکە زۆر جار ئایەتەکان بۆنی مەستیان لێدێ !! ئەگینا جوبرایل شەرا بی لەکوێوە هێنا؟ هەرچەندە لە قورئاندا مەی تابوو نەکراوە بەئاشکرا. (دوو سورەی مائیدە 3 ' المانگا 173 ' ) بە ئاشکرا (مردو' خوێن ' گۆشتی گاکوڵ (بەراز ) ) تابوو کراوە . ( سورەی الانعام ئایەی 119' ما لكم آلا تكلوأ مما ذكر أسم أللّه ) چیتانە بۆ ناخۆن لەوەی ناوی خوای لێهاتووە . هەروەها هەمان سورە ئاییی 118. هەمان دەهۆڵ لێدەدا . ناوی خواو بێنن بخۆن ! 75 پێنجیەک بێنەو ناوی خوای لێ بهێنە. ئەمەت لە چی ؟ ئەویانت لەچی ؟ لە چەند سورەدا باسی مەی نۆشی کراوە . سورەی نساء ئایەی 42 ( **يا ايها الذين امنوا لاتقربوا الصلوة وانتم سكرى حتى تعلموا ما تقولون** .... ) واتەئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە کاتی مەستیدا نزیکی نوێژ کردن مەکەون تا بزانن چی دەڵێن.

بە پێی ئەم ئایەتە بێت مەی نۆشی تەنها لە کاتی نوێژ کردندا تابوە. کەواتە بە پێی ئەم ئایەتە ئیسلام پاش نوێژەکەی بۆی هەیە مەی بنۆشیت. چونکە ئایەتەکە دەڵێ لە کاتی نوێژ کردندا نزیکی مەی مەکەون . تانوێژی داهاتوش کاریگەرێتی ئاگرکوڵ( ئەلکهوڵ ) نامێنێ . سەرمایەدارەکانیش ڕاستەوخۆتابویان نەکردوە بەڵکو واگرانیان کردوە'مروڤ دەبێ دڵۆپەکانی بژمێرێ ! یان ڕۆژانی کار نەخۆنەوە . تا کۆیلەیەکی مۆدێرنی چالاک بن *لە مەیدانی بەرهەم هێناندا* .

چونکە کرێکار خواردیەوە سبەی کۆیلەکی مۆدێرنی چالاک نیە . بەڵام خۆیان لە ژوری کارەکانیشیاندا بخۆنەوە هەروەک خوا کەس مافی لۆمەی نیە!؟ مەی شتێکی فاکتەریوو زانستیە کە مەی یارمەتی وەرگرتنی چێژی سێکس زیاتر دەکا . هەروەها مەی پێویستە جارجار بۆ پشووی مێشک'بۆفۆڕماتێرەی شانەخورێنراوەکانی سیستەمی بۆگەنی سەرمایەداری . بۆیە خواو سەرمایەدارەکان ئەو چێژەشیان بە چینەکەی خوارەوە ڕەوانەبینیوە بۆیە تابویان کردوە . لە باوەڕی ئیسلامدا بە تەواوی ئاشکرا نیە کە کام ئایەت لە پێش کامەیانەوە نووسراوە . تابزانرێ کەی تابووکراوە یان پاش تابووکردنەکەش شتێ تر ووتراوە . هەروەک کە محەمەد ماریەی لە خۆی تابوو کرد . پاشان جارێکی کە نیشەی لێی هەڵدەسێتەوە ' بە ئایەیە خۆی تابوەکەی خۆی دەشکێنێ! لە سورەی البقرە ئایەی 219 دا دەڵێ (**يسئلونك عن الخمر و الميسر قل فيهما اثم كبير و منفع للناس** ) واتە: لێت دەپرسن دەربارەی مەی نۆشی و قومار ' بلێ : ئەو دووانە گوناهن ' شەڕن ' خێرو کەڵکیان تیا یە بۆ خەڵک . بەڵام شەڕیان زیاترە .هەروەها لە سورەی مائیدە ئایەی 90 دا دەڵێ ( **يا ايها الذين امنوا انما الخمر و الميسر و الا نصاب والازلم رجس من عمل الشيطن فاجتنبوه** ...) واتە: مەینۆشی و قومارو بت پەرستی ڕەفتارو پیلانی شەیتانە' لێیدورکەونەوە. هەر پاشان هەمان سورە ( المائدە ) ئایەی 91 دا دەڵێ :( **انما يريد الشيطن ان يوقع بينكم العداوة والبغضاء في الخمر والميسر و يصدكم عن ذكر الله وعن الصلوة فهل انتم منتهون** ) واتە : شەیتان بە ڕێگەی مەی و سەرخۆشی دوژمنایەتی دروست دەکات لە نێوانتاندا و ڕێگەتان لێدەگرێ کە بیر لەخوا نەکەنەوە و نوێژ نەکەن' ئایا پەند وەرناگرن؟

بەڵام کە کاری شەیتان بێ ناڕاستەو خۆ تابوو کراوە.چونکە شەیاتان نەیاری پارتەکەی خوایە'هەروەها پرنسیپە دیموکراتیەکان چەککراون.

ئەوەی ڕاستی بێ سەیدی سەروەر خۆشی سەر لە قورئانەکەی دەرناکا !مەگەر بازرگانانی خوێن بۆ لەخشتە بردنی ڕەشوڕوت . بە پێی باوەڕی ئیسلام خوا تاک و تەنیایەو پاشای تەواوی گەردونە . نەڵ سەرەک شالیار ' شەیتانیش تاکو تەنیایە و دوژمنی سەرسەختی خوایە . ئاشکراشە کە خوا شەیتانی ئافراندوە بەپێی قورئان. کوڕ لە باوک یاخی دەبێت بەڵام باوک تەنها باوکە ئافرێنەدەر نیە . بەڵام شەیتان کە بتوانێ بەرەنگاری خوا بێتەوە و دۆستەکانی خوا لە خوا هەڵگەڕێتێتەوە و' دووربخاتەوە زیاترە لەوەی باو ک و کوڕبن . دوو بەرەی جیاوازن هەروەک ئەوس و خەزرەج . بۆیە جارێکی تر لێرەشدا بۆمان دەردەکەویتەوە کە قورئان دەستکردی موحەمەدو هاوەڵەکانیەتی چونکە لە بیریان چووە لە شوێنە جیا جیا کاندا سورەکان دژی یەکترن . هەرگیز نەگونجاوە خوا هێندە زانایی و توانایی هەبێت وەک دەڵێن ! ئەو هەموو نەگونجاوی و ناهوشیاریە لە نوسینەکانیدا ئەنجام بدات .وەک ئەوەی جارێک دەڵێ : لە کاتی نوێژکردندا نزیکی مەی مەکەون جارێکی تر بلێ کاری شەیتانە مەی نۆشی . مرۆڤ

توانی یەکە سەرەکیەکانی ناو خانەی زیندەوەر بدۆزێتەوە ( D . N . A ) کە لە سەر ئەم بناغەیە ( دۆلی ' پۆلی ) کۆپی کران' وە ئەو دووبەرخەی کۆپی کران سکیان کردو بە بێ هیچ گیروگرفتێک زان . کەچی خوا ئەم گەردونە بەو مەزنیەو مرۆڤی ئافەرەراندوە . کە بە پێی باوەڕی پزیشکە بەرزەکانی دەرونناسی ئەگەر بمانەوێ کۆمپیوتەرێک دروست بکەین توانای ئامار ( خزن ) کردنەکەی هاوسەنگ بێت لە گەڵ کەللە سەری مرۆڤدا ئەوا بە بە پانتایی ئەوروبا پێویستمان بە وایەر دەبێت'بۆچوونیکی کۆنە .چۆن دەکرێت خوا نەتوانێت پەڕتوکێک دا بنێت کە بەندەی خۆی بتوانێت ڕەخنەی لێبگرێت! بۆیە هەرگیز ناگونجێ کە قورئان خوا ناردبێتی ! بەڵکو قورئان دەستکردی موحەمەدو هاوبیرەکانیەتی. لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی ناو قورئان تەنیا سایتوپلازمای ئەو کەسانە دێنێتە سەما کە ڕادەی هوشیاریان لە ئاستی سەردەمی موحەمەددایە . مرۆڤی ڕۆشنبیر نابێتە ئیسلام جا با دکتوراو ماجستێریشی هەبێت , چونکە ئیسلامەتی ئەندێشەیە ( خەیاڵ) دوورە لە ڕوداو بینیەوە گێرانەوەو پیادەکردنی ئەفسانەکانن .ڕۆشنبیر ڕوداوبینانە ' بەرجەستەییانە بیردەکاوەو کاردەکا 'ڕۆشنبیر ناتوانێ باوەڕکا کە مریەمی دایکی عیسا بەبێ جووت بوونی سێکسی عیسای بووە . گەر کرداریشی پێکرد ئەوا بۆ لە خشتە بردنی دەوروبەریەتی . چەند پرسیارێکی پزیشکیم لە پزیشکێکرد. وەلامی دروستی دامەوە.بەتەواویش پشتی نووسینەکەمی گرت.پاشتر پێویستم بە هەندێ پرسیاری تربوو'پزیشک لەبەر کات کەمی تکای لێکردم کرد'بچمەبیرۆتایبەتیەکەی.کاتێ چووم وام هەستکرد'چوومەتە مزگەوتەوە.هێندە ئایەی قورئانوو وێنەی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب وشمشێری هەڵواسیبوو مەپرسن! مرۆڤی ڕۆشنبیر پاڵپشتی کوشتن و لەناو بردنی مرۆڤ ناکات ' وەک ئەوەی موحەمەد کردی بەرامبەر جولەکەکان کە ( 700 تا 1000 کەسی لێ سەربڕین) بۆیە پاڵپشتی کردن لەموحەمەد هیچ جیاوازیەکی نیە لە پاڵپشتی کردنی هیتلەر ' موسولینی ' سەدام چونکە هەوڵدان بۆ لەناو بردنی گەلێک یا نەتەوەیەک جینوسایدە .خودی ئایەتەکانی ناو قورئان بەڵگەن بۆ ئەوەی کە موحەمەد چەندەها جار هەوڵی لە ناو بردنی جولەکەی داوە جا هیتلەر قوتابی موحەمەد بێ یا نا وەک یەک تاوانیان دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە. و دەبێت هەتا دونیا دونیایە مرۆڤ ڕیسوایان بکات نەک پاڵپشتی بیرو بۆچونەکانیان بێت .

## خواو شەیتان

زۆربەی ئەو باوەڕانەی بانگەوازی بە ئاسمانی بوونی باوەڕەکەیان دەکەن باسی شەیتانیان کردووە .لە قورئانیشدا ( 88 ) کەڕەت ناوی هاتوە لەشێوەی چاوگدا. (سورەی الاعراف' ئایەی15' 16' (قال بما أغويتني لأقعدن لهم صراطك المستقيم ) لێرەدا شەیتان لەگەڵ خوا دەدوی : بەوەی کەوا منت فریودا 'من خۆم لە کەمین دەنێم بۆ لادانی دۆستەکانت لە ڕێگەی ڕاست .دیاریشە دیاری نەکراوە کە کەسێک

لەنێوان خواو شەیتاندایە . هەروەها دیارە خوا نەیتوانیوە ڕێگەی لێبگرێ . یان خواو شەیتات بڕیاریان داوە پێشبڕکێیکە دیموکراتیانە بێ . ئەگینا خوا کە شەیتانیشی ئافەراندوە دەیتوانی نەهێڵێ دۆستەکانی خوا لە خشتە بەری. ئاشکراشە گەر خوا لەو کاتەدا دیموکراتیانە بیرینەکردایەتەوە؟ ڕێگەی شەیتانی نەدەدا . وەئەو ئایەتەی سەرەوە بەڵگەیە کە شەیتان لەگەڵ خوا ڕوبەڕو دواوە . بەلام محەمەد نەیتوانیوە ڕوبەڕوو لەگەڵ خوا بدوێ خودی قورئانەکە بەڵگەیە (سورەی الشوری ئایەی 51'

وما كان لبشر أن يكلمه الله إلا وحيا أو من وراء حجاب أو يرسل رسولا فيوحي بإذنه ما يشاء إنه علي حكيم(51)واتا : هیچ کەس مافی گفتوو گۆی لەگەڵ خوا نیە مەگەر بەڕێگەی نێڤار(وحی) یا لەپشت پەردەوە.وەیا ناردراوێک بنێنێرێ تا بە فەرمانی ئەو هەرچی بیەوێ نیڤاری پێبکا بەڕاستی ئەو بەرزو چێکەرە.بەلام شەیتان ئەو مافەی بووە . کەواتە شەیتان پلەو پایەی بەرزتر بووە لەپلەوپایەی محەمەد .چونکە شەیتا نێڤاری بۆ نەچووە . هەروەها قورئان دیاری دەکا کە قورئان بە نێڤاری لەڕێگەی گبرائیلەوەگەشتۆتە محەمەد . مرۆڤیش ئەو مافەی نیە . محەمەدیش مرۆڤە .(سورەی فصلتئایەی 6 ' قل انما انا بشر مثلكم بلێ منیش مرۆڤێکم وەکو ئێوە . سورە ی العراف ئایەی 16 ' (ثم لآتينهم من بين أيديهم ومن خلفهم وعن أيمنهم وعن شمأ ئلهم ولاتجداَ اكثرهم شكرين ' پاشان لە ڕوبەڕویان لەپشتی سەریانەوەو لەلای ڕاست و لای چەپیانەوە ئەچمە ناو گیانیانەوەو پڕترینیشیان سوپاست ناکەن ) ' شەیتان هەڕەشە لە خوا دەکا . بەلام هەڕەشەی زۆروزەبرنا ' بەڵکو هەڕەشەی ڕێکەوتوانە. ووشەی شەیتان ' ئیبلیس ' دیاڤلۆ ' ساتان ' یەڤلە ' هەموو یەک واتایان هەیەو لەیەکتری وەرگیراون . جا با ڕۆژهەلاتیەک بڵێ شەیتان و ڕۆژئاوایەک بڵێ ساتان دەنگەکانیان هەر یەک دەنگە. و هیچ کێشەیەک بۆ ماناکەی دروست نابێ . بە پێی هەموو باوەڕە ئاینیەکان جگە یەزدانیەکان ( یەزیدی ) نەبێت شەیتان کەسایەتیەکی بەد و خراپەو سەرچاوەی شەڕو نەهامەتیە . هەرچەندە زۆر شتی نەگونجاو و نادروست دراوەتە پاڵ یەزدانیەکان .کەسان هەن لە ناو یەزدانیەکان بە پێی درۆو دەلەسەی ئیسلامەکان هەڵسو کەوت دەکەن بە تف کردن سەر زەوی هەراسان دەبن. بەلام لە ڕاستیدا یەزدانیەکان ' باوەڕیان بە دوو هێز هەیە ئەویش هێزی شەڕ (خراپە) کە شەیتان سەرۆکە و هێزی خێر (چاکە) کە خوا سەرۆکە باوەڕی یەزدانیەکان دەڵێ : دەبێ ڕیزی شەیتان بگیرێ تا لە شەڕ دوریان خاتەوە خواش کە ( خۆر ) ە دیسان ڕێزدارە تا خێریان بۆ ڕەوانە کا ' ئیتر ئەمە ڕاستی ڕەسەنە وە هەرچی تردەگوترێ هەڵوابەستراوی ئیسلام و شۆڤینیەکانی دوژمنی کوردە . یەزیدیەکان پاشماوەی زەردەشتیەکانن ' یان لقێکی جیا بووە وەی زەردەشتین وەک شیعەو سنییەکان . زۆربەمان دەزانین کە زازایەکان ' لوڕیەکان کوردن بەلام لەبەر ئەوەی شۆڤینیستەکانی چواردەورمان ساڵەهایە بەسەریاندا دەخوێنن کە ئەوانە کوردنین . دەبیستین دەبینین کە کەسایەتی ووشیاریشیان ئەو

بۆچوونە شۆڤێنیانە دەسەلمێنن. هەر لە نزیکانەش کۆمەڵێ لە شاری گۆتنبەرگی سویدی ویستیان پارتی هەورامی دانێن و ویستیان هەورامیش لە گەلی کورد جیاوەکەن 'گوایە هەورامی کوردنیە ! بەلام چونکە ووشیاری نەتەوەی کورد بە پاڵپشتی p k k' پەرەی سەندوە وا ئەمجارە هیوای شۆڤێنیەکان گۆڕبەگۆڕکرا. تەنانەت کوردەکانی کۆنە سۆڤیەت ژمارەیەکی بێسنوور خۆیان بە کورد نەدەزانی.چەندجار ڕێکەوتوە کە لەگەڵ گەنجانیاندا گفتوو گۆم کردوە خۆیان بە کورد نەدەناسی ! ئەمە پێش ئەوەی P K K بچێتە ناویانەوەو چەندەها دامەزراوی بۆ دامەزراندن . ئێوارەیەک لە مۆسکۆ ویستم 75 ملم یەک ڤۆدگا لە ژنێکی بە ساڵا چوو بکرم . داوای 100 ڕۆبلی کرد. ووتم بە 70 ڕۆبل نابێ؟ لێم توڕەبوو ! جنێوێکیشی گرتە دایکم' بە دایالەکتی کرمانجی ژوورو . منیش بە کرمانجیە شەقووشڕەکەم ووتم پووری : قەینا 100 ڕۆبلە کەتت دەدەمێ' بەلام دایکم چ پەیوەندیەکی هەیە بە کڕینەوە؟ دەتوانی بڵێی نابێ! دانە لە ژێر گیراوەکان دەرخست بە شەرمەوەو ووتی : تەژ ئزیکی درانی ؟ ووتم: پورێگیان ئزیدکی نازا نم'ئزیدکی زمان نیە'باوەڕە. من بە کوردی لەگەڵتا دەپەیڤم . درێژەی نەدەمێ دەستی پێکرد . کەشێخی شەمسانە شێخی من واو ...وا .بەلام نەچوە ژێر کە کوردە ! 70 ساڵ مارکسیزم هێلکەیان ڕەنگکرد' لە شۆڤیەتدا! تازە ...تازە دەویست بم کا بە یەزیدی! پاش ئەوەی کە P K K داموەزگای ڕاگەیاندن و وشیاری تێدا دامەزراند' پاش دوو ساڵ ڕێگەم کەوتەوە هەمان شار هەمان کۆڕوکۆمەڵ .یەکێ لە وگەنجانەی کە خۆی بە کورد نەدەزانی لێی پرسیم ' کە ئایا ڕاستە شەکسپیر کوردە؟ گوایە ووتویانە دایکی شێخەو باوکی پیر .شێخو پیر دوو پلەی ئاینی یەزیدین .یەکێ تریشیان کە ئاشنای زاراوەی سۆرانی ببوو 'ووتی کە سۆرانی کوردی نیە' فارسیە! کوردی ڕەسەن ئەمن .هەروەک حەسەنی عەباسی نوسەری زمان فارسی زمان چۆن هەرچی خراپەیە بە ئاشکرا داویەتە پاڵ عەرەب و هەرچی باشەو چاکەش هەیەکردونی بە موڵکی فارس . بە کورتیەکەی شەیتان ووشەیەکە دەدرێتە پاڵ شەڕو کارەسات . بە پێی باوەڕی ئیسلام شەیتان دەتوانێ فێڵ لە خەڵک بکات و خەڵک فریب بدات . شەیتان هێندە بە توانایە کە توانی بە فێڵ ئادەم و حەوا ڕازی بکات لە میوەیەکی تابووکراوی بەهەشت بخۆن. ئەنجامەکەشی ئەوە بوو' ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەرکران و فڕێدرانە سەر ئەم زەویەی ئەمڕومان . بە پێی زۆربەی باوەڕەکان ( جولەکە ' مەسیح ' ئیسلام ) پێش ( 5759 ) ساڵ ئادەم لە بەهەشت لە دایک بووە. ئەو کاتە ئەم زەوییەی خۆمان چۆڵ بووە وەک بەری دەستو هیچ جۆرەژیانێکی تێدا نەبووە .کەسێک مەلایەک بەگیردەهێنێ'کە کۆتای گەردوون چۆن دەبێ؟مەلا ئەڵێ : تەخت وەک بەری دەست هێلکە لەم سەری دنیا دانێ'لەوسەری دنیا دەبینرێ.کەسەکەش ئەڵێ مەلا درۆزن پەنچە درێژەکەم 'ئەگەر تۆ لە بیست مەتر زیاتر هێلکە ببینی!! بەلام ئێمە بەڵگەی فاکتەرمان لایە کە داینەسورەکان ( 50 تا 60 ) ملیۆن ساڵ پێش ئەمڕۆ لە سەر ئەم زەویە ژیاون . جگە

لەمەش مرۆڤی نیاندەرتال کە لە زۆر ناوچەدا ئێسک و پاشماوەیان دۆزراوەتەوە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (600000 ) ساڵ پێش ئێستا ' پاتری ' پیل دۆزراوەتەوە کە تەمەنی ( 700000 ) ساڵە (( پەرتوکی نهێنی کۆنترین مێژوو ' نون ئەلف گەربوفسکی 'بەلام بانگەوازەکەی گەربۆفسکی زیاتر لە ئەفسانەی محەمەدی دەچێ ! دەربارەی گەربۆفسکی پێش 15 ساڵ دەربارەی خوێندومەتەوە ' داوای لێبوردن دەکەم گەر زانیاریەکان تەواو نەبن.چونکە سەرچاوەکەم دەست نەکەوتەوە. پاش ئەوەی شەیتان ئادەم و حەوای فریبداو سزاکەشیان ئەوە بوو کە فڕێدرانە سەر زەوی' دانیشتوانی سەر زەوی ئەمڕۆمان نەوەی ئادەمو حەوان . ئیتر ئادەم و حەوا نەوەیان خستەوەو گەورە بوون . بەلام شەیتان وازی لێنەهێنان وچوە بنکلێشەی قابیل و هابیلی برای کوشت ' لە بەر ئەوەی هەردوکیان حەزیان لە خوشکێکیان کردبوو' کە لە خوشکەکانی تریان جوانتر بوو . ( بە پێی هەرسێ باوەڕەکە جولەکە ' مەسیح ' ئیسلام ) .هەرچەند ئادەموو حەوا هەردووکیان لەماڵی خواشەوە هاتون ' نەیان دەزانی منداڵەکانیان تەمێ کەن کە نابێ خوشکی خۆیان مارە کەن ! ئاشکراشە کە بانگەوازە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئادەم حەوا بەپێی ئەفسانەی کە فەرمانی خوایان بە جێنەهێناوە'بۆیە تاوانی خوشک مارەکردنیان دراوەتە پاڵ .

هەروەها شەیتان توانی بچێتە ناو مێشکی پەیامبەری خواوە. (موحەمەد ) تا ئایەت بە دڵی شەیتان بۆ خەڵکی ڕەوانە بکات سورەی النجم ئایەی 19 و 20 دەڵێ : ( **افرءيتم اللت والعزى * ومنوة الثالثة الاخرى** ) واتە: ئایا بتی لات و عزی وە سێهەمەکەیتان دیوە ؟ بتەکانی ناو کەعبەن کە قوسەی باپیرە گەورەی موحەمەد کوڕەکانی بەناوی ئەو بتانەوە ناو ناوە. مێژوو نوسانی ئیسلامی وەک جەلالی' القرتبی' یان ابن کەسیر' ئایە غرانیق دەکەنە دەسکردی جولەکەکانی سەردەمی محەمەد کە بونە ئیسلام گوایە بۆ تانەلێدانی ئیسلام باوەڕیان هێناوە . سەرزەنیشتی محەمەد لە قورئاندا دەگێڕنەوە بۆ سورەی النجم ئایەی 19'20 .وە سورەی الاحزاب ئایەی 1 (**يا ايهـا الـنبي اتـق الله ولا تطـيع الكفـرين و المنفقين .** ) واتە : ئەی پەیامبەر پەنا بۆ خوا ببە و گوێڕایەڵی بێباوەڕان و دووزمانان مەکە. هەروەها سورەی **طه** ئایەی 114 دەڵێ : ( **ولا تجعل بالقرءان قبل ان يقضى اليك وحيه وقل رب زدني علما** ) واتە : پەلە مەکە لە دانانی ئایەت پێش ئەوەی خوا ئایەتت بۆ بنێرێ ' داوا بکە لە خوا زانایت زیاد بکات .ئەو دوو ئایەی سەرەوە بەڵگەن کە محەمەد خۆی دەستی هەیە لەدروست قورئانەکەدا . چونکە قورئان خۆی دەکاتە بینەرمان (شاهد) کە لەوسەردەمەشدا مرۆڤی ووشیاربون گومانیان لە محەمەد کردوە کە ئایەکان دەسکردی خۆیەتی و فڕی بەسەر ئاسمانەوە نیە. ئاشکرایە کە کەسێ ڕخنەی لێگیراو ئاگادارکرا کە ئەو کارە نە کا ' دەگەیەنێ کە کارێکی کردوە لەگەڵ بەرنامەکەیدا کە بانگەوازی دەکا جیاوازە . محەمەد بۆتە جێگەی ڕەخنەو تانەی دۆستەکانی ووتویانە : تۆ خەڵکی دژی بت پەرستی گازندە دەکەی کەچی خۆشت سەری نەوازشت بۆ بتەکان

دادەنەوێنی ئەمەت لەچی ئەویانت لەچی ؟ بۆچوونی هەوادارەکانی محەمەد لە جێگەی خۆیدا بووە. هەروەها سورەی الحج ئایەی 52 دەڵێ :( **وما ارسلنا من قبلك من رسـول ولا نـبی الا اذا تمنی القی الشیطن فی امنیته فینسخ الله ما یلقی الشیطن ثم یحکم الله ء ایته و الله علیم حکـیم** ) واتە : پێش تۆ ئەم کارە بەسەر پەیامبەرەکانی تریشدا هاتووە شەیتان ڕۆشتۆتەسەر زمانیان ومەبەستی خۆی گەیاندووە .خوا ووشەکانی خۆی سەقامگیر دەکا وە ووشەکانی شەیتان پوچەڵ دەکاتەوە.

بەپێی ئەم ئایەتە شەیتان توانیویەتی بچێتە ناو ڕیشاڵی قسە کردنی موحەمەوەو بۆیە بەو شێوە سەرزەنشت کراوە یا ڕەخنەی لێگیراوە. تاوانەکەش دراوەتە پاڵ شەیتان . محەمەد تێگەشتوە کونەکەی بۆپینەناکرێ ! وە ئەو جۆرە بۆچونە ڕەقترە لەوەی کە لە سورەی النجم ئایەی 19 ـ 20 دا کە بەو جۆرە ڕەخنەی لێبگیرێ . چونکە موحەمەد بە تەنها داوای پرسیار دەکات . باسی چاکەو خراپەی بتەکان ناکات . هەر بۆیە ئەو جۆرە بۆچونە گونجاو ترە و ڕاسترە کە دەڵێ : موحەمەد ڕێزی لە بتەکان گرتووە .جائیتر با دەریایە ووشەی پووچی بۆ داڕێژن . ڕاستیەکەی ئەوەیە کە محەمەد ڕێزی بتەکانی گرتووە .

( **لاتلـك الفرانـیق العـلی و ان شـفاعتهن ترتجی** ) واتە : ئەوبتانە باڵندەی بەرزن پیرۆزن ، پاڕانەوە لێیان چارەسەرکەرە ، جێگەی قایل مەندێتیە . محەمەد هەستی کرد کە تیرەکەی زیاترو زیاتر لێی دور دەکەونەوە دڵگران دەبوو . بویە لە کەعبە نزیک بویەوەو ئایەی غرانیقی بۆ خوێندن بەمەش قورەیشیەکان لەگەڵ محەمەد بەکڕنوشەوە ڕوو لە بتەکان (سجدە ) . قورەیشیەکان بەوکارەی محەمەد دڵشاد بوون. چونکە نەک سوکایەتی بە بتەکانیایان نەکرا. بەڵکو محەمەد وەک خوا تەماشایکردنو ڕێزیشی لێگرتن . بۆ زیاتر شارەزا بوون دەربارەی ئایەی غەرانیق بڕوانە لێکۆڵینەوە دەربارەی قورئان د. مەحمود رامیار، یان تاریخ جمع قران کریم ، نوسەر سید محەمەد رەزا جەلالی نائینی ،یان بەرگی سێهەمی(تشیع وسیاست در ایران ،بهرام چوبینە )

لێرەدا موحەمەد بتەکانی بە خوا ناو بردووەو ڕێزیشی لێگرتوون . ڕێزی لە باوەڕی بتپەرستان گرتووە. تا ئەوانیش بێنە سەر ڕێگای موحەمەد و بەربەرەکاتێی نەکەن . ئەمەش خراپ نیە بۆ مرۆڤی هەلپەرست تا بە فێڵ نەیارەکەی لە خشتە بەرێ . بەڵام ئیسلامە ووشیارەکان ئەم ئایەتەیان لە زۆربەی قورئانەکاندا دەرهێناوە ! بە پێی ئەو ئایەتانەی سەرەوە گەشتینە سێ دەرئەنجام :ـ

1 ـ شەیتان بە توانایە وەک خوا .

2 ـ ڕەنگە دانەوەی باوەڕی یەزیدی کە شەیتان مافی ڕێز گرتنی هەیە لەبەر ئەوەی بە توانایە.

3 ـ بێسەرو بەری قورئان کە لە هەر جێگەیەکدا شتێ دەڵێ . وەهەر کات موحەمەد بووە بە جێگەی سەرزەنشتی دەورو بەر پەشیمان بۆتەوەو بۆ ڕازی کردنی دەوروبەر ئایەتێکی تری دروست کردووە وەک سورەی النجم ئایەی ( 1 تا 3 ) کە

دەڵێ (والـــنجم اذا هـــوى * ما ضل صاحبكم وما غوى * و   ما ينطق عن الهوى ) واتـە : سـوێند بەو ئەستێرەی ئاوا دەبێ کە هاوڕێتان گومڕا نەبوو نە پوچەڵ نەلە خۆشیەوە وڕێنە دەکات. هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی قورئان باوەڕیان وایە کە ئەو ئایەی سەرەوەش بۆ قایل بوونـی قورەیشیـەکانی ووتـوە کـە ئـەوان باوەڕیـان وا بـووە محەمـەد لێـیان هەڵگڕاوەتەوەو دژی قورەیش دەجوڵێ .

وەک دەزانین بـاوەڕی ئیسـلام پێ لـە سـەر تـەک خوایی دادەگرێت . خوایەکـی بـە هـێزو بـە توانـا کـە دەتوانێ ئاگای لـە سی ملیارد مرۆڤ بێت . بە مردووەکانیشەوە پلوسـی زیـندووەکان . ئـەو ( 30 ) ملـیاردە   پـێوەرێکی بێبـناغەی   خۆمـە ٬ لەبـەر ئـەوەی نازانرێ لـەو ڕۆژەوەی  مرۆڤ پـەیدابووە تـا ئەمڕۆ چەند کەس مردوون ! .

بـەلام بەپـێی هـەر سێ باوەڕەکـە ( جولەکـە ٬ مەسیحی ٬  ئیسـلام) لـە ساڵی لە دایک بوونی ئادەمەوە تا ئەمڕۆ  ( 5759 ) ساڵە .

بـەلام بەڵگـەی زانستـی مـێژووی ئادەمـیزاد دەگەڕێتەوە بـۆ ( 600000 ) سـاڵ ٬ بۆیە مـرۆڤ ئەویـرێ بڵـێ لـەو ڕۆژانـەوە تـا ئـەمڕۆ سـی ملـیارد کـەس ژیـاون .ڕەنگـە زیاتـریش بـێت چونکـە گەلەکۆنەکانـی ئوســترالیا مــێژوویان دەگەڕێــتەوە بــۆ ( 40000 ) ساڵ ٬ سور پێستەکانی ئەمـەریکا بـۆ (50000 )ساڵ ٬ پێست ڕەشـەکانی ئەفـەریقا بـۆ ( 10000 ) سـاڵ پـێش  ئێسـتا .بـە پـێی باوەڕەکـان شـەیتان توانی خۆی بخزێنێـتە بـن کلێشـی مرۆڤـەوەو بـەرەو تـاوان کردنـی ببـات ٬ کەواتـە شـەیتان تـاک نـیەو ئـەوەندەی مرۆڤـە زیندوەکان شـەیتان  هەیـە. ئەگـەر تاکیش بێت ئەوا  وەک خـوا بـە توانایـەو لـە یـەک چـرکەدا دەتوانێ فـریای هـەموو  مرۆڤـەکانی سەر گۆی زەوی بکـەوێ و هـەوڵ بـدات مـرۆڤ لـە خشـتە بـەرێ. لـە لایەکـی تـرەوە  دەتوانـین گریمانـی ئـەوە بکـەین کـە خـوا ڕاسـتە و شـەیتانیش ڕاسـتە ٬ بـەلام نـاتوانین بڵـێین شـەیتان لـە لایـەن خواکـەی موحەمـەدەوە ئافـەریدە کـراوە . دەبـێت خوایەکـی تـر شـەیتانی ئافەراندبێ کـرد٬ کەلـە خواکـەی موحەمـەد بەهێزترە . ئەگەرلەو بەهێزتر نـیە ؟ بـۆ ( 6000 ) سـاڵە شـەیتان سـەنگەری لـە خـوا گـرتووەو ململانێـی لـە گـەڵدا دەکـات تـا ئێسـتا خوانەیتوانیووە بیبەزێنێ ؟ ! ئەگـەر خـوا ئـەوەندە بـە توانایە کە هـیچ هـێزێک لەسـەریەوە نیە بۆ شـەیتان لەناو نابات کە دەست دەخاتە کاریەوە ؟ یا ئەگـەر شـەیتان سـەرچاوەی هـەموو شـەڕێک وناهەمواریـەک بـێت بـۆ خــوا لــە کەندەلانێک هەڵـنادیرێ و کۆتایی بە هەموو شتێک بینێت ؟ . یا شەیتان ئەوەندە بە فـێڵ بێ بتوانێ ئادەم و حـەوا و موحەمـەدیش لـە خشـتەبەرێ بـۆ ناتوانێ کۆشکی ڕەشـی پـەنتاگۆن  بەکاربهێنێ ؟ ڕۆژهـەلات و ڕۆژئاوا بدات بە گژی یەکتردا و کۆتایی بـە مرۆڤـی ئـەم سـەرزەمینە بهێنـێ ؟! باوەڕەکانـی ئـاین یـەکان گیرنـابن لەهـیچ ڕوویەکەوە ! چونکـە مـرۆڤ بـە  ئەندیشـە خـۆی خوای بۆ خۆی دروست کردووە ...

وەک پێشـتریش باسمـان کـرد کە ٬ مرۆڤە سەرەتاییەکان مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ( 600000 ) سـاڵ پـێش ئێسـتا نـەک ئەندیشـەی ئایینـەکان کـە لـەدیک بوونـی ئـادەم دەگەڕێنـنەوە بـۆ ( 5759 ) سـاڵ .ئـەمڕۆ زۆربـەی کاروبـارە ڕۆژانەییەکانی ئیسلامی

پشت بەو ئیمام لێکدەرەوانە ئیسلامانە دەبەستن بەلام کە گەشتنە بەردەم دەرگای داخراو ئەڵێن تەبەری لە زمانی خەڵکیەوە نوسویە مەرج نیە ڕاست بێ . وەک قەشەکانی بەریتانیا لەگفتووگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا کە هەندێ پزیشک بەیانیان کرد' کە دەتوانن ڕەنگی چاو بگۆڕن هەروەک لە تەلەفزیۆنیBBC ڕایگیاند کە جوجەڵەیان بەرهەمهێناوە وەک کەو دەخوێنێ. قەشەکان دەسەلاتیان نەبوو! هەروەها هیچیشیان پێنە بوو بۆ دژایەتی کردنیان . تکایان کرد کە ئەو کارە نەکەن (گۆڤاری زانست و سەردەم ژ 2 هاوینی 1997)

ئەلکساندەری گەورە

پاشای مەکەدۆنیا لەدایک بووی 356 پ ز 'مردنی 323 پ'ز . 893 ساڵ پێش لەدایک بوونی محەمەد ژیاوە . لەسەر دەستی فەیلەسوفو زانا ئەرستۆتا لیس خوێندنی بەرزی سەربازی تەواو کردوە .پاش مردنی باوکی فیلپی دوەمی مەکەدۆنیا ' بوو بە پاشاو دەستی گرت بەسەر تەواوی زەویە داگیرکراوەکانی ژێردەستی باوکیدا . سەرەتا هۆزە تەراکیسکانی سەرکوت کرد . چەندهۆزێکی گریکین پاشان کوردوستائێرانو زەویە داگیرکراوەکانی ژێردەستی داریوشی سێهەمی داگیر کرد. کە هند ' ئەفغانستان ' پاکستان عێراقی بابلۆن ' میسری کۆن 'لوبنان ' سوریا 'فەلەستین . دوا جار لە شاری بابلۆن دەرمان خواردیان کردو لە 13.6.323 پ ز مرد. نەچوە نیمچە دورگەی عەرەبی. (National Encyklopedin no 1)

(سێپەڕتووکم خویندەوە'کە پێ لەسەر ئەوە دیدەگرن کە ئەسکەندەری گەورە یان دووشاخە'بوونی نەبوە!ئەورووپیەکان تا مێژوویەک بۆ خۆیان دروست بکەن ئەسکەندەریان بۆ خۆیان دروست کردوەە.یەکەم زەردەشت'دوو قۆچاوی قورئانی پیرۆز نووسینی ابو کلام'وەزیری زانیاری پێشووی هند'وەرگێرانی بۆ کوردی ئیبراهیم عمەر'چاپخانەی مەعاریفی باغیداد بغداد1967.دوەم کارنامەی بە دروغ نووسەری فارس د.پروان فرخ زاد'چاپخانەی بهمن تەهران 1996.فرخزادە ئەڵێ:ئەسکەندەری مەکەدۆنی ' نەبووە بەڵکوو ئەسکەندەری مغانە کە شەڕی لە گەڵ داریوشدا کردوە'بە ڕاستی بەڵگەکانی فرخ زادە قایل کەرن!)

ئاشکرایە کە ئەمڕۆمان چەندەها ڕێگەی گەیاندنمان هەیە . بۆبیسنی هەواڵوو ڕوداوەکان . زۆرجاران گەر ڕوداوەکە گرنگ بێ بۆ بازاڕی بازرگانی دەتوانین ڕاستەوخۆ ڕوداوەکان ببینین و ببیستین وەک یاریەکانی تۆپی پێ ووتووێژی کەڵەکچیەگەورەکان ! هەڵبژاردن .بەلام کەسمان نەمان دی نیشانی دەن چۆن

مرۆڤ لەبرسا دەمرێ ؟! بەڵام 2322 ساڵ پێش ئەمرۆ سروشتیە کە تەلدارو بێتەل ' فاکس ' ئەنتەرنێت 'تەلەفزیۆن نەبوە . گەشتنی هەواڵەکان تەنها ووتی ووتیان بوەبەڵگە نەویستە . ئەلکساندەری گەورە زۆربە ڕۆژهەلاتی داگیرکردوە' هەروەها لەبەرانبەر کەنداوی فارسەوە تا بەرامبەر مەککە هاتوە . نیمچە دورگەی عەرەبی هیچی تیانەبووە تا بۆی بچێ . دەنگی هاتنیەکەشی لە تەواوی ناوچەکەدا بیستراوە کـــــە کـــــابــــــرایــــــەکـــــــی گـــــــــــەورەی دوو شـــــــــــاخـــــــــــەوا وای کردوە . داروبەردی سوتاندوە' دنیای تەخت کردوە . عەرەبەکان ئەوکاتە نەزان بوون ( جاهل ) ئاگایان لە گەردونی دەرەوەنەبوو. ئەلکساندەریان بە داینەسەۆر ئەندێشاندوە . ڕاستە ئەسکەندەر وێران کاری کردوە . تەنانەت بەشی گەورەی ئاڤێستای زەردەشت ئەلکساندەر لەناوی برد . بەڵام وەک دەزانین هەواڵ چەند دوور بڕوا دەها جار گەورە دەکرێ یان بە پێچەوانەوە. ئەوروپایەکانی 500 ساڵ پێش ئەمرۆ باوەڕیان وا بووە کە لە ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست مرۆڤەکان بالایان بەقەد بالای گولالە سورەیەکە . بەکورتی هاتنی ئەلساندەر ناوچەکانی دەوروبەری تۆقاندوە. بەلام لە نزیکەوە نەیان زانیوە کە ئەو دووشاخەی ئەلکساندەر تەنیا قەڵغاتیکی سەرە. وایان زانیوە وەک بزن شاخ دارە . بەکورتی هەروەک ئەفسانەکان هاتۆتە پێش چاویان . بۆیە محەمەد لە سورەی ئەشکەوت ( هاتنی ) ئایەی 95 . اتوني زبرا الحديد حتى اذا ساوى بين الصدفين قال انفخوا حتي اذا جعله نارا قال اتوني افرغ عليه قطرا.

واتا پارچە ئاسنی گەورەم بۆبهێنن 'تا نێوان هەردوو کێوەکە پڕدەکاتەوە ' پاشان بەدەوریا ئاگربکەنەوە تاسوردەبێتەوە ' پاشان مسی قاو بکەنەسەریا .ئیتر دێوەکەهاتوو هەمومانی خوارد ! لەسەر ئەو بناغەی خوا محەمەد ئاگادار دەکا' گەردەربارەی ئەسکەندەری گەورەلێیان پرسیت من قسەتان بۆ دەکەم . هەمان سورە ئایەی 83 ' تا 95. خوا بە محەمەد ئەڵێ لەسەر زەوی هێزوو ئامرازی شەڕماندایە .تا لەشوێنێ ڕۆژئاوا نەوەیەک پێیان ئەڵێن یاجوج وماجوج ناڕەوای دەکەن لەسەر زەوی پارەتت دەدەینێ بەڵکوو کارێ بکەی بەستێ دروست کەی لەتیوانماندا تا تیکەڵیمان نەمێنێ! ئەلکساندەر ووتویە پارەم ناوێ' ئەوەم بەسە کەخوا داومێ. هەمومان دەزانین کە پاشماوەی فیرعەونەکان 1000تا2000 ساڵ کۆنترن لە لەدایک بونی ئەسکەندەر' پاشماوەیان ماوە میللەتانی جیهان دەچنە دیتنی زۆربەمان بەوێنەو فلیم شتیکمان لێ یون کەماون . گۆڕە بچوکەکەی محەمەد خۆی ماوە . بۆ گۆڕی محەمەد بمێنێ' شاخێک نەمێنێ !؟ شاخێکیش بێ ڕێی هاتوو چۆی دوو نەتەوە بگرێ کە تیکەڵ نەبن ! مرۆڤ ناتوانێ بڵێ بەرزی 10م بووە چونکە ئەوکاتەش پەیژە بەکارهێنراوە! هەروەها خودی ئەسکەندەر لە مەکەدۆنیاوە هەستایە سەرپێ وگەشتە هندو پاکستان ' بەسەر سەدەها چیادا سەرکەوت و دابەزی . بڵێی یاجوج ماجوج هێندەیان پێنەکرابێ ؟ بەمەرجێ هاوسێ بوون . ماوەیەکە زانا

ئیسلامیەکان دەنگیان نیيە!؟ ئەترسم بەدوای ئەو شاخەدا بگەڕێن . یان ڕەنگە پەنتاگۆن دۆزبیەتیوەو بە دزیەوە بیبا بۆ خۆی خەڵکینە مەیەڵن .
ئەمڕۆمان لە ئاسمانەوە دەتوانین بزانین کە لە کوێ چی هەیەوەو نیە . ئەمڕۆ مرۆڤ پەی بەپڕانی نهێنیەکانی سەر زەوی بردوە . گەر شتێک شاراوە بێ ئەوا پەنتاگۆنو هاوپەیمانەکانی ڕێگە دەگرن لە ووشیاری گەلان . بۆکوێربوونی بیری گەلانە . ئەگینا شاخێک کوا گوم دەبێ ؟؟ وا شارە گومبوەکانی 10 هەزار ساڵی گرێکلاندی ژێرئاوکەوتوو دۆزرانەوە . ئاشکراشە کە گشتمان دەتوانین بە کۆرشێ یا دوو کۆرش بتوانین بزانین ئافرەتێکی دووگیان چی لەسک دایە بەهۆی تەکنیکی تازەوە . ئەمەجگە لە یارمەتیدەرانی پزیشک . هەروەها دەوروبەری مانگی یانزەی 98 ڕۆژنامەی العرب کەلەسەرچاوەیەکی ئەورپی وەگرتووە نوسیوەیە کە بە دووری چەندان میل دەتوانیرێ بزانرێ کە سکی ئافرەتێکی دووگیان کوڕە یان کچ ! هەربەپێی قورئان هەرکەس زانی سکی دووگیان کوڕە یان کچ ئەو کەسە خوایە ( ویعلم ما فی الارحام ) سورەی لوقمان ئایەی 34 .

## خوا لە شەڕدا

ئاشکرایە کە موحەمەد هەرکات خۆی بە بەهێز دەیبێ ئاوازی پەخشانەکانی ' شیعرەکانیشـــــــــــــــــــــــــی گۆڕانـــــــــــــــــــــــــیان بەسەرداهاتوە . ئەوسەردەمەی موحەمەدو هاوەڵەکانی لە مەدینە بوون و تواناو دەسەڵاتێکی وایان نەبوو ' ئایەتەکان زیاتر نەرم و نیانیان پێوە دیاربوو . بەڵام کە زانی ئیتر شمشێرەکانیان باش بە خوێن دەمەزەرد دەبن ' ئایەتەکانیش تەریبی شمشێرەکان بوو ن .
لە هەوڵدانی داگیرکردنی ( بنی میمونە ) شەڕی ئوحود ' ئیسلامەکان زۆر خراپ شکان . ( 70 ) کەسیان لێکوژرا لەناویاندا مامی موحەمەد ( حەمزە ) مامی موحەمەدیان کردە پەند ! حەبەشیەک لوت و گوێی بڕی. ژنەکەی ئەبو سوفیان ( هند ) سنگی حەمزەی دڕی و جگەری دەرهێنا کە بیخوا ' بەڵام کە زانی چێژی نیە ' پارچە جگەرەکەی تفکردەوە سەر زەوی . لەو شەڕەدا موحەمەد خۆیشی دانی شکا. عەلی کوڕی ئەبو تالیب نەبوایە موحەمەدیش دەکوژراو ئەمڕۆ جیهانی ئیسلام سیمایەکی تری دەبوو . پاش ئەوەی موحەمەد هەواڵی مامی بیست' زۆر دڵگران بو و دڵڕەقانە بەهاوارەوە ووتی :( بە خوا منیش پەنجا کەسی یان دەکەمە پەند ) . واتە پەنجا بە پەنجا.

مرۆڤی سادە کەلە کاریکدا سەرکەوتن بە دەست دینێ ' وا هەست دەکات گویی لە ئاوازیکی هەست بزوین و نەرم و نیانە ' بە بێ هۆ بزە دەیگرێ ! . ئەو ساتە وا هەست دەکات بە تەواوی گەشتۆتە ئامانجەکانی چیدی هیزی شەڕ پێی ناویرێ . بۆیە وا لە خۆبای دەبێت' یا ووردتر لە ژیان دەڕوانێ . ئەوە ئاستی هوشیاری و کەسایەتی ئەو کەسە بڕیار دەدات. ئەگەر مرۆڤێکی هوشیار بوو سەرکەوتنەکان دەکاتە بەردەبازیک بۆ چارەسەرکردنی گرییەکی تری ژیان . ئەگەر پێچەوانەش بوو ' ئەوا بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکات . بەلام موحەمەد ئەو کاتە خۆی فەرمان ڕەوا بوو . خوا متمانە پێکردبو کردبویە نوینەری خۆی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی . ناکرێ و ناگونجێ هێندە لاواز خۆی ببینێ بە شێوەیەکی وا توشی هیستریا بێت . خوا کەسێکی هەڵبژاردووە کە تەواوی مرۆڤایەتی ڕزگار بکات. کەواتە ' دەبێت مرۆڤێک کە هەموو تایبەتمەندیەکی تێدا بێت و لە هیچ ڕویەکەوە کەم و کوڕی تێدانەبێت . چونکەوەک ئایەتەکان ئەڵێن خوا زانیاری دەداتێ . وە لە لایەکی ترەوە پەیامبەر دەبێت ڕزگار کەری مرۆڤایەتی بێت نەک فەوتێنەر ' دەبێت خۆشەویستی بخاتە دڵی خەڵکیەوە نەک ڕق و کینە .

لە کاتی شکستەکەی ئوحوددا چەند ڕۆژێک دەست پێکردنی نویژ بەم شێوە بوو :( **الهم اشدد وطاتك على مضر** ) واتە : خوایە بەنی موزور لەناو بەری و بیانکوژی .

هەروەها چەند کەسێ لەتیرەی بوحەیرە توشی نەخۆشیەکی نادیار بوبوون و هاواریان بۆ موحەمەد برد ' ئەویش ناردنی بۆ لای ووشترەوانەکەی خۆی تا شیری ووشتر بخۆنەوە لەوێ شیریان خواردەوە ئاکامیش چاک بوونەوە . بەلام زۆر نامرۆڤانە ووشترەوانەکەیان کوشت ' ووشترەکانیشیان ڕفاند . کاتێک ئەم هەواڵەیان بە موحەمەد گەیاند ' موحەمەد بە پەلە بن جابری نارد بەدوایاندا , بە پەل بەستراوی هێنانیانە بەردەم موحەمەد ' ئەویش هەر لەوێدا بڕیاریدا قاچ و دەستیان ببڕن و چاویشیان بە زیندویی دەربهێنن. بۆیەش ئیسلامەکانی ئەفغانستان لە مانگی ڕەمەزاندا دەستوو پێی دزیان بڕیەوە. زۆربەی زۆربەی هەواڵەکانی جیهان ڕەمەوانی 98 ز . لە هەمان کاتدا فەرمانەکەی موحەمەد بە ئەنجام گەشت وە ئەوەی کە گوتی کرا .لەبەر ئەوەی کارەکە کاریکی دڕندانە بوو ' موحەمەد کەوتە بەر تانەو سەرزەنشتی دەورو بەر. ئەویش لە وەلامدا بۆ پاکانەی ئەو کارە ئەمەی گوت :( **انا بشر اغضب واسف كما يغضب البشر** ) **حديث صحيح البخاري** .من مرۆڤم'تورە دەبم ووەک مرۆڤیش پەژیوان دەبمەوە. لەزمانی موحەمەد و گەیاندنی لەلایەن عایشەوە .

کاتێ قورەیشیەکان و تیرەی بەنی غەفان یەکیان گرت و بە لەشکریکی چەند هەزار کەسییەوە هێرشیان کرد و ئابلۆقەی مەدینەیان دا بۆ ئەوەی بەیەک جاری ئیسلامەکان لەناو بەرن. بەلام ئیسلامەکان ئاگاداری ئەم پیلانە بوون ! بۆیە چاڵێکی قوڵیان بەدەوری مەدینەدا لێدا ' تا دوژمن نەتوانێ بپەڕێتەوە بۆ ناو شار . بە پێی ازمیترا تا محمد ل 93 نەخشەی چاڵ هەڵکەندن بە دەوری مەدینەدا بیری سەلمانی

فارسی بووه . لەبەر ئەوەی موحەمەد لە شارەزایانی یۆنانی، فارس ' جولەکە '
کوردی لە گەڵدا بووە. کە شارەزاییان لە پیلان دانانی شەڕدا هەبووە . کاتێک
هێرش کەرانی سەر مەدینە دەگەنە قەراغ شار سەرسام دەبن ‼ . لە دەورو بەری
چاڵەکەی قەراغ شاردا بارو تفاقی شەڕ دەخەن . تا دەرۆژ شەڕە تیر بەرامبەر
یەکتری دەکەن . بەڵام هیچ لە ڕێبازی شەڕ ناگۆڕێ و چەندەها جاریش هەوڵی
شکانی ئابلۆقەکەیان دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. چونکەکاتە کەشی زستانبوو .
نیمچە دوورگەی عەرەبی ووشکە سەرمایەکی جەرگبڕی هەبووەو هەیە .
شەڕەکەش هەر لەزستاندا بوو . هاوپەیمانەکانی دژی ئیسلام ووردە ووردە
وورەیەیان ڕووخا بۆیەش (منعم بن مسعود)کەیەکێ لە هاوپەیمانەکانی دژی
ئیسلام بوو . بەدزی تیرەکەیەوە پەیوەندیی کرد، بە موحەمەدەوە . بەکورتی
بەرەی هاوپەیمان ورەیانڕوخا و سەرباری ساردوسەرماو لە لایەکی ترەوە
خواردن و پێویستی جەنگیشیان بەرەو نەمان دەچوو . هەروەها لە کۆتایشدا
ڕەشەبایەکی بەهێزهەلیکرد. هەرچی تەویلەو دامەزراوە کانی شەڕهەبوو هەمووی
لەناوچوو . بۆیەهیچ چارەیەک نەما, جگەلەپاشە کشەی بێکوشتارو شەڕ .
ئیسلامەکان ئەمەیان بەسەرکەوتنی خۆیان ناونووس کرد.چونکە ئاواتی
نەیارەکانیان نەهاتەدی ' کە بە تەواوی ئیسلامەکان بنەبڕکەن . بۆیە بووبەمایەیی
دڵشادی ئیسلامەکان بۆیە موحەمەدیش شنەی شەماڵی شیعری شەنکراو ' شیعری
هاتوو , ئەم شیعرەی گوت :( **يا ايها الذين امنوا اذكروا نعمة الله عليكم اذجائتكم جنودفارسلنا عليهم ريحا وجنودا لم تروها..** ). سورەی احزاب ئایەی 9 . واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان
بەخوا هێناوە یادی خوا بکەن, ئەولەشکرەی هاتووەو ئابلۆقەیداون و هێرشتان
بودینن ' ئێمە ڕەشەبایەکی بەهێزمان هەڵکرد بۆ ڕاونانیان'بەلەشکری سەبازانەوە .
ئێوە نەتان بینی. پاشان درێژەی پێدەدا تا ئایەیی (10 ,12 ,13 ی هەمان سورە
....نەگونجاوە کەخوا نەیتوانیوە یان نەی ویستوە کە یارمەتی ئیسلامەکان بدات لە
شەڕی ئوحودا ! ؟ .
بۆخوا ڕەشەبایەکی وای هەڵنەکرد بە سەربازەوە تا ئیسلامەکان ڕزگاربکا و
کەمامی هەرە خۆشەویستیی موحەمەد لەو شەڕەدا نەکوژرێ ؟! .
هەروەها موحەمەد دانێکی شکاو ( 70 ) ش لە چەتەکانی ئیسلام کوژران.
هەروەها موحەمەد موفق سەلیمەش, لە پەڕتوکەکیدا بە ناوی مفاجئات
المدهشە .بەبانگەوازێکی شانازی و دڵشادیەوە دەهۆڵی ڕوخانی چادرو
سەرکەوتنی ئیسلام ڕادەگەیەنێ. لێرەدا پێویستە بزانرێ کە هەرگیز نا توانرێ
دەسکاریی ماناو دەقیی قورئان بکرێت . چونکەقورئان خۆی باسی هەلکردنی
ڕەشەبای کردوە . بۆیە ناکرێت مانای ئەم ڕوداوە بە هیچ شێوەیەک بگۆڕدرێت بۆ
سریەی نەخلە .وەک بازرگانانی لەخشتەبەری ڕەشوڕوتانی ئەم گەردونە
جادوگەریەی ئەمڕۆمان . هەروەها چۆن کاتێک فاشستەکان ئابلۆقەی
لینینگرادیاندا فاکتیش وە فلیمی دکۆمینتیش هەیە , ئاواش سورەی احزاب

ئایەیی ( 9 ) دۆکمێنتە کەخوا خۆی بەشداری شەڕبووە لەکاتی ئابلۆقەدانی مەدینەدا ، بەپێی قورئان . لەلایەکیترەوە کاتی ئەبرەهە حەبەشی ویستی کەعبەویرانکات . لەبەرئەوەی دەیویست بەو کارەی بنکەی بازرگانی بگوێزێتەوە بۆ (قشون) بەلام (ئەبرەهە)م ویرانی نەکرد . گوایە خەڵکی تایف شانازییان دەکرد. کەگوایە ئەوان نان دەخۆن ' وە دانیشتوانی مەکە برسین. پەڕتوکی (محمد از نو باید شناخت کنستان ویرژیل کئورگیو ل17.

کەعبە پێش ئیبراهیم ببوە کەلاوە .ئیبراهیم سەرلەنوێ دروستی کردەوەو پاشان بانگەشەی کرد. کە خوا فەرمانی داوەتێ کە خەڵک بچنە سەردانی کەعبە . هەروەها سەردانەکەیان بە حەج دەژمێردرێ. (واذانا لابراهیم مکان البیت ان لاتشرك بـي شیئا وطهر بيتي للطا ئفين والقائمين والركع السجود واذن في الناس بالحج ياتوك رجالاً و علـى كل ضامر یاتین من كل فج عميق ، ليشهدوا منافع لهم ويذكروا اسم الله فی ایام معلومات علـى مارزقهم من بهیمة الانعام ،فكولوا منها واطعموا البائس الفقير ،ثم ليقضوا تفثم وليوفوا انذورهم وليطوفوا بالبيت العتق) واتە ،ئێمە شوێنی کەعبەمان بۆ ئیبراهیم دیاری کرد. کە بە ناوی ئێمەوە دروستی کا بە ناوی کەسی ترەوە نەبێ.هاوتا بۆ خوا دانەنێ. هەروەها ئەو ماڵە بە پاکی ڕابگرێ، بۆ ئەوانەی نوێژ لێ دەکەنو حەج دەکەنو دەپاڕێنەوە. خوا فەرمانی بە ئیبراهیم دا کە بانگی خەڵک بکات بێن حەج لە کەعبە بکەن .لە دەوری گەڕێن ولەخوا بپاڕێنەوە. بەگوێرەی توانایان ،چ بە پێیان چ بە سواری وولاغو ووشتر لە هەموو لایەکەوەڕووی تێکەن . (سورەی حەج ئایەی 26 ، 27 ، 28 ، 29 )

ئیبراهیم باپیرە هەرەگەورەی موحەمەدە , ئیبراهیم نەجوولەکەبوو نە مەسیحی ,حەنیفە پاکەکان بوو . یەکەمین کەسیش بووە کە باوەڕ بەتەنیا خوایی هەبووە. دەکرێت بووترێت کە یەکەمین ئیسلامیش بووە (سورەی بقرە ئایەی 136 ) ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە . ئیبراهیم باوکی ئیسماعیلە کە لەژنێکی ڕەشی کۆیلەی خۆی هاجەر بوو. کە عەرەبەکان هەموو لە ئیسماعیلن . لەهەمانکاتدا باوکی ئیسحاقیشە لەئافرەتێک کە ناوی سارایەو مارەبڕاویبوو, کە جولەکەکان هەموو لەون . سارا هەمیشە هەرای بوو لەگەڵ ئیبراهیم , کەچۆن دەبێ مندالی ئەو لەگەڵ منداڵێکی ژنە ڕەشیکی کۆیلەدا گەورەبێ . بۆیە بڕیاریدا کە ئیسماعیل سەرببڕێ تا لەکۆڵ بۆڵەیی سارا بێتەوە.ئیتر گەزی چیو جاوی چی ؟

پاشان ووتی : کەخووا فەرمانیداوە.بەلام سەری نەبڕی لەبەر تکاوپاڕانەوەی هاجەر. هەروەهاش ئەڵێن گوایە چەقۆ نەیبڕیوە. پاشان ووتی : خوا ویستی تاقیمکاتەوە .

بۆ خواش پەنتاگۆنە داوودەرمان تاقیکاتەوە لەسەر مرۆڤ ؟! ئەبرەهە کەعبەی وێران نەکرد .چونکەبۆی دەرکەوت کەخەڵکی مەکە برسین بەوێرانکردنی کەعبە، قشون نابێتە مەڵبەندی بازرگانی . موحەمەد بۆئەم ڕوداوەش چیرۆکێکی نووسیوە وەک ئایەی 1 تا 5. سورەی فیل. (**الم تركيف فعل ربك بأصحاب الفيل * الم يجعل**

**كيدهم في تضليل * وارسل عليهم طيرا ابابيل ترميهم بحجارة من سجيل * فجعلهم كعصف ماكول)**
واتە: ئايا نابينن خوا چيكرد بە خاوەن فيلەكان ٬ فێلەكەيانی هەڵوەشاندەوە, باڵندەی پەڕەسێلكەی ناردە سەريانو بەردەبارانيكردن. بەبەردی ئاگراوی كردنيە تەرسەقول. يان كای جۆينراو. ئايەكە دەپرسێ نابينن ؟ نەخێر نابينم . چونكە پرسيارەكە هێشتا زيندووە . قورئانيش پەڕتوكی خوايە تا ڕۆژی كۆتايی . بۆيە مرۆڤ ناتوانێ بڵێ ئەرێ. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ڤانتۆم, مێك, ميراج دەبينم. كە بۆمبی ئەو جۆرە فڕۆكانە دەتوانن هەرچی زيندەوەرو بونەوەرهەيەلە ناو بەرێت . زانيمان ئەتۆم, كيمياويش دەخنكێنن دەسووتێنن نەك كای جوێنراو.واتە شی كردنەوەی گەردەكانی. لێرەدا گەشتينە ئەنجامێك كە خوا چەكی ناديارى بەكارهێناوە لەچەشنی ئەتۆم و بگرە كاريگرترو بەتوانا تريش چونكەپەڕەسێلكەهەڵگريتووە , پەڕەسێلكەش ناتوانێ لەدەنكە گەنمێك زياتر هەڵگرێت , گريمان دەنكەنۆكێك . كەواتە زۆر بەتوناتربوون لەبۆمبەكانی ناكازاكيو هێرۆشيماو هەلەبجە. باشە بۆ خوا فۆرمۆلی چەكەكانی خۆی لەبيرچوتەوە تائيسلامەكانی پێ ڕزگاربكات كە 70 يان ليكوژرا . هەروەها مامەی موحەمەديش كوژرا, موحەمەد خۆيشی ددانێكی شكا . باشە بۆ خوا لەوجۆرە چەكانەی بەكارنەهێنا دژی تاوانبارانی هەلەبجە؟ قوربانيەكانی هەڵەبجەسەرجەم بێگوناه بوون ! بەگشتی ڕەشوڕوتی شارەكەبوون . وێران كردنو شەهيد كردنی هەڵەبجە گرنكە يان كەلاوەكۆتێكی وەك كەعبە ؟مەگەر خوا لەتۆڵەی كوشتنی ووشترێكدا هۆزی پێغمبەری ساڵحی لەناو نەبرد ( سورەی هود ئايەی 63 تا 66 ) ئايا ئيسلامەكان پاش موحەمەد هەربەردەوام نەبوون لەشەڕوشۆڕدا ؟ ئەی بۆ قورئان كۆتايی هات؟ دەنگی چەكە نهێنيەكان نەما ؟ تۆ بڵێی خوا فرۆشتبێتی بە پەنتاگۆن بەدزيی ئيسلامەكانەوە هەروەك ئەمەريكان جەت ؟ دوور نيە ! چونكە لەهەمووكەس بەبەزەيتر توانی ڕەشەبا هەڵكات كەسيش نەيبينێ.

دۆستيی خۆشەويست : تەنيا كوردە ئەم بيرەبۆگەنەی بەكارنەهێنا بۆ بەرژەوەنديی تايبەتی خۆی . خۆ سەلا حەدين ی گۆڕبەگۆڕ زۆربەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو باكوری ئەفريكای لەژێردەستابوو . بەلام دەبەنگ بووسودێكی بۆ ئێمە نەبوو. وەك گەلانی تری ناوچەكەمان . ئەوەتا هێشتا لەژێر چەپۆكی نەژاد پەرستاندا هاوارمانە . چونكە سەركردەيەكی بەتواناو لێهاتو بوو, شۆڤێنستەكانی ناوچەكەمان بەكورديان ناونووس نەدەكرد . تا ئەم نزيكانەش . هەلبەت ئاشكرايە كەخوا لەزۆر شوێندا بەشداری شەڕی كردووە بەلام ئەوەندە بەسە گەر مرۆڤ روداوبينانە بيركاتەوە.

هەروەها مرۆڤ دەتوانێ بڵێ , ئايا خوا نەيدەتوانی بەو چەكە شەيتان لەناوبەرێ؟ وەك ئاشكراشە لەپشت هەموو ستەمێكەوە جێپێی شەيتان ديارە. بەپێی قورئانەكەی موحەمەدی عارەبی ٬ وەك دەزانين زۆربەی تاوانەكانی دژی مرۆڤايەتی كە ئەنجامدەدرێ لەپەنتاگۆنەوە نەخشەی بۆدەكێشرێ . ئەی بۆخوا

چوار پێنج پەرەسێلکەی نانێرتە سەرپەنتاگۆن . هەرپاش ئەوەی پەنتاگۆن کاری بە ئیسلام نەما بەرەلای کردن 'ئێستا ڕیسواترین کۆمەڵ لای پەنتاگۆن ئیسلامەتوند ڕەووەکانە ' بۆیەش پێیان ئەڵێ توند ڕەوتا بیان کا بەدوو بەشەوە تابە شێکیان هەردەم سوپێربێ ' بۆئەوەی لە داهاتودا گەر پێویست بوو جارێکی کە بەکاریان بهێنێ. خۆ پەنتاگۆن بڕوخێ سایگۆن لەخۆیەوە دەڕوخێ . تائەم گەردونە بچکۆلەمان دوربێ لەهەموو شێوازەکانی ستەم. یان ئیسلام خۆی سەرچاوەی جەورو ستەمە. هەرئیسلامە هەموومرۆڤەکان دەدا بە گژ یەکدا . چونکە قورئانەکە خۆی هاواردەکات بەشێوازی جادوویانەوسەیر :( بیانگرن بیان کوژن ) . ئەوە بوو دەریایە خوێنیانرژاند ) .

**واقتلوهم حيث ثقفتموهم واخرجوهم من حيث اخرجوكم والفتنة اشد من قتل** . واتەلەهەرکوێ بێ باوەڕانتان بینی بیانکوژن یالە ماڵەکانیان دەریانپەڕێنن ئاوارەیان بکەن وەکو چۆن ئێوەیان ئاوارەکرد, دوزمانی لە کوشتن گوناهترە ( خراپترە ) .سورە بقرە ئایەی. 191 دیسان (قاتلوهم حتى لاتكون فتنه ) بیانکوژن تا دوزمانی دروست نەبێ , بقرە 193. دیسان (**قاتلوا الذين لايؤمنون بالله ولا باليوم الاخر ولا** ...) واتە : ئەوانە بکوژە کە باوەڕیان بەخواو ڕۆژی کۆتایی نیە . توبە 29. بۆیە خوا فەرمان دەدا بیان کوژن چونکە بێباوەڕن . کە لێرە سزادران ئەی دۆزەخ بۆ؟؟ ووشیاری لەکوێ ؟؟ بەلام سورەی سوجدە ئایەی 12 ئەڵێ : (ولوشئنا لاتينا كل نفس هداها) گەر بمانویستایە ڕۆشنایی باوەڕمان دەدایە هەموو کەسێ. هەروەها نزیکەیی 20 تا 30 ئایەت پەمپی مرۆڤ دەدات تاکەسانی تر بکوژن. هەروەها ئەوئایەتانە ئاگادارمان دەکەن کەنزیکەی (5) ملیاردێ مرۆڤ هەن کەنەبوونەتە ئیسلام دەبێ شمشێر پەیداکەین و بکەوینە ویزەیان .هێشتا مرۆڤ کوشتن باویەتی وزۆر جارانیش لە مێش کوشتن ئاسانترن .بەلام بەدڵنیایەوە 1000 ساڵیکی کە مرۆڤایەتی بەباشی ووشیاربێتەوە بۆڕژانی دڵۆپێ خۆین شارێک ببورێتەوە لەترسا بەکەمی دەزانم .بەلام لەبیرمان نەچێ قورئان پەڕتووکێکە بە بۆچوونی محەمەدی تا ڕۆژی کۆتایی .ئەم سورانەش بانگەوازی کوشتن دەکەن.

1 ـ سورە بقرە 191'
**2** ـ بقرە 256
3 ـ بقرە 243
4 ـ توبە 73
5 ـ توبە 23
6 ـ تحرمم 9
7 ـ بقرە 246
8 ـ بقرە 217
9 ـ بقرە 249
10 ـ نساء 77

11.الصف 4 .
هەڵبەت هێندە بەسە ‘ ئەوەی ڕاستی بێ قورئان 170 جار باسی جەنگو خوێن ڕشتن دەکا لە شێوەی چاوگدا . بۆیە نرخی مرۆڤ و پەتاتەیەکسانە لەو ناوچانەی ئیسلامیان تێدا دەژی .

# چەندبارە کردنەوەی ئایەتەکان

ئاشکرایە کەنوسەرێ نوسینێک دەنوسێ تاتوانای هەبێ هەوڵدەدات , کەبەر هەمەکەی پاکو پوختەوبێخەوش بێت هەڵبەت نوسەران سەرەتاو پاش دەست پێکردنیان وەک یەک نیە, بۆ نمونە سەرەتای یەکەم نوسینیان لەگەڵ نوسینی چەندساڵ پاشیان جیاوازیی زۆر دەبێ لە هەموو روویەکەوە. پڕانی جاران نوسەران پەشیمان دەبنەوە لە بەرهەمی پێشویان ‘ چونکە نوسەر خۆی ڕستەکۆنەکانی کە داڕشتون لاواز دێتە پێش چاو و جێگەگۆڕکێیان پێدەکا . چونکە بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێ . خێراتر لەکەموکورتیەکانی خۆی دەگا . بە کورتی ئەورستەی ئەمڕۆی ناوبیری نوسەر نە توانێ دایان ڕێژێتە سە ڕوپەل‘ ئەوا سبەی لای ئاسنتر دەبێ .
هەرچەند دەکەم هەرچەند دەکەم
ئەو خەیاڵەی پێی مەستم بۆم ناخرێتە
ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.
بە قسەی پەیامتێرەکان خوا دەمێکە دەنوسێ و پەڕتوکەکانی ڕەوانەی ئەرشیفی زەویمان دەکات . کەچی تا ئیستا فێرنەبووە , کە چۆن ڕستەکان داڕێژێ ! . هاتنە خوارەوەی ئەوسێ پەڕتوکەی بۆ جوولەکەو مەسیح و ئیسلام هاتون نزیکەیی زیاتر (1000) ساڵ یان زیاتری پێچووە وەک ئەڵێن !! . چونکە خوا 124000 پەیامتێری ناردوە (تاریخ النبیاء ) چ مفاوەزاتیکە ؟ ئاشکرایە محەمەد 570 زاینی لەدایک بوو.لە 40 ساڵیدا بانگەوازەکەی دەستپێکرد . واتا 570 ساڵ تێوانیانە‘عیساومحەمەد . دەتوانین گریمان کەین کە تێوان پەیامتێروکوو یەکێتر ساڵێکە کەواتە 124 هەزار ساڵیان پێچووە. خۆ گەر ڕوداوبینیانەی مێژویش باوەڕبە ئاسمانیکراوەکان ڕەچاوکەین ئەوا دەبێ لە 570 یان دەین ئەوا دەکاتە 13680000 ساڵ پەیامبەران بەڕێوەن . بەڕاستی بێمانایە ئەگەر پرسیارکرا لەکەسێ کە 1پلوس 1 دەکاتە چەند ؟ مرۆڤ لەوەلامدا بلێ دوو سێبارەو چواربارەیبکاتەو خوا وادەکات ! بۆ نمونە ئەلی :

1 .(إن ربكـــم الله الذي خلق السموات والارض في سته آيام ثم استوى على عرش ) واته: خوا ی ئێوه بەشەش ڕۆژ زەویـوو ئاسمانـی دروست کردوەو لەسەر ی سەقامگیر بوو. (سوره یونس ئایەی 3).
خەریکە بپرسم پێش ئەوشەش ڕۆژە خوا لەکوێ دادەنیشت؟ باشبوو نەمپرسی!
گەرچی (تەبەری ونوسەری گەورەو باوەڕپێکراوی ئیسلام, هەروەها کومبریج . بۆ شیکردنەوەی ئەم ئایەتە ووتویانە کە گوایا مەبەست لەبێوەژن لەئاسیای ژنی فرعەونە , کونەکراویش مریەمی دایکی عیسایە . ئەڵێن ووتیان زۆری تریش ! گرنگ نیە . گرنگە مرۆڤ بەچاوی بێ لایەنەوە بڕوانێتە قورئان . وە بەتایبەت سورەی تحریم , هەروەها ڕوداوەکان لەجێگای خۆیاندا سەرنجی لێبدرێ , زووتر پێشنیارمان کرد . کەناتوا نرێ شیکردنەوەیەک کە بۆ سورەی نور ئایەیی 4 دابنیێن . بۆڕوداوی شەڕی ئوحود دەبێ بگەڕێینەوە بەبەڵگەنەویستەوە بۆ تاوانبارکردنی ئایشە کە لەگەڵ سەفوان ڕابواردووە نوسیویە. چونکە ناوەڕۆکی ئایەکە بێتاوانی کەسێ بەیان دەکا . هەروەها لەتەواوی مێژووی ئەوسەردەمەشدا تەنیا ئایشەوماریە تاوانبارکران . کەداوێن پیسیان کردوە لە ناوژنەکانی محەمەدا .بەلام گومانلێکردنەکەی ماریە ئێجگاروا گەورە نەبوو ٬وەک ئەوەی ئایشە . چونکە تەنیا ئایشە کچۆڵە بووە. کەواتە ناتوانین هیچ واتایەک بۆ ئایەیەک دابنێین کە کات و مێژوو جێگەکەیان گۆڕدرابێت . هەرچەند ئەم ئایەتەو هەندێ ئایەی ترقسەی عومەری کوڕی خەتاب نو بونەتە ئایەیی قورئان . بۆ نمونە ٬ جلال الدين عبدالرحمن سيوتى در الاتقان فى علوم القران لـ 131 . ئەڵێ : نوینەری خوا ووتویە : کە خوا مافی ڕەوای بەدڵ و دەروونی عومەر داوە . (**عسي ربه ان طلقكن ان يبدله ازوجا خبرا منكن مسلمات مؤمنات ...**) یەکەم ئەمە قسەی عومەرە نەک خواو تەنانەت موحەمەدیش . دووەم . ناوەڕۆکی ئایەتەکەش بۆمان دەسەلمێنێ کە قسەی خوا نیە ! چونکە تکا لە خوا دەکات ژنەکانیان تەلاق بدات .وەک زۆربەی ئایەکانی تر. ئەگەر زیاتر سەرنجی قورئان بدەین دەبینین لە چەند جێگەیەکدا باسی ژنهێنانی موحەمەدو بگرە باسی جووتبونی لەگەڵ ژنەکانیدا دەکا . هەرلەبەر ئەم هۆیانەیە کە زەمینەیان بۆ تانەو ڕەخنەگرتن لە موحەمەد خۆشکردووە . هەربۆیە موحەمەدیش بە ئایە بەرگری لە خۆی دەکات . ( **ام يحسدون الناس على ماء اتاهم الله من فضله فقدء اتينا ال ابراهيم الكتاب والحكمة و ءاتيناهم ملكا عظيما** ) واتە : ئەوان ئیرەیی دەبەن بە موحەمەد چونکەپەیامبەرەو ژنیشی زۆرە ئەگەر ئەو پەیامبەر ببوایە ئەوەندە سەر ژنانی نەدەبوو ئێمە پەڕتوک و دانایی و سەروەتێکی مەزنمان بە ئیبراهیمی خانەدان بەخشی . (سورەی النساء ئایەی 54 ) . لێرەدا

موحەمەد مەبەستی داود و سولەیمانە چونکە ( داود 99 ژن و سولەیمان 1000 ) ژنی هەبووە . سولەیمان سەرەڕای ئەو هەموو ژنەی پەلاماری شاری ,, سبا ,, ی دا بۆ ئەوەی شاژن بەلقیس بفڕێنێ وە فڕاندیشی! . ( ئینجیل ' الملوک الاول **اصحاح 11** :3 ) . داود یەکێ لە ژنی ئەفسەرێکی خۆی زۆر گێ کرد .و مێردەکەشی ڕەوانەی شەڕ کرد و فەرمانی دا کەلە پشتەوە بیکوژن . پاشان ژنەکە مارە دەکات و منالیشی لێی دەبێ لەهەمان کاتدا ئەڵێ : خوا فەرمانی داوە (ئینجیل **ساموئل الاول ' الاصحاح** 12 ) .

ئاشکرایە جیهانی ئەمڕۆ کە جیهانێکی سەرمایەداریە تا ئێستا کێشەی ژن بە چارەسەرنەکراوەیی ماوەتەوە ' بگرە بیریشی لێنەکراوەتەوە . چونکە بە گیروگرفت و کێشەی خۆیانی نازانن ! . چونکە هەرکاتێک ویستیان جوانترین ' سێکسیترین ئافرەت لە باوەش دەگرن . لەبەرئەوەی ئەمڕۆ پارە فەرمانڕەوای دەکات. هەر بۆیە لەسیستەمە سەرمایە داریەکاندا سۆزو خۆشەویست بەرەو لە ناو چوون دەچێت' یان چووە . وەک دەزانین ئافرەتیش زیاتر ڕوو لە کەسی دەوڵەمەند دەکات . زۆر کەم ڕێدەکەوێت کە ئافرەتێک کەسێک هەڵبژێرێ کەبە پاس و میترۆ هاتوو چۆ بکات و سێ ژەمەش لە ماڵەوە خواردن ئامادە بکات ... ئەگەر بۆی دەست بدات بە مارسێدس و بێ ئێم ڤێ هاتوچۆ بکات و لە چێشتخانەش نان بخوا . هەموو ئەرکێکی لە کۆڵ بێتەوە. پیاویش بە هەمان شێوە ئیتر چۆن دوای ڕەشو ڕوت دەکەوێ ؟! لەسەردەمی موحەمەدیشدا کە پێگە سەرەتاییەکانی سەرمایەداریە ئافرەت هەمان ڕەوشتیان پیادە کردووە. لەبەر ئەوەی موحەمەد لە سەرجەمی دەستکەوتەکاندا یەک لەسەر پێنجی بۆ خۆی هەڵدەگرت بەناوی سامانی وولات. هەروەها هەژارو نەدار کەچی دیمان ژنەکەی زەیدیشی زەوت کرد! نەک یارمەتی . بۆیە ژنان خۆیان پێشکەش کردووە وەک و ام شریک' میمونە ' زینب ' خولە ...لەبەر ئەوەی ام شریک زۆر جوان بووە یەکسەر موحەمەد قبوڵی دەکا و ئەم ئایەتەش ڕێکدەخا بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕەخنەی خەڵکی بگرێت . ( **وامراة مؤمنة ان وهبت نفسها للنبي ان اراد النبي ان يستنكحها خالصة لك من دون المؤمنين ....** ) واتە : هەرکاتێک ژنی باوەڕدار خۆی پێشکەش موحەمەد کرد و ئەگەر موحەمەدیش نیشەی لێی هەستا ئەوا دەکرێت .بەڵام ئەمە تایبەتە بە موحەمەد .

بەڕاستی سەر سوڕهێنەرە کە ملیونەها سەرگەرمی حەزی ئەم کابرایەن. تۆ بڵێ زیاتر هۆی ئەوە نەبێت کە موسوڵمانەکان لە ناوەڕۆکی قورئان و ئیسلام نە گەشتبن ؟! لە جێگەیەکدا ئایشە دەڵێ ( **ان ارى ربك يسارع في هواك** ) واتە : دەبینم خوا بۆ حەزەکانت زۆر پەلە دەکات . هەروەها کاتێک ڕوداوی ام شریک کۆتایی پێهاتبوو ئایشە گووتی :( ئەو ژنە چ نرخێکی هەیە کە خۆی پێشکەشی پیاوان دەکەن؟ ) موحومەدیش بۆ هوشیار کردنەوترساندنی ئایشە ئەم ئایەی دارشت ( **يا ايها النبي انا حللنا لك ازواجك التي ء اتيت اجورهن وما ملكت يمينك مما افا الله عليك و بنات عمك وبنات عماتك وبنات خالك وبنات خالاتك التي هاجرن معك وامراة مؤمنة ان وهبت نفسها للنبي** ) واتە : ئەی پەیامبەر ئەو ژنانەی کرێکانیانت داوە بۆ تۆمان ئازاد کرد . کۆیلەکان کە لە

شەڕدا گیراون ' کچی مامەکانت ' خاڵۆکانت 'پورەکانت کەلە گەڵ تۆ کۆ چیان کرد .ئەوانەش کە خۆیان بە تۆ دەبەخشن . سورە احزاب ئایەی 50 .
بەکوردیەکەی ئارەزووت ڕۆشتە سەر هەر کەس مافت هەیە سواری کۆڵی بیت و ئایشەش زیاتر دەم درێژی مەکە . لەبەر ئەوەی ئایشە لە لوتکەی هەرزەکاریدا بووەو لە هەمویان زیاتر پێویستی بەسێکس بووە. موحەمەدیش لەبەر ئەوەی ژنی زۆربووەو ئایشەش دەرفەتی کەم بووە دزە بکات و هەلیشی بۆ ڕێک نەدەکەوت ! چونکە ئایشە نۆکەری تایبەتی هەبووە . وەموحەمەدیش بەرەو پەککەوتەیی دەڕۆشت ئایشەش هەمیشە لە گەڵیدا شەڕی بووەو داوای سێکسی زیاتری لێکردووە . گریمان پەنجا ئافرەتی لەلا بووە کەواتە
پەنجا ڕۆژ جارێک بەر ئایشە کەوتووە . کەواتە تینوبوە .جا بۆ ئەمەش ئایەتێکی دروست کرد ( **ترجی من تشاء منهن و تؤی اليك من تشاء ومن ابتغيت ممن عزلت فلاجناح عليك ذلك ادنى ان تقرا عينهن و لا يحزن و يرضين بماء اتيتهن كلهن والله يعلم ما في قلوبكم وكان الله عليما حليما** ) واتە : موحەمەد پێویست ناکات نۆبەتی پەڕینت لە ژنەکانت ڕەچاو بکەیت ' هەرکاتێک یەرەق بوویت ئازادی لەهەڵبژاردندا 'خوا ئاگای لە دڵتانە و زانایەو خەو پەرژینیشە . سورە احزاب ئایەی 51 .جا ئیتر ئایشە با بۆ خۆی بۆڵەی بێت ! ئایا ڕەواتر نیە موحەمەد ناو بنێین پەیامنێری سێکس ؟ خۆشبەختانە کە ئەوە ئایەیەی ناو قورئانە.باوەڕکەم پیاهەڵدانی ناوێ! لە هەموو ئاشکرایە کە ڕۆژانە هەزارەها کارەساتی دڵتەزێن ڕوودەدات ! چەندەها کەس لە برسانا دەمرن! باشتر نیە ئێمە بیر لە داهاتووی مرۆڤایەتی بکەینەوەو بزانین ئەم سیستەمە ستەمکارە بەرەو کوێمان دەبات ؟! . نەک سەرقاڵی ئەوەبین بزانین موحەمەد چۆن دەپەڕێ و لە گەڵ کام ژنیاندا ... هتد . لەشەڕی کەنداوی دوەمی ساڵی 1991 دەڵێن سەرجەم ( 120,000 ) کەسی تێدا کوژا , بەڵام لە خودی ئەمەریکا ( 100,000 ) کەس کوژرا تەنیا لەساڵیَ1995. scb ناوەندی ئاماری سوید .بەمەرجێ لە ناوخۆی ئەمەریکادا ' نەک شەڕکردن لە گەڵ وڵاتێکی کەدا .
موحەمەد ووردەووردە هەستی بەڕەوایی توانجەکانوو ڕەخنەکانی لێگیراون کردوە . زانیوە , کەئیتر هەموو سنورەکانی شکاندووە' کەمێ بەخۆیدا هاتەوە . بۆئەم مەبەستەش بەئایەهەڵچونی دەرونی خۆی دامرکاندۆتەوەو دڵی خۆیداوەتەوە( لایحل لک النساء من بعد ولا **يبدل بهن من ازواج ولو اعجبك حسنهن الا ما ملكت يمينك كان الله علي كل شيء رقيبا** ) . واتا لەمەودوا ژن بۆت بۆ تۆ تابوە وە ناتوانی بشیان گۆڕی بەژنی تر, هەرچەند جوانیان سەرنجتی ڕاکشابی . تەنها ئەوانە نەبێت کەئیسلام ڕێگەی پێداوی . (سورەی احزاب ئایەی 52 )جا ماوە کاولیکا'پیر بوەوترقەی پێیەماوە .
ا بن عباس ئەڵێ : کەسێک لە گەڵ یەکێک لە ژنەکانی موحەمەددا قسەی دەکرد . موحەمەد بەسەردا هات و لە کابرا توڕەبوو . پێشی گوت : بۆت نیە جارێکیتر لەگەڵ خێزانی مندا گفتوگۆ بکەیت . کابراش لە وەڵامدا گوتی : ئەو ئافرەتە

ئامۆزامە ' بۆیە کاری خراپ لە هیچ کامێکمان ناوەشێتەوە ,, موحەمەدیش دەڵێ : کەس لە من و خوا بەئاگاتر نیە . کابرا ڕۆشت و هاواری دەکرد . منیان لە دیدەنی ئامۆزاکەم قەدەغە کردووە. مەرج بێت موحەمەد بمرێت لە خۆمی مارە بکەم . ڕەنگە ئەو کابرا لە کاتی هەڵچوندا ئەو قسەی کردبێ . بەلام موحەمەد یەکسەرئایەتێک بۆ ئەم مەسەلە دادەڕێژێ ( **وما كان لكم ان تؤذوا رسول الله ولا ان تنكحوا ازواجه من بعده ابدا ان ذلكم كان عند الله عظيما)** واتە : بۆتان نیە ئازاری پەیامبەر بدەن و بۆشتان نیە پاش مردنیشی ژنەکانی مارە بکەن. سورە احزاب 53 . لەگوندی بانیخێلانی 10 کیلۆمەتری خوار شارۆچکەی دەربەندیخان جوتیارێ گوێدرێژێکی نێری دەبێ 'بڕیاردەدا کە نەهێڵێ بپەڕێ ' چونکە کە پەڕی لاوازو دەبێو کارەکانی بە باشی بۆ بەڕێوە نابا . بۆیە هەمیشە بە باشی لە ئاخوڕەکانداو سەنوێلکەکان دەی بەستێتەوە .ئەمکارەی جوتیار دووسێ ساڵ درێژەی دەبێ تا بەڕێکەوت کاروانێکی گوندی پساکانی خوارووی بانیخێلان ڕودەکەنە بانیخێلان.گوێدرێژی مێیەشیان پێ دەبێ(ماکەر). گوێدرێژە نێرەکەی جوتیارەکەش کەئەودیمەنە دەبینێ! دەست دەکا بە باوکەڕۆ بڕاڕۆ . تەویلەکە دەڕوخێنێ ' دەپەڕێتە کوڵی گوێدرێژێکی مێیان . بەلام نەزانرا بە ئاوات گەشت یاخود خێر؟ چونکە هەر لەسەرەوە ئەویش بوە قوربانی تاسانی سێکس. ئەم ڕوداوە چیرۆکی ئەندێشەیی نیە ' دروشتکراو نییە ؟ خەڵکی ناوچەکە گشت دەیزاینن . بۆتە نمونەش لەناو گەنجاندا . ئەڵێن : خەریکە وەک گوێدرێژەکەی فلانیم لێدێ. جا ئەوە گیاندارێکە' ووشیاری ئێجگار کەمە دەستوو پێ یارمەتی خۆ جوانکردنیان نادا ! ئەی ئافرەتت ؟ گشتمان دەزانین کە ئافرەتت بە جۆرەها شێوە خۆی جوان دەکا تا سەرنجی پیاو ڕاکێشێ . سەرمایەداران باش لە دەرونی ئافرەتت گەشتون بۆیە هەزارەها ئامرازی خۆ جوان کردنی بۆبەرهەم هێناون . کە پیاو ناوی 1 لەسەر هەزاریان نازانێ ؟

بەڕاستی شەرمە مرۆڤ لە شتی وا بۆگەن بکۆڵێتەوە بەلام چارەش نیە . هێشتا ئەم ووتە ڕزیوانە مرۆڤی بێتاوان سەردەبڕن وەک جەزائیر ' ئەڤگانستان ' وێرانستانی خۆمان ... هتد . لێرەدا مرۆڤ پەی بە ڕاستیەک دەبات کە موحەمەد جار بە جار ڕاستگۆ بوو. ئەوەی ویستویەتی و نەیتوانیوە بە ئایەت هێنانەوە هێناویەتە دی. بەلام وەک مرۆڤێکی دەرون ڕزیوو نەک وەک مرۆڤێکی خاوەن کارەکتەر . چونکە هەستی کردووە لە توانای خەڵکدا نەماوە کە بە بیرە بۆگەنەکانی ئەو ڕازی بن . بە ئایەی قورئان دەرونی خۆی دامرکاندۆتەوەو گۆڵیشی لە خەڵک کردووە' بە کەڵەگایترین شێوەش . لە گەڵ ئەوەی کە موحەمەد خاوەن دەسەلات و سامان بووە کەسان هەبوون کە شو بە موحەمەد نەکەن .

1 ـ ام هانی ' کچی ئەبو تالیب . موحەمەد داوای کرد بەلام دایکی هانی ڕازی نەبوو.

2 ـ سەفیە کچی بەشامە ' کە دیل بوو موحەمەد داوای کرد . سەفیە داوای کرد ' کە بگەڕێتەوە بۆلای مێردەکەی .

3 ـ زەباعە کچی عامر ' موحەمەد داوای لە کوڕەکەی کرد کە دایکی شوی پێبکات بەڵام ژنە ڕازی نەبوو .
4 ـ ام حەبیب کچی عەباس ' موحەمەد داوای کرد . بەلام عەباس گوتی : شیری یەکتریان خواردووە ' کچەکەی نەداپێی .
5 ـ جەمرە کچی حارس ' موحەمەد داوای کرد بەلام حارس گوتی : کچەکەم کەماسی(کەمووکورتی) هەیە . ( محمد بن حرير ' تاريخ الكبير ل 1298 ) . هەروەها چونکە ژنەکانی موحەمەد زۆر بوون زەمینەی ساسز کردوە بۆگەنجانی ئەو سەردەمە کە چاوو ببڕنە ژنەکانی موحەمەد. مەحەمەد خۆشی هەست دەکا . بۆیە بۆ ئەمم مەبەستەش بۆئەوەی گەنجانیش بترسێنێ . ئایەیە دروست دەکا (**يا ايها الذين امنوا لا تدخلو بيوت النبي الا ان يوءذن لكم الي طعام فاءذا طعمتم فا اتشروا ولا مستنسين الحديث**)
وا تە ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە , بێ بانگ کردن مەچنە ماڵەکانی مەحەمەد . تا بانگ نەکرێن بۆ خواردن . کەخواردیشتان هەرکەس بڕوا بەلای کاری خۆیەوەو چاوەڕێی قسەکردن مەبن(بخۆن بڕۆن ) .احزاب 53 . شێخ تەبەری لە مجمع البيان ئەڵێ ئەم ئایەی لەکاتی داگیرکردنەکەی زەینەبی ژنی زەیدا ووتوە . کاتێ مەحەمەد شایی کرد لەگەڵ زەینەب مەڕێکی سەر بڕی. بەلام دیتی کوڕگەل سەرگەرمی قسەکردنن لەگەڵ ژنەکانی تریدا. هەروەها لەهەمانکاتدا . ژنەکانی تری هەریەکەیان لەئاستی خۆیەوە ئیرەییان بردوە بە تازە بووکوو ' گیانی تۆڵەیان تێدا درووست بووە. بە ئاشکراش زانیویانە . کە تاوێتر موحەمەد دەپەڕێمە کۆڵی زەینەب . نیشەی ئەوانیش جولاوەوشل بون بۆ کوڕگەل . مەحەمەدیش هەستی کردوە . بۆیە بە ئایە جوابی کردن . لێرەشدا قورئان خاڵێکی کەمان دەداتە دەست . کە موحەمەد ئیتر خوای چەکردوە ' لە دەسەلاتەکانی. خوا تەنهاو تەنها سەرگرمی نەخۆشیە دەرونیەکانی مەحەمەدە . وازی لەکارەکانی تر هێناوەو چاودێری ژنەکانی موحەمەدە کا' کەس سواریان نەبێ . موحەمەدیش هەستی بەتینوێتی سێکسی ژنەکانی کردوە . کەبە پێکەنین وناز فرۆشتنەوە لەگەڵ گەنجاندا دواون . تینوو بون ! بۆیەش ئەمجارەش بێتەلێ دەکا بۆخوا . خواش بەپەلە ئەم ئایەی هاویشتە چپسەکەی سەری مەحەمەدەوە . ( **يا نساء النبي لستن كاحد من النساء ان اتقيت فلا تخضعن با قول فيطمع الذي في قلبه مرض و قلن قولا معرونا** )
واتە ئەی ژنانی موحەمەد 'ئێوە وەک هەموو ژنانی تر نین . دەبێ خۆتان بپارێزن . بە نازو عنان قسان مەکەن . نەرموو بەڕێزەوە بدۆین .تا ئەوپیاوانەی دڵیان نەخۆشە.چاویی خراپتان تینەبڕن . احزاب 32 ) . ( والهی دنا غلبان 'عادل امام) سەرجەمی کوڕان دەزانن کاتێ کچ نازی فرۆشت مەبەستی بەگەم( حەزلێکردنە ) کردنە' شتیک دەرونی شاد کردوە بۆیە نازدەکا . یا بزە دەیگرێ. ئاشکراشە کەسانێ کە تورەن ' کینە دەرونی بریدار کردون ' چاوەڕێی خۆشەویستی لێ ناکرێ بەکورتی لەو ساتەدا . لێرەدا هەروەها ئایەی پێشوش مەحەمەد بەناوی خواوە قسان دەکا ؟ پاشانیش بەئایەیەتر دەرگایی هاتوو چۆشیان لێ دادەخا.

(و قرن فی بیوتکن ولا تبرجن تبرج الجاهلیه ) واتا له ماڵەوه دانیشن جوانی خۆتان نیشان مەدەن وەک لەسەردەمی نەزانیندا( جاهیلی ) دەتان کرد . احزاب 33 ' الله زعلان کید لی ؟ ) هەروەها موحەمەد دوو کۆلەیەکیشی بەدیاری له مەقۆس پاشای میسر بۆ دێ ' مابور وماریە . کاتی محەمەد نامەی بانگەوازی بۆ ئیسلام بونی بۆ دەنێرێ .هەمان کۆیلەیە کەگوایە لەگەڵ ماریا ڕایبوادووە . کۆیلەکه ناوی مابورە . مەحەمەد عەلی ئامۆزای دەنێرێ بۆ کوشتنی مابور. بەڵام کاتێ عەلی دەزانێ کە کۆئەندامی تیرینەی نیە! واز لەکوشتنی دەهێنێ . تاریخ الکبیر ل 1302. کەچی سویدی ڕەواو تەکنەلۆژی وەک عەلی کوڕی تالب ویژدانیان نەبزوا . پیاوێکیان سزا دا بۆ هەمان گومانی مابور کە بەڵگەی پزیشک سەلماندیشی کە 5 ساڵە تیرینەی کارناکا ' دادگا ووتی : گرنگ نیە ڕەنگە بە پەنجەکردویە بەژن . هەرچەند کچەکەووتبوی : کە پاڵی خستوم لەژوری نوستنی خۆیدا . سەرچاوە ' لێکۆڵینەوە شارنبێرگ بە ڕاپۆرتێ کەبۆ قوتابیانی پارێزەرانی زانکۆی لوندی ناردو (Juridsk studnt)

MAX Sharnberg tel 087527137 موحەمەد لێرەشدا کومرەشی دەیگرێ . بۆیە دەبێ ئایەیەتر بۆ ڕاڕایەکەی دارێژێ . ئەم ئایەی نوسیوو ووتی خوا ناردوویە (**یا نساء النبي من یات منکن بفاحشه مبتنه یضعف لها العذاب ضعفین کان ذلك علی الله یسیرا** ) واتا ئەی ژنانی پەیامبەر هەر کەس لەئێوە شەرواڵ پیسی بکا .

ئەوا سزای دوو بەرا بەرە . گەر شەرواڵ پیسیەکەی ئاشکرا بێ.ئەوجۆرە سزایانەش بۆ خوا ئاسانە.احزاب 30.

دەنووسن کە گوایە موحەمەد ستەم کار نەبوە . ئەم چوار ئایە بەڵگەن. کەستەمکارترین . بۆگەنترین دەرونی هەبووە. ئاشکرایە موحەمەد لە تەمەنی 63 ساڵیدا ئایشەیی بە 18 ساڵی کەلەلوتکەی هەرزەیدا بەجێهێلاو وتیشی کەنابێ دوای من کەس دەست لەژنەکانم بدا ستەم لەمە بەولاوە چی؟؟؟

ئەمانە تەنها ژنن بون . کەنیزە کۆیلەخۆشی نەیزانیوە چەندن . کەسەرجەم 145 بوون . حەسەنی کوڕی عەلی ووتویە.گەر موحەمەد دڵی لە هەر کەس بچوایە ئیتر کەس مافی داوا کردنی ئەو ئافرەتەی نەبوە . لەمارە کردن تەلاق دان سەرپشک بوە . چیرۆک زۆر گوتراوە دەربارەی مەحەمەدو ژننەکانی. جوولەکەکان ئەڵێن موحەمەد ووتویە دیمو ئازادیشم کرد . واتا هەرچیدیوە خیرا ووتویە دیم حەڵلیشم کرد . ئیتر کەس بۆی نەبووە . کەناوی ئەو ئافرەتەبهێنێ با مێرداریش بوایە.

خوێنەری خۆشەویست :

وەک ووتمان ئەوانە دەقی قورئانەکەن . ئەوانەش هەرکاتی هەوا شیعری هاتوە وتونی. داخۆ چەنەها ڕوداوی کە کەتاقەتی نەبووە ئەوا گوم بوون . هەروەک پێشتریش باسمان کرد . سەرجەمی ئایەکانی موحەمەد کە دایڕشتون , وەڵامێ بووە. بۆ ڕوداوێ , کەلەو سەردەمەدا ڕویداوە . جوولەکەکانی ئەوسای نیمچەدوورگەی عەرەب ووتویانە گەر هەرکەسێ لەپشتەوە لەگەڵ ژنەکەیدا ڕابوێرێ ئەوا فاوڵە.

ئەوا ئەو منداڵەی ئەو ئافرەتە دەیبێ خێل دەبێ . موحەمەدیش کە دەبیستێ. لەدژی جوولەکەکان ئەڵێ :(نساوءکم حر ثلکم فاتوا حرثکم ان شئتم ) واتە ژنەکانتان کێڵگەتانن , چۆن دەکێڵن بکێڵن (چەکوشی گاسنە کەتان کۆیی حەز لێ بوو ٬ با بڕوا ). سورە بقرە ئایەیی 223.دەگەیەنێ جولەکە چی دەڵێن بابڵێن سوار بن چۆن حەز دەکەن.

## گفتوگۆی بە قورئانکراوبەڵگەیی

سورەی الفاتحە کە بڕگەی یەکەمی سوپاسو ستایشە بۆ خوا (**الحمد لله رب العلمين**). گریمان قورئان لای خواوە هاتوە . ئایا ڕەووایە خوا سوپاسی خۆی بکا٬خوای زاناو داناش ؟یان خواکەی محەمەد سوپاسی خوایەتر دەکا کە هێشتا هەواڵیمان بەدەست نەگەشتوە . پاشان دێ . بڕگەی شەشەم . خوا ڕیگەی لێگووم بوەوداوای ڕیگەی ڕاست دەکا . اهدنا الصراط المستقیم. گەر خەڵکیش داوا بکەن ! هەر نەگونجاوە! چونکە ئەوەکاتە دەبێتە قسەی خەڵک .چونکە داواکەبە کۆمەڵە ! نە خوای تاکە تەنیا . زۆرجار وا دەزانم خەو دەبینم. 1420 ساڵەقورئان بونی نەبووە . تەنیا من لە خەودا قورئان دەیبینم .جا کوا وابوایە؟! تا بۆکەسم باس نەکردایە .

هەروەها موحەمەد بە جد ا بن قیس ئەڵێ ئەمساڵ15 کۆچی, لەگەڵماندا نایەی بۆ شەڕ دژی ڕۆمەکان. جد ئەڵێ بە موحەمەد : گەر ڕێگەبدەی من نەیەم نامەوێ توشی دووزمانی ببم . خۆتت دەزانی چاوم بەکچانی ڕۆمی بکەوێ خۆم پێناگیرێ . کابرا خۆی ناسیوە , پاشان زانیویە کەئیسلامو و شەڕەکانی, لەجەردەیوو تاڵان کردن ودەست درێژی بۆ سەر ژنانی کەسانی تر , هەروەها ماڵ وێرانکردن بەولاوە شتێ تریان پێنیە. بۆیەوای ووتتوە . هەروەها موحەمەدیش خوێنڕێژێکی سادیست بووەولێی ترساوە . بۆیەزۆر درێژی نەکردۆتەوە . بەڵام موحەمەد زۆردڵگران دەبێو ئەم ئایە گڕاویەی بۆ دادەڕێژێ (**و منهم يقول ائذن لي ولا تفتني الا في الفتنة سقطوا وإن جهنم لمحيطة بلكافرين** ) واتا ئەڵێن ڕێگەم بدەو توشی دووزمانیم مەکە.کەوتونە باوەشی دووزمانی, دۆزەخیش لەبەبێ باوەڕان پڕ کراوەدەورەدراوە . سورەی تۆبە ئایەی 49 .

سەرەتا موحەمەدو جد بەیەکەوە دەدوێن . چزوو جوبرەئیلی جولەکە گەشتە بێت المعمورو هاتیشەوەو تەلەفۆنی دەستیش وا زوو ئەو کارە ئەنجامنادا ؟ چونکە مەحەمەد خۆی ئەڵی کاتێ چوو بۆ ماڵی خوا لە بیت المقدس پشویاندا . ئاخر بیت المعمور دورە.ڕەنگە موحەمەدیش وە مایکڵ جاکسۆن هتفۆو تەلەفۆنی تێکەڵی پێ بووبێ . وەک ڕەشەباکەی خەندەق کەس نەیدیبێ!

هەروەها جد چەندەها جار بەشداری چەتەیی کردوە !
چونکە نایەوێ زیاتر چەتەیی بکا . سزاکەی دۆزەخە . چونکەناوەڕۆکی ئایەکە وا نیشان دەدا , کەپێشتر بەشداری شەڕی کردووە . نوێژیشی دەکردولە پەنا حەجەکەشدایە بوە .
بەشیکردنەوەی هەندێ ئایە زانیمان کە بەئاشکرا خودی ئایەکان گەواهین کە موحەمەدو دۆستەکانی نوسیویانە. وا هەندێ بەڵگەی تریش کە قورئان ووتەی هەڤاڵەکانی موحەمەدە .

ووتەی هەڤاڵانی محەمەد کەبووە قورئان

زانای گەورەی ئیسلام ( .**سیوطي؛اتقان**) پشتی ئەم بۆ چوونانە دەگرێت . بەڵکو خۆشی سەرچاوەیە .کە پرانیی قورئان بەڵگەن کە قسەی هەڤاڵانی محەمەدن .
1. کاتێ ژنەکانی موحەمەد ئێرەییان بەیەک دەبرد . کێشەیان بۆ موحەمەد دروست دەکرد. عومەری کوڕی خەتابیش دڵگران بووە , عومەر ووتویە :
1.( **عسى ربه إن طلقكن أن يبدله أزواجا خيرا منكن ) تحريم 5**) پاشان بو بە ئایەی قوئان. خودی ئایەکە بەڵگەیە کە وتیویە خۆزگا خوا تەلاقیدانایە.سەیووتی 131 .
2. **عبدالله** کوڕی عباس ئەڵێ : عومەر ووتی ( یانساء النبی لستن کاحد من النساء) احزاب 32 . کاتێ عومەر ئەم قسەی کرد! قورئان هێشتالەقاڵبی نەدابوو.
3.فتبارک احسن الخالقین. ووتەی عومەرە هەمان سەرچاوە ل131.
4.(**ویتخذ منکم شهداء**)ال عمران 140 . ووتەی ژنە ئیسلامێیەکە لەکاتی بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی کوشتنی مەحەمەدا ووتویە.
5.دیسان سەیەوتی ئەڵێ (ما موحەمەد الا رسول الله ) ال عمران144. ووتەی مسعبە . کە پەرچەمی ئیسلامی پێدەبێ . لەشەڕی ئوحودا دەستی ئاڵاکەی دەپەڕێ پاشان بەدەستەکەی تر ئاڵاکە بەرز دەکاتەوە . دیسان هەمان ڕستە دەڵێتەوە . پاشان دەستەکەی تریشی دەپەڕێنن . کەچی هەرهەمان ڕستە دەڵێتەوە. ما محمد الا رسول الله . کە هەردوو دەستی دەپەڕێنن . بەسنگی پەرچەمەکە دەگرێ , دیسان ڕستەکە دووبارە دەکاتەوە تا دەیکوژن . پاشان ئەو ووتەیەی مسعب بووبەڕستەی قورئان . کاتێ مسعەب ئەو ڕستەیەی ووتووە قورئان لەوجۆرە ڕستەی تێدا نەبوو . (سەیوتی ) میسریەکان فلیمێکیان دەرکرد بە هەمان مەبەست.
6.کاتێ ئایشەیان تاوان بار کرد . کە شەرواڵ پیسی کردوە . سەعد بن معاز بۆ پاکانەی ئایشە ئەڵێ :( **سبحانك هذا بهتان عضيم** ) ( نور 16 ) ئای لە تاوانە مەزنە . ناگونجێ خوا بەو مەزنیەی دانیشێ بیرکاتەوە کە بێتاواتیکیان تاوان بارکردوە . مەگەر خوا بۆ خۆی نالێ (**انه علم بذات الصدور' الزمر'7** ) خوا زانایە بەوەی وا لە ناو دڵو دەرونتانا ) کەی ئەوە گرفتە خوا گیرۆدەی بێ . ئەم قسە دراوەتە پاڵ زەید ' ابو ئەیوبیش . پاشان ئەوەش بو بە ئایەی قورئان .

7.عومـەری کـوڕی خـەتاب ووتویـە بـە موحەمـەد چۆنـە لەسـەر گـۆڕی ئیـبراهیم پەرستگاکەمان دروست کـەین ؟ موحەمـەد خـێرا ئەو ووتـەی عومەری کردە ڕستەی قورئـان . (واتخـذوا مـن مقـام ئیـبراهم مصـلي) ئەم ووتەیەی عومەریش دیسان بوو بە قورئان .بقره 125 .

7.سـرح بـن ئەبـی سـەردەمێ سـەرگەرمی نوسـینەوەی ڕێکخسـتنی قورئـان بـوو .جار جـارە پاشووپێشـی ئایەکانـی دەگـۆڕی بەپرسـی موحەمەد . ئەویش دەیگووت باشە . تـا ڕۆژێ سـەرح بەموحەمـەدی ووت : چۆنـە (والله عزیز حیکم) بکەین بە والله علیم حکـیم) موحەمـەد ووتـی : جوانـترە . پاشـان سـرح پرسـیاری لەخۆیکـرد : چۆن دەبێ ووتـەی خـوا بـە بۆچوونـی مـن بگـۆڕدرێ ؟ هـەروەها پـاش دەسکاری کردنـی چـەند ئایەیـە تـر، خـۆی پـێنەگیراو هـەڵاتو چـوە نـاو قورەیشـیەکان. لـەوێ دەسـتیکرد بـە بـەرەنگاریو ڕەخـنە گـرتن کاتـێ مەکـەگیرا ! . موحەمـەد لێبوردنـی گشـتی ڕاگـیاند وەک هـەموو دکـتاتۆرەکان . بەڵام سەرەح وچەندکەسانێ تر بەر لێبووردن نەکەوتن و سەریان بڕین .

تەنانـەت یەکـێ لـە هەڤـاڵەکانی موحەمـەد دەبـێژێ لـە کاتـی جەنگـی خەیبەردا قاچم بێئا گایانە بەر پوزی مەحەمەد کەوت . زۆرترسام ئایەیە دابەزینێ .

*قورئانەکان*

ئاشکرایە کە قورئان پاش مردنی موحەمەد کۆکرایەوە . موحەمەد هیچ کاتێ هەوڵی نـەدا قورئـان کـۆبکاتـەوە . سـەحیح بوخـاری ئەڵـێ : کاتـێ ئـەبو بەکـر لەشـەڕی یەمانـەدا دیتـی کـە ئەوانـەی قورئانـیان لەبـەر بـوو ووردە ووردە دەکـوژران . بۆیـە زەیـدی کـوڕی سـابتی بـانگـَ کـرد . کـە عومەری کوڕی خەتابیش ئامادە بوو. مەترسی لەناوچوونـی قورئانـی پـێ ڕاگەیاندیـادن . ئەبوبەکـر ووتـی : پێشـنیار دەکـەم تـۆ هەسـتی بـە کۆکـردنەوەی قورئـان ! زەیـد ووتـی : مـن چـۆن کـاری وا دەکـەم کـە موحەمـەد خـۆی شـتی وای نەکـرد . مـێژوو نوسـان نوسـویانە کـە تـەنها ( 5 ) کـەس قورئانیان باش لەبەربووە.

1.عەلی کوڕی ئەبوو تالیب .

2.زەید کوڕی سابت .

3. ئەبی کوڕی کعب .

4.معاز کوڕی جیل .

5.عبدالله کوڕی مسعود .

کاتێ زەید قایل نەبووبەوکارە هەستێ . بەدوای کەسانێکی کەدا دەگەڕان، کەقورئانیان لەبەربوایە . لەپڕ هەوڵی کوشتنی ئەویشیان دەبیست . المساحف .

ئەوەی ڕاستی بێ عەلی کوڕی ئەبوو تالیب لە پێش هەموو کەسەوە بیری لە کۆکردنەوەی قورئان کردۆتەوە. کاتێ موحەمەد مرد , دەورو بەر سەگەرمی بەشکردنی میرات بوون . بەلام عەلی دیار نەبوو . ئەوەبوو ئەبوبەکر هەڵبژێردرا بە جێگر ( خەلیفە ) . ئەبوبەکر بە عەلی ئەڵی : بیستومە کە نەفرەتت لە هەڵبژاردنەکەی من کردووە ؟ عەلی ئەڵێ : نەبەخوا .

دووبارە ئەبوبەکر ئەڵێ : ئەی بۆ دورە پەرێزی لێمان ؟

عەلی ئەڵێ : بەخۆمم ووت کە فەرمانی سەرشانی هەموومانە، قورئان کۆبکەینەوە. بۆیەبڕیارم دا لەنوێژ بەولاوە کارێ ترنەکەم. جگە لە کۆکردنەوەی قورئان . (الاتقان ل 203 ) سی ساڵ پاش هجرەت چل وسێ ساڵیش پاش یەکەم , ئایە قورئان کۆکرایەوە . چونکە هەرسێ جێگرەکەی موحەمەد ناحەزی عەلی بوون. هەرچیان کرد . نەیان توانی قایل بوونی عەلی و دۆستەکانی موحەمەد بەدیبهێنن . چونکە لەزۆرجێگەدا باسی دلێری عەلی کراوە لە قورئاندا . قورئانی ئەمڕۆمان کە ناوبانگی بە قورئانی عوسمانی دەرکردوە . نازناوەکانی کەبۆعەلی دیاریکراودەرهێنراوە. هەروەها عوسمانی کوڕی عەفان زۆر بۆچوونی خۆیشی هاویشتە سەر قورئان . بەوشێوەش قورئانی ناونوسکرد . کە خۆی ویستی . بۆیەش لەسەردەمی عوسماندا مل ملانێی گەورەو خوێناوی پەیدا بوو . لە سەر شێوەی خوێندنەوەی قورئان هەر ئەو هۆیەش بوو بە هۆی کوشتنی عوسمان . ( الاتقان , ل 209.)

عوسمان قورئانێکی لە ماڵی ئایشەی ژنی موحەمەد دەرهێنا . کەلە هەموویان باشتر دەخوێنرایەوەوبڕیاری دا کە هەمان قورئان بەهەمان زاراوەی قورەیشی بەگەم کرێ . چونکە ئەوکاتەو ئەمڕۆش هەرناوچەو زاراوەی خۆی هەبووەو هەیە . وەئەگەر هەرناوچەو بەزاراوەی خۆی قورئانیان بنوسیایە ئەوا واتاکانی ئایەکان دەگۆڕدرا . پاش بەگەم کردنی تەواو پێنج وێنەیان لەبەر نوسیەوەوعوسمان بڕیاریدا کە ئیتر تەواوی قورئانەکانی تر بسووتێنن . لەوەی خۆی پێنج وێنە هەریەکی دانەیە بۆناوچە ئیسلامیەکان یەکی نمونەیەکیان بۆ ڕەوانەکرێ . هەرهەمان ڕۆژ کەقورئان پەسەندکرا عەلیش قورئانەکەی خۆی بارکردە ووشترێ، تا بیتاتە مەیدان . کاتێ عوسمان بەمەی زانی خێرا ناردیە دوای. هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد . گەر نەگەڕێتەوە . پێشیان ڕاگەیاند . کەجیاوازی قورئانەکان دەبیتە هۆی شەڕو بەشێکی زۆری قورئان و ئیسلامیش لەناو دەچێ . عەلیش باوەڕیکردو گەڕایەوە ماڵەوە . ئەم قورئانەی ئەمڕۆ هەمان قورئانی عوسمانە .

## قورئانی عەلی

تـەواوی مـێژوو نووسـانی ئیسـلامی لـەو بـاوەڕەدان کـە, قورئانەکـەی عەلـی لـە هەموویان باشتر داڕێژراوە .
شتی نابەجێ و ئایە دژی ئایەی لێدەرهێنراوە. هەروەها ئەوئایانەی باسی پاڵەوانی عەلی دەکەن ماون . بەلام ئایا بۆ عەلی قورئانەکەی خۆی لەکاتی فەرمان ڕەوایدا نەچەسپان ؟ کە عەلی جێگەی عوسمانی گرتەوە .عوسمان وەک پاشایەکی دڕندە کۆمەڵێ تەڵەی نەتەقیوی لەپاش جێما. کوشتنی عوسمان ڕێبازی بزوتنەوە چینایەتیەکەی نەگۆڕی . بەڵکوو یەخەی عەلیشی گرت . شەڕوو ناڕەزایی 5 ساڵ فەرمان ڕەوایی , کاتیان نەدایە عەلی تا قورئانەکەی بە خەڵک بناسێنێ. تا بە دەستی ئیبن ملجم مراد ئەویش کوژرا .

## شەڕەکانی عەلی .

1.شەڕی جەمەل لەگەڵ ئایشەی ژنی موحەمەد .
2.شەڕی سەفوان لەگەڵ معاویە .
3.شەڕی نەهرەوان لە گەڵ خەوارج .

معاویە کەهەستی کرد , کە ورەی لەشکرەکەی بەرەو ڕوخان دەچی لەشەڕی سەفواندا . بڕیاری دا کە قورئانەکان بنێنیە سەر سەرە نێزەکانیان. تا قورئان دادگایان کا.
بەلام عەلی فەرمانی دا کە قورئانەکانی سەر سەرە نێزەکانیش بخەنە خوارەوە. ئەمەش بوەهۆی ناڕەزایی بەشێ لە لەشکرەکەی، عەلی . عەلی ووتی : ئەوەی بەسەر سەرەتیزکانەوەیە چەرمو , ئاویتەی (مرکەب) نوسینن.
من قورئانی قسەکەرم . قسەکانی عەلی بەشێ لە ئیسلامەکانی قایل نەکردو جیا بونەوەو شەڕیان دژی عەلی کرد . بەلام عەلی بەشێوازی جیا جیا باسی قورئانەکەی خۆی دەکا . تەننانەت لە (نهج البلاغه)دا باسی بۆچوونی خۆی کردووە .
هەروەها زانای باوەڕپێکراوی ئیسلام شێخ سدوق ووتویە کە ئەو قورئانەی ئەمڕۆ قورئانەڕاستە کە نیە . تەنانەت هەندێ زانایترش شێخ کلینی , سەیوتی , بخاری, ئەو جۆرە بۆچونانەپشت ڕاستدەکەنەوە ، کە باوەڕپێکراتریانن .

## قورئانی عبدالله بن مسعود

ئەم قورئانەش جیاوازی زۆرە لەگەڵ قورئانی ئەمڕۆمان .
**فصل بن شاذان** :ئەڵی قورئانەکەی بەم شێوەیەیە .
**1.بقرة .**
**2.نساء .** **18.سحبە .**

3 .ال عمران المص . 19.ق .
4.انعام . 20.طلاق .
5.مائده . 21.جائية .
6.ملاءكة . 22.يبارك الذي بيده الملك.
7.الذين كفروا . 23.تغابون .
8.حواميم . 24.حوارين .
9.مسبحات حم مؤمن . 25.قل ا وحي .
10.حم . 26.انا ارسلنا نوحا .
11.زخرف . 27.يا ايها النبي لم تحريم .
12.سجده . 28.اقربت الساعة .
13.احقاق . 29.سأل سائل .
14.جائيه . 30.هل اتي علي الانسان .
15.انا فتحنا . 31.اذا الشمس كورت .
16.سبح . 32.اذا السماء انفطرت .
17.تتزيل . 33. هل اتي حديث الغاشية.

سەرجەمی ئایەکانی (110 ) یەن .
1.جیاوازی ناونیشاکانیانی ئایەکان دوورو درێژ .
2.دوو سورەی سوجدە تێدایە .
3. دووسورەی حوامیم, مسبحات تەنیا لە قورئانی عبدللە دایە ولەهیچ قورئانێکی کەدانیە .
4.هەندێ لەسورەکانی عبدالله جیاوازی زۆرە لەگەڵ قورئانی ئەمڕۆمان .بۆ نونە سورەی (والعصر) زۆربە دەزانین چۆنە . بەڵام لە قورئانی عبدالله بەم شێوەیە .
(و العصر لقد خلقنا الانسان و انه فيه الي اخر الدهر الاالذين آمنوا وتوصوا بلتقوي و تواصوا با لصبر.

## قورئانی ئەبی بن کعب

دووبارە **فصل بن شاذان** , ئەڵێ : یەکێ لە هەڤاڵانمان .کە جێگەی باوەڕمانە لای موحەمەد بن عبدالمک الانساری قورئاتیکی دیوە . ووتویە :کەلە باوکیەوە بۆی ماوەتەوەو پشتاو پشت گەشتۆتە دەستی ئەو . نزیک گوندی النسار نزیک شاری بەسرا. قورئانی ئەمیش بەم شێوەیەیە .
**1.فاتحه . 2.بقرة .3.نساء .4.ال عمران .5.انعام .6.اعراف .7.مائدة .8.انفال .9. داود .10.طهار. 11 .انسان .12.نبي .13.وهي اهل الكتاب .14.الم يكن اول مكان** . بەکورتی سەرجەمی سورەکانی ناگاتە 116 . وە چەند سورەیەک وەک (داود, نبی,**طهار** .بەهیچ شێوەیەک لە قورئانی عوسمانیدا بەدیناکرێ . الفهرست ابن نديم ل 46 .
هەڵبەت نوسراو زۆرن دەربارەی جیاوازی قورئانەکان لێرەدا (7) یان ناودەبەین .

1.جیاوازی لەسەر قورئانی خەڵکی کوفە, بەسرە, نووسینی کسائی .
2.پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئان نووسینی خخەلەف.
3.پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئانی خەڵکی کوفە , بەسرە, شام . نووسینی فراء .
4.پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئان نوسینی ابن داود سجستانی.
5.پەڕتوکی مەدائنی لەسەر جیاوازی قورئان نوسینی مەدائنی .
6.پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئانی خەڵکی , شام , حجاز , عێراق. نووسینی عامر احسبی .
7.پەڕتوکی جیاوازی لەسەر قورئان , نوسینی عبدالرحمن ئەسفەهانی .
کەواتە دەبینین کە هەزارەها ڕووپەل نوسراوە لەسەر جیاوازی قورئان.

## سەرئەنجام

دۆستی هێژا هیچ لات سەیر نەبێ محەمەد بە کۆمەڵێ قسەی هەڵبزڕکاو ' جیهانی خەڵتانی خوین کردودەکا .وا چواردە سەدەش تێپەڕی کەچی هێشتا ئایەکان زیندانی بیری مرۆڤن؟! ڕژێمی پاشایەتی ئینگلیز کە خۆری لەدەسەلاتی ئاوانەدەبوو. بە لە خشتە بردن ڕەشووڕوت توانی ئەو کارە ئەنجامدەن . بەلام ئەو سەربازەی کەلە شوێنەجیا جیاکانی گەردووندا کوژران چیان دەست کەوت؟ڕەنگە جێگە نەمابێ سەربازی ئینگلیزی تێدا نەکوژرابێ ؟! تالانیەکانی ڕژێمی پاشایەتی ئینگلیز تەنها بۆ بنەماڵەی پاشابوو.گەر تالانیەکاییش بە بەرانبەری دابەشی سەر سەربازەکانیش کرایە؟ئەوساش تالان کراو مافی بەدەست دەبوو ڕۆژی تۆڵەی خۆی دەستاند.وەک دەبینین دەبیستین ' هەمیشە گەلانی چەوساوە لە کۆششدان بۆ ستاندنەوەی مافەکانیان .ژانی پاشایەتی گەلی ئینگلیز تا ئێسقانییان گەشتوە .کەچی ئێستاش نەوەکانی پاشا لە بەرێزتین ئاستی کۆمەڵدان کەشایەنی نین .کاتێ چارس دیانای ژنی خۆی بە پیلان کوشت ' تاڕەگەزێکی کە تێکەڵ خێزانی پاشایەتی نەبێ !وا ساڵێ تێپەڕی بە سەر کوشتنی دیاناکەچی هێشتا گرنگی خۆی ماوە لەناو ڕۆژنامەکاندا . هیتلەر بەهەڵبژاردتیکی پڕ بەپێستی دیمکراتیانە بوە فەرمان ڕەواوجیهانی هێنایەگریان. بەرلەسکۆنی بەهێزی چوار پێنج تەلەفزیۆنی سەتەلایت'بە فرووفیشاڵ بووبە سەرۆک.کە ئیتالیا یەکێکە لە وولاتە پێشکەوتووەکانی ئەمرۆی جیهان.ئەورووپی یان ئەمەریکی لەو ولاتانەن کە لە لەڕووی تەکنەلۆجیەوە جێگەی شانازی مرۆڤن.هەڵبژاردنی ڕەواش ئەنجام دەدەن بۆ ڕابەرایەیەتی پارتێکیان لە وولاتەکەیاندا .کەچی بە تەواوی ئازادیەوە دەنگ دەدەن بۆ چەوسانەوەی خۆیان !ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەر باسی ناکرێ! ناوەندی ئاماری سوید ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی سەر سەرهێنەر ئاگایان نە لە

پەرلەمانە وەنە دەزانن پەرلەمان چی دەکا.وەنەدەزانن دەنگیان بۆ چی داوە! بۆ نمونە پرسیاریان کردوە لە ناوبازاڕیەکان ‘کەئایا دەنگی داوە بۆ چونە ناو E U ؟ووتویە بەڵێ. بۆ ؟ نازانم .هەمان دەستور کەسێتر ووتویە کە نەخێر دەنگی نەی دیداوە.گوایە سوید نەچێتە EU وەوە.دیسان پرسیاریان کردوە بۆ نەچێ؟نازانمێکی بچکۆلە وەلام بووە.

بەڵگەیەتر سەدام حسێن ‘ئیمەگەر وابزانین سەدام حسێن تەنها دژمنی گەلی کوردە؟ئەوا لە بنی پێمانەوە تا تەوقی سەرمان هەڵەین .سەدام چەندی لە کورد کوشتوە ؟دڵنیاین چواربەرابەر عەرەب.ئەوەش خەسڵەتی فاشیەکانە.کەواتە تێدەگەین کە تەنانەت دەتوانین بڵێین کە خێزان نەماوە تووشی ستەمی سەدام نەبووبێ ! شکی تیانیەکە تەواوی نەک ئێراقی بەڵکوو مرۆڤایەتی دەزانن کە سەدام دوژمنی سەرجەمی بوونە‘نەک تەنها کورد .کەچی هەزارەها دەهۆڵژەنیهەیە! سەدامیش‘بۆیە توانی زیاتر لە سی ساڵ خوێنی گەلانی دانیشتووی بەناو عێراق بمژێ! کەواتە تەنها نزمی ئاستی ووشیاری نیە کەمحەمەدیەکان تونیان گەلان لە خشتەبەرن ! مارکسیەکان بەڵگەی ناوێ ووشیارترینن .کەچی تا شێخ لە مۆسکۆوە نەی ووتایە حەی‘دەروێشەکان نەیان دەوت ئۆخەی. ئیتر کەی هونەرە محەمەدو قورئانە جادوویەکەی پاش 1400 هەر زیندوو بێ؟

ئیسلام و ئاینەکان دژی ڕۆشنبیروو پێشکوتنن.

گالیلۆ لە دایکبوی 15 ‘فێبریوەری 1564 ز مردنی 8 جەنیوەری 1642 ز توێژێنەرێکی ئیتلیایی بوو ‘ کاتێ کەسەلماندی زەوی خڕە. کڵێسا بەزیندانی هەتا هەتای سزایاندا .پاش ئازاد بونیشی دەست بەسەر بوو هەتا مرد. بەمەرجێ بیردۆزەکانی گالیلۆ سەرجەم فاکتەریبون .کاری کڵێسا گەشتە ڕادەیە بە زیندوی لەم گەردونەماندا دۆزەخیان بۆ مرۆڤە ووشیارەکان سازدا . بەناوی جادوگەریەوە .هەرکەسیش پەی بە زانستی بردبا دەسوتێنرا . هەمیشەش هەوڵیان دەدا ‘ کە خەڵک چاونەکاتەوەو بەکوێری بێننەوە . چونکە باش تێگەشتبون ‘ ووشیاربونەوەی خەڵک ‘ پوکانەوەی جادوی باوەڕە بەئاسمانیکراوەکانە .نانیان دەبڕدرێ. لێشاوی ئیسلامیش کە سنوری خۆی بەزان. بەرەو دەرەوە. گەشتنەمیسری کۆن. کە گەورەترین پەڕتوک خانەو کەلەپوری جیهانی کۆنی مرۆڤ بوون ‘ هەمویان هەڵڕێژایە ڕوباری نیللەوە. لەسەردەمی خەلیفەی دەومی ئیسلامدا چونکە نوێنەری ئیسلام عومەری کوڕی خەتاب ووتی: کە خوا خۆی پەڕتوکێکی بۆ ناردوین‘ ئیتر پەڕتوکەکانی تر هی بێباوەڕانە . ( ( هەروەها کوڕی سینا (ا بن سینا ) کە سەرجەم 1000 پەڕتوکی نوسیوە. زیاترینیان دەربارەی پزیشکی . وە بە دامەزرێنەری بناغەی پزیشک دەژمێردرێ. کۆنەپەرستەکان بە دەرچوو لە دینیان لە قەڵەم دەدا .گەر بە پێی قورئانیش ڕفتارکەین. ا بن سینا لە دین دەرچوە. چونکەقورئان ئەڵێ هیچ شتێ بێ

فەرمانوزانستی خوا ئەنجامنادرێ .هەرچەند پاشان ئەولێشاوە ئیسلامیە کەنەیان توانی بەری هێرشی زانست بگرن . بوە سەرچاوەی نەشونمای زانست بۆ ئەوروپیەکان . (مێژووی سەدەکانی ناوەراست د حوسەینی خەلیقی ل87 ‘89 )
هەروەها پەرتوکخانە گەورەکەی ئێرانیشیان سوتان کە ئەویش سەرچاوەی کردنەوەی هەزارەها گرێکوێرەی مێژووبوو .
زۆربەی هەرە زۆری باوەرەکانی کە دەهولژەنان وایان لە خەڵکی رەشوورووت گەیاند کە لە ئاسمانەوە هاتون بوپاراستنی بەرژەوەندی تایبەت بەولاوە شتێ تر نین بەتایبەتت باوەری ئیسلام لەجەردەیوو تالانوو, دەست بەسەراگرتنی ژنانی کەسانی تریان بۆ بەجێ نەهێلاین . هەروەها دیمان کە قورئان لە 10 ئایە زیاتر باسی پەرینی موحەمەد دەکا . بۆیەش ئەوناوچانەی ئیسلامین, هەمیشە لەناو تارمایی گێرەو کێشەی سەیروو سەمەرەدا دەژین. وێرانستانەکەی خۆشمان بەشی هەرە گەورەی لەوپەلە رەشە بۆگەنەی رۆژگارە تاریکەکانی مێژووی بەرکەوتووە. بەڵکوو یەکێ لە هۆ سەرەکیەکانی دوا کەوتویشمان دینە بۆگەنەکەی ئیسلامە. هەرلەدەوورو بەری شارۆچکەی دەربەندیخان چەندەها شەری خوێناویو جەرگ بر رویداوە کە سەرچاوەکەیان دەگەریتەوە بۆ باوەری ئیسلامی .نمونە چەند ریبوارێ رووەدەکەنە گوندێ کەشەرە تەقەی تێدابووە. لە کیژێ دەپرسن کەهۆکاری تەقە چییە؟
کیژەکە ئەڵێ: بەخوا نازانم یەژنن من یان گاگە .ئەوکیژە کاتێ ئەو قسە دەکا 9 کەس کوژراون .لەگوندێ کەی بەرامبەریان , نزیکەی 30 ساڵە دووبەرە لە یەک دەکوژن لەسەر ماچێ !! شاعیرێکیش ئەڵێ:
سەیر نیە
لێوانی تۆ لەسەر ماچێ سوتێنرابێ؟
لێوانی من
بەسوراویش
وەک لێوانی تۆ سورنابێ !
بەداخەوە کە ناوی شاعیرەکەم لەبیر نەماوە. موحەمەد خۆی ئافرەتت نەما نەپەرێتە کۆلی کەچیی لاوانی ئیسلامی سەرجەمم تووشی تاسانی سێکس کرد .
هەرهەمان هۆشە کەکورو کچی لاوی ناوچە ئیسلامیەکان.زۆرلەدواوەی جیهانی سێکسی رەواوەن .بۆیەش گەنجی ئیسلامی خەو بە ئاکسۆزی ئۆتۆمۆبیلەوە دەبینێ .
سەرجەمم . هەرهەمان هۆشە لەوناچانەئازادی تاکە کەسی رەوانەی زیندانی ئایەکان کراون.
سریەیی نەخلەش باشترین بەڵگەیە کە ئیسلام بۆ پرکردنی وورگ دەبێ کەسانیتر لەناوبەرێ . تالانیش بە دەست کەوت ناوبرێ بۆیەش بەشمشێرەوەگشتنە ئیسپانیا . بۆ رزگاکردنی رەشوو روت نەبوو . ستەمیان لەناو نەبرد بەڵکو

بەپێچەوانەوەستەمیان سانا تر کرد. چونکە باوەڕەکە وایە . دوا ووتەی موحەمەد ئەڵێ ئەمرۆ باوەڕەکەتانم تەواو کرد. ئەی ئەوو هەموو خوێن ڕشتنە بۆچی؟؟ باوەڕەکە تەواو بوو ! ئایا ستەم, کۆتایی هات ؟ ئیسلام وەک گڕکانی هەڵچوو وەک گڕکانیش دادەمرێتەوە.ئەوروپیەکانی کە بونەتە ئیسلام ئێستا هیچ پەیوەندیەکیان بەئیسلامەوە نەماوە جگە لە ناوەکەیان.چونکە نزکن یان ژیانی شارستانیەتیان ناتوانێ قایل بێ بە دەستووری 1400 ساڵ لەمەوبەر. دەزانین کەئیسلامووسەرمایەدار تەواو کەری یەک زەلکاون . عومەری کوڕی خەتاب کەمرد. هیچی لە پاش بەجێ نەما . بەلام پێش ئیسلام بوونی جللی 40 دیناری لەبەر دەکرد . تەلحە یەکێ لە دۆستەکانی موحەمەدە پێش ئیسلام بون هەژاربوو.هیچی نەبوو ! بەلام کە مرد (30000) دیناری لەپاش جێما.پلوس (100) کیسەی چەرم زێرو خشڵ . مەحەمەد وەک زانیمان هیچی نەبوو.بەلام کەمرد سامانی هێندە زۆربوو, نەدەژمێردرا . ئەبوو بەکر بە ناچاری دەستی گرتت بەسەر هەندێکیا بە ناوی پارەی دەوڵەت 'چونکە بۆیان کۆنترۆڵ نەدەکرا. بەلام ئیسلام ویستی هیتلەر ئاسا.لەبەر هەرهۆیەک بووە گرنگ نیە گرنگەبزانین کە مەحەمەدیش نازی ئاسا جولەکەی بەباشترین گەلی سەرڕوی گەردوون داناوە.

(يا بني اسرائيل اني فضلتكم على العالمين) مانگا 47.

هیتلەریش دەیووت گەلی ئەڵمان باشترینین. کەچیی ئەمرۆ بە پیلانی ئیمپریالیزم گەورەترین ناکۆکی لەتیوان ئیسلامووجولەکەدایە .

گەر زیاتر قوڵتر لەقورئان ووردبینەوە, زیاتر بەرەو پارتێکی ناسیۆنالو تیرەگریمان دەبا .ئەبوو سوفیان سەرسەخترین دوژمنی موحەمەد هەتا دوا توانای شەڕی کرد دژی ئیسلام , پلوس هندی ژنی کە جەرگی هەمزەی دەرهێنا . موحەمەد بەخشی چونکە ئامۆزای بوو.

بەلام یەهودیەکانی نەبەخشی کە بە باشترینیانی ناوبردوە ,

چونکە نەتەوەیەتر بوون (1000) ی لێ سەربڕین وەک بەرخ .

ئیسلام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێ, چونکە بیرێکی سەردەمە تاریکەکانی ژیانن .

گەر سەرنجێ بدەینە هەندێ وولاتت کە تازەترین بەهەرمی تەکنەلۆجیایان هەیە بەلام سیستەمە فەرمانڕەواکە هیچ جیاوازیەکی نیە لەچاوو ڕۆژگرەکانی موحەمەدا . ئێستاش قاچ و دەستی دز دەبڕدرێ لە عەرەبستانی سعودی کە دەقا دەقی بڕیارەکانی قورئانن . هەروەها دزراوی بەندەکانی حامورا بیە. چونکەباوەڕی ئیسلام ڕیگری بەردەم نەشوونمای وشیاریە.ڕا سگۆترین ئیسلام ئەوانەبون کە کە دژی ئەوهەواڵەی بلاوکرایەوە کاتی خۆی کە یەکەم جارم ووتیان مرۆڤ گەشتە سەر مانگ . نوسەری (الاستنساخ البشری ' سادق جعفر ا لحسن ) بەناڕەوا ئایەی قورئانی دەکاتە بەلگەی هاوبیری زانست . (ما نسخ من ايه او ننساها نات بخير منها ' بقره 106 ) واتە ئایە ناسڕینەوە' لەبیریشیان ناکەین.

بەڵکو لەوان باشتر دینین.کەر لەکوێ کەوتوەو کونە لەکوێ دڕاوە. سەرەتا محەمەد ئەو دیڕونیوەی بۆ وەڵامی جولەکەکان ووتوە ! کاتێ ڕەخنەیان لە محەمەد گرتوە ووتویانەکە ئایەکان لە بەرگیراوەی پەڕتووکەکۆنەکانیترن ‘یان دژی یەکترین . ئیتر کەی پەیوەندی هەیە بۆ لەبەر گرتنەوەی یان کۆپی کردنی بەرخ دۆلی وپۆلی یان مرۆڤ؟ جگە لە خشتەبردن!؟ تا نەڵێین ئیسلام سەرچاوەی دواکەوتویە! هەرهەمان باوەڕەیشە کە مرۆڤ تووشی دوالیزمی دەکا.لە لایە هێشتا لە ئەندێشەی ئیسلامی ڕزگاری نەبووە.کەچیی دەخواتەوە.دەچێتەلای ئافرەت نا ئیسلامی.کەسزاکەی زۆر گەورەیەلای ئیسلام. تورکەکانی ئەڵمانیا بە حجابی ئیسلامیەوە مەی دەفرۆشن ‘ لە سەربڕگا (قەساب ) ی بەراز کار دەکەن ! لەکاتی نەگونجاویشدا ئەوەی کەناکرێ دەیکەنن. یارمەتی سۆسیال کە بۆ ئەو کەسانەدیاری کراوە کە بێکارن لە ئەورووپاو چەندشوێنێ تری دنیا . قازایجی مەیە,سۆزانیەت , گۆشتی بەراز . زۆرشتی کە لایەنن ئیسلامەوە تابووکراوە .
ئیسلامەکانن لەو پارە دەخۆنن . دەش زانن کەچی بەو پارەش دەچن بۆ حەج . پرسیش لەمەلاکان دەکەنن .مەلاکان ئەلێن : تابوو نیە!
هەروەها کەسانی بێکار کە داوای یارمەتی کۆمەڵایەتی دەکەن . سوێندیان دەدەن بەشەرەف ‘ویژدان Heder och samvete زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامەکان لەژێر ئەو دوو ووشە ئیمزا دەکەن . چونکە محەمەد گەلانی ئیسلامی ناچارکردوە کە هەمیشە لەگەڵخودادا لە کڕین فرۆشتیدا بن‘ ليلة القدر خير من ألف شهر(3قدر) واتا: کارەکانی شەوی قەدر بەرانبەر هەزار شەوە.بۆ شەوی قەدر جیاواز بێ لە شەوانیتر!؟
بەواتایەتر یەک شەوی قەدر نوێژوو ڕۆژوو بگری بە 83 ساڵ بۆت دەنووسرێ! ئیتر هەرگیز بە ئاگر ناسووتێنرێت! هێشتا 4 مانگیش زیادەیە! واتا دوو ساڵ لەسەر یەک مرۆڤ لە کەمیندا بیی بۆ قەدر بە 166 ساڵ گوێرایەڵی دەنووسرێ.ئەمەیان بابەتێ ترە وەلی شایانی ووتووێژێکی بێسنوورە! کە بە تەنها دوو شەو سەرجەمی داواکاریەکانی خوای محەمەد مان لە کۆڵ بێتەوە!چونکە سەرجەممان هەر 83 ساڵ دەژین ڕەنگە کەمێ زیاتر یان کەمتر .کەواتە داخوازیەکانی خوامان ئەنجامداوە ‘بە تەنها دوو شەوو!واتە: مرۆڤ هەمیشە لەکڕین وفرۆشتندایە لەگەڵخوا!
کە سوێند بە شەرەف ناموس دەخۆن کەچی ڕاستیش ناکەن , بەڵکو کاری ڕەش دەکەن . تا دووبەرا بەر پارە دەستخەن. هەڵبەت ئەوەش گوناهی سیستەمی سەرمایەداریە چونکەئەو یارمەتیەی کارەی کە وەردەگرێ کەمە بەشی پێویستیەکانی ناکا.
مرۆڤ ناچارە کە هەڵپەکەبکا. ئاشکراشە دەبینین دەبیستن ڕۆشنبیران زۆربەی هەرە زۆریان, باوەڕیان بە هیچ دینێ نیە . بەتایبەتت ئەوانەی بەدوایدا چون .وە چونەتە سەر سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی دین .جگە لە ئەوانەی دینیان کردۆتە سەرچاوەی ژیانیان لە سەر ڕەنجی شانی ڕەشوو ڕووت.ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆر

ئیسلام ڕویانکردۆته ئەوروپا‘ئەوەی ناکرێ ئیسلامەکان دەیکەن.کەچی محەمەد ئاسا سەرپۆش بە ژنەکانیان لەسەر دەکەن.یەکێ لەوانەی بە گەرمی پاڵپشتی دەکردم بۆنوسینی ئەم پەڕتوکە‘لە من ئەتایستترە.کەچی لای ژنەکەی بەڕۆژوە‘لە گەڵ منیشدامەی دەخواتەوە.لە هەمانکاتی بەڕۆژووی ساختەدا.

زانیمان سەرەتا مرۆڤ کێوی بوو‘پاشانماڵی بوو . بوو بە جوتیارو کەوتە بەرهەم هێنان . پاشان بت پەرست و دار پەرست دواتریش خوا پەرست . بەردەوامیش ڕشتنی دەریای خوێن بۆ بە دەست خستنی سامان و پایە.ئەمڕۆش تەکنەلۆجیاو تەکنیک . بەڵام جەوروستەم نەبڕایەوە!جێگری (خەلافەت) نەما دەبینین ناوچە ئیسلامیەکان پەرتە وازە بوون‘ زیاتر لە 30 وولات پێنج شەشە ڕێبازی جیاواز‘سنی ‘ شیعە‘حەنەفی‘حەنبەلی‘شافعی....بەلوعە ‘ هتد . دوا قۆناغیشیان کۆماری ئیسلامی ئێرانە.وا ووردە ووردەش کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەوو بەکلتوری بوون دەچێ! هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئێران دوا پەلەقاژەو دوا قۆناغی ئیسلامە! ئاشکراشەکە باوەڕوبەڕا بەرکردنی ئیسلام تەنها لە وولاتانەدا دێتە دی کە داکەوتووترینن ‘ئەفغانستان‘ چیچان ئێران بەڵگەی زیندوون . بەڵام ئێران چونکە بناغەیەکی زانستی هەیە. دەبینین زۆر بە پەلە توند ڕەوە مەزهەبیەکانی ئێران بەرەو ڕیسوایی دەچن ! سەرهەڵدانەوەی ئیسلام هەرگیزە . هەرگیز ئەمڕۆ هیچ کام لە ئێمە قایل نابێ کچی نۆ ساڵانەی بداتە پیرە مێردی وەک محەمەد .

هەرچەند ستەمکاران هێشتا لە ترۆپکدان‘ بەڵام وەک دەبینین جەورو ستەم بەرەو لاوازی دەچێ ئەوەتا تەواوی ئەوروپای ڕۆژئاوا پە پێی بڕیارەکانی دادگا ناتوانن تاوانبارترین مرۆڤ لە داردەن ! بەڵام هەر لەناوەڕاستی ئەورپای ڕۆژئاوادا 66 ساڵ پێش ئەمڕۆ هیتلەر 5 ملێون تەنها جولەکەی بە گاز خنکان .چونکە ژیانی ئەوسەردەمەش مرۆڤەکانی تریان بەسوک تەماشا دەکرد‘داخوازیەکانی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرا .ئەمڕۆ ڕێگەی ڕەخنەو گلەیی کراوەتەوە ‘ ئەوکەسانەتاوان بارنین چیتر کە ڕەخنەدەگرن .

بەڵام خودی محەمەد کە ڕابەری ئیسلامە کعب بن زهیر ‘ا بو عفک‘ عساء کچی عمیر‘شاعیر نووسەری ئەو سەردەمەی عەرەب بون. ڕەخنەیان لە ئیسلام دەگرت بە شیعر ‘تانە بە فەرمانی محەمەد ترۆر کران . (ئیسلام ناس د.شریعەتی) . ئیتر ئیسلام کەی دەتوانێ لەگەڵ سەردەمدا هەڵکا ؟

ئەو ڕۆژە بەسەرچووە(تبت یدا ابی لهب وتب) سورەی مسد ئایەی .بە ووتەی خوا تێبگەین .چونکە ئەو ئایە دوعایە گوایە خوا دوعا ی لە ئەبوو لە هەب کردوە‘ لەگەڵ دەها ئایەی تری هەمان دەستوور.وەک دەزانین بە پێی قورئان خوا خاوەن هەموو دەسەڵاتەکانە‘کەس لە سەروو ئەوەوە نینە.ئیتر مرۆڤی وشیار بە جۆرە ڕستانە لە خشتە نابرێ ‘ گەر مەبەستی لە خشتە بردنی کەسانی تر نەبێ !

هەروەها مرۆڤی ڕوودا بین ناتوانێ باوەڕکا سورەی فاتیحا ووتەی خوابێ ؟ چونکە ناوەڕۆکی ئایەکە سوپاسە بۆ خوا ‘کە بەڵگەیە ووتەی خودی محەمەدە نەک خوا .چونکە دواتر محەمەد داوای ڕێگای ڕاست دەکا .دەزانین خوا خۆی شارەزایە‘پێویستی بە ڕێنما نییە؟

ئەورۆژەش بەسەر چوە کە باوەڕکەین ڕوداوی کەشتی نوح بەداوای نوح ‘ لەسەردەمی نوحدا ڕویداوە.کە تەرواتو قورئانیش پێدادەگرن‘ لەسەر ئەوەی کە لە سەردەمی نوحادا ڕووی دا بێ . چونکە فاکتەری مێژووی بۆی سەلماندین کە ئەو ڕوداوە لە پێش نوحدا وەک ئەفسانە دەماودەم گێڕدراوەتەوە . بەڵکوو ئەرکەلۆگ جۆرج شمس لە میسۆپۆتامیا تابلێتی دۆزیەوە ساڵی 1872 کە باسی هەمان ڕوداوی نوح دەکەن کە مێژویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ژیانی نوح (ڕابوون‘ژ12 ساڵی 94 ل65 ).

هەروەها زانیمان بە پێی قورئان و ئینجیل و تەورات کە ئادەموو حەوا لە میوەی تابوو کراوی بەهەشتیان خوارد‘خواش لێیان زیز بوو‘ پاشان دەریکردن بۆ سەر زەوی ئەمرۆمان‘تەواوی مرۆڤایەتیش نەوەی ئەوانن. بەڵام زانستی D N.A سەلماندی کە مرۆڤ یەکێکە لەنەوەکانی ڕەگەزێکی مەیمون کە زانستی D N.A بێ شکوو گومانە. ئەنجامەکانی ناتوانین قسەی تیا بکەین بە هیچ شێوەیە ILUSTREAD VETENSKAP ژمارە 2 ساڵی99.ئیتر گەزی چیو جاوی چی؟

ناوەڕۆک


1.تۆراخاندنی مێژوو.
2.باوەڕەکان بەگشتی.
3.نیمچە دورگەی عەرەبی پێش ئیسلام.
4.کەعبە.
5.محەمەد بە ڕەفتاری عەرەبە نەزانەکان قایل بوو.
6.لە دایک بوونی محەمەد.
7.زیرەکی محەمەد.
8.دانانی بناغەی ئابوری.
9.ئایەدژی ئایە.

10.قورئان تەنها بۆ مەکە هاتوە.
11.بێ دەسەلاتی محەمەد.
12.بێ ئاگای لە جیهان.
13.مەی نۆشی.
14.خواو شەیتان.
15.ئەلکساندەری گەورە.
16خوا لە شەڕدا.
17.چەندبارەی کردنەوەی ئایەکان.
18.قورئان کۆپی پەڕاوەکانی ترە.
19.قورئانی عەرەبی ووشەی بیانی.
20.محەمەد ژن.
21.تابوو کردنی ماریە قوتبی.
22.گفتووگۆی بە قورئانی کراو بەڵگەی.
23.ووتەی هەڤالانی محەمەد بوە بە قورئان.
24. قورئانەکان .
25. سەرئەنجام.
26.سەرچاوەکان.

سەرچاوەکانی کەڵکی لێوەگیراوە

1. 23 سالْ رسالت     عەلی دەشتی .
2. قران سرودوای بسبک فارسی. حسن عباسی .
3. از میترا تا محمد.   حسن عباسی .
4. ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواری ،شەهید عبدالخلق معروف.
5. محمد پیغمبری کە از نو باید شناخت وەرگێڕانی زبیح الله منسوری .
6. گۆڤاری دلانپار ژ 3.4 سالی 1995 .
7. قصص السیرة ( 22 ) محمد موفق سلیمە .

تەها حمە حمەئەمین هەڵەدنی

لەندەن.10،11،1998

نێوپەڕتووک:ڕیشەی قورئان
نوسینی: تەها حەمە حەمەئەمین هەڵەدنی
ئۆکتۆبەری: 1999
چاپی:یەکەم
چاپخانەی: نووسەر1999
بنکەی شەهید عەبدل خالق مەعروف
I.S.B.N 91-630-8630-1
Amin Taha

**Tel 0046 70 2184519**
haladni@telia.com **E-Post**
ahurat@hotmail.com E-post

## مژدەی ئاینده

ڕێزامانی کوردی وقورئان,
تۆژینەوەیەکی نۆژینە،دەدوێ لەسەرەتاو کۆتای نووسینەوی قورئان.هەروها ڕیشەو ماناو مەبەستەکانی قورئان.چۆتیتی نووسینەوەی.هەروەها وەلامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە کە ئایا خوا ئێمەی دروست کرد،یان ئێمە خوامان دروست کرد؟هەروەک ئاشکراشە قورئانی سەرەتایی خاڵی(.) تێدانەبوە،بەڵکوو پاش دەوروبەری 80 ساڵێ پاش مردنی محەمەدی کوڕی عەبدوڵا لەسەردەمی یوسف بن سەقەفی بە هاوکاری ابن وەحش کەڵکیان لە ڕێزمانی کوردی وەرگرتوە بۆ تەواو کردنی قورئان.واتا جیاوازی نەبوە لە نێوان (ق ،ف)(غ، ع)(ح ،ج)(ز،ر)(س،ش)(ن،ت) هتد.هەروەک چۆن کاریگەریترین چەکی کۆن تیروکەوان بوە.ئەمڕۆش نەوەویی هەیە!؟بەواتا یەتر عەرەبەکان خۆشیان لە بەرهەمە نووسراوەکانیان نەگەشتوون،چونکە پیتەکانی کە هەیان بوە،ناتەواو بوون.واتای تەواویان نەداوەتە دەست.

*(ماخۆلانی خیانەتی خێڵ)*